سەرپەرشتیاری پرۆژە: جەبار سابیر

جێگری سەرپەرشتیار: ئارام سدیق

# ناوی کتێب: حەرامترین
# نووسەر: عەلی پێنجوێنی
# بابەت: کۆمەڵە چیرۆک
# تایپو هەڵەبڕی: نووسەر
# بەرگ: سالار مەجید
# تیراژ: ١٠٠٠ دانە
# چاپ: چاپی یەکەم(٢٠٠٨)
# چاپخانە: یاد بازاڕی سۆز
# سەرپەرشتیاری چاپ: ئاسۆ پێنجوێنی
# ژمارەی سپاردنی (١٠٠٦)ی وەزارەتی رۆشنبیری دراوەتێ.

**لەچاپکراوەکانی پرۆژەی کتێبی یانەی قەڵەم**

**زنجیرەی ژمارە(٢٤)**

ناونیشان: یانەی قەڵەم، سلێمانی، سابونکەران، بینای هەورامان نهۆمی سێهەم. ژمارەی تەلیفۆن: ٠٧٧٠١٥٧٥٧٢٦

- بۆ باپیرم ئەو پیاوەی زۆر زەحمەتە لەبیرم بچێتەوە

چیرۆک

# حەرامترین

عەلی پێنجوێنی

٢٠٠٨

# پێڕست

شەوێکی کوژراو........................................ ٩ تا ١٨
ئەسپی باڵسور........................................ ١٩ تا ٣٦
تاخوا بێتاقەت دەبێت........................................ ٣٧ تا ٨٢
ماچترین مەرگ........................................ ٨٣ تا ٩٤
حەرامترین........................................ ٩٥ تا ١٢٣

# شەوێکی کوژراو...

## شەوێکی کوژراو...

پورە کۆترێ لەبەر بانیژەکە دانیشتبوو بەدەم خولی تەشیەکەیەوە ئەو تەشیەی چرکەی هەر خولێکی یادەوەریەکی تاڵو تفتی تیا هەڵگیرابوو, رۆچووبوو بەنێو گێژەنی تۆفانی ئەو یادەوەریانەی رۆژگارێ ژیانی واقعی ئەم گوندە بوونو ئێستا بەشێکن لەخەیاڵ.

پرچە سپیەکانی پورە کۆترێ لەگەڵ گلۆڵە خوریەکەی لای رانی تێکەڵی یەکدی بوبوون ئەمیان شایەتی رۆژگارێکیان ئەدا کە ئەحمەدی باشقلیان بە فەقێیەتی لەجیاتی لەبەرکردنی حەدیسە سەحیحەکان ئەو ماچو دەسبازیانەی ئەژمارو ئەزبەر دەکرد کەلەناو گۆلە تەماتەو لەپاڵ مەڵۆ گەنمەکانا ئەنجامی ئەدا گلۆڵە خوریەکەش حەکایەتی پیربوونی خۆی دەگێڕایەوە لەگەڵ پیربوونی پورە کۆترێدا.

هاوار بەماڵم سوێی پیری چەند بەسۆیە.





عەیامێك كچە شۆخێكی جوانو لوتبەرز بووم ئەو رۆژگارەی لەجوانیدا ناویان لێنام کۆترێ بەردەوام لەروخسارا لوتبەرز بووم بەڵام خەیاڵی پیرێتی لەناوەوە هەمیشە مەلولو دڵتەنگی ئەکردم ئاوای دەوت پورە کۆترێ.

ئەو پورە کۆترێیەی لەکۆلۆیەکی خۆڵەمێش لێنیشتووی پاشماوەی گوندێکی خاپور دەچوو.

شەوێکی ئەنگوستە چاو بوو تاریك وەك ئایندەی زوڵفانو ئەحمەدی باشقلیان.

لەگوێی بانیژەکەی ماڵ (مینەی خوا رەحم)دا زوڵفانیان مارەکردو دەرگا لەسەر روداوو کارەسات کرایەوە.

خەڵکی ئاوایی پێیان سەیربوو بۆدەبێ لەشەوا مارەی بکەن؟

یەکێك لەبەر خۆیەوە دەیوت وەك هەر لەشەوا مارەیان کرد چ دەبوو گەر لەشەوێکی هێندە تاریکا نەبووایە؟

کوژانەوەی چوار جاری چرا گرەسۆزەکە لەو شەوەدا دڵی ئەحمەدی باشقلیانی بەجۆرێك داخورپان کە تا ئەو شەوەی بڕیاری خۆکوشتنیدا رەنگی سورئاڵی پەڕیوی نەگەڕایەوەو دڵە خورپەو دڵە کوتێ بونە بەشێکی دانەبڕاوی ژیانی.

پورە کۆترێ دەستی بۆ شەکرە کلۆکەی بەردەمی بردو ویستی باسی شەوێکی شوم، بۆ مروەتی کچی بکات کەچی پیاڵە چاکە قلپ بۆوە پیاڵەکە قومێ چای تیا جێمابوو وەك جێمانی منالێکی

مەلۆتکە لەچۆڵەوانی گوندێکا کەهەندێکجار خوا خۆف ئەکا لەسەیرکردنی.

-پورە کۆترێ پیاڵەکەی راست کردووەو وتی:

کچم مروەت ئەوشەوە هێندە لەعنەتیە ئەوەتا دوای پەنجاو پێنج ساڵ ئەو روداوە نایەتە بار بۆ گێڕانەوەش هەرکات ویستبێتم سەرەداوی ئەم کارەساتە دەربخەم شتێکی تازە رویداوە وەك ئەوەی پێم بڵێ هیچ باس مەکە.

- پورە کۆترێی تەمەن هەشتا ساڵ وەك پێکۆڵیەك بەرامبەر رژانی پیاڵە چاکە خەیاڵی پەرتەوازە بووی کۆکردەوەو وتی:

کچم باسی عەشقێکی پڕ شەرمو خوێناویت بۆدەگێڕمەوە ئەو عەشقەی بە درێژایی دوو ساڵی رەبەق ئەحمەدی باشقلیان نەیتوانی پەردەی کچێنی زوڵفان لابداو شەوێکی سور تۆماربکات کە دواجار ئەو شەوە بەجۆرێکی دی سور هەڵگەڕاو بگرە شەلاڵی خوێنیش بوو.

هەموو شەوێ دەچوونە لای یەك.

ئەحمەدی باشقلیان بێ ئەندازە دڵی دەکەوتە لێدانو پەلەپەل کردن راستەوخۆ ئەو شەوەی مارەکردنەکەی دەهاتەوە خەیاڵ کەچوار جار چرا گڕسۆزەکە کوژایەوە.

نهێنیەك لەنێوان کوژانەوەی چراکەو ئەحمەدی باشقلیاندا هەبوو کەئێستاشی لەگەڵدا بێ کەس بەونهێنیەی نەزانی.





بەدرێژایی دوساڵ چرکە بەچرکە سەعات بەسەعات رۆژ دوای رۆژ شەو بەشەو وای لە قێزەوەنیو بەڵای شەو بۆ ئەم بوکو زاوایە ئیدی ئەحمەدی باشقلیان رقی لەو قسەیەش دەبوەوە کەدەیانووت (شەو قەڵای مێردانە).

خەڵکی گوند چاوەڕێی کۆرپەی کاکۆڵ زێڕین بوون ئەمانیش هەموو شەوێ ئارەقی ترسو خەجاڵەتی ناو جێگەکەی تەڕ دەکردن.

ئەحمەد شەوێ دوای ئەوەی ئارەقی رەشو شینی دەردا بەدەنگێکی کپو نوساوەوە وەك کەڵەشێرێکی پۆپنە خوێناوی دۆڕاو کەخەجاڵەتی گەمارۆی دابێ وتی:

کچێ زوڵفان هەستە بەو رەفتەیەی ملت بمخنکێنە ئەو رەفتەیەی شایەتی لەزەت بەخشترین هەڵگلۆفینی ناو بژارە پیازی منو تۆیە.

کچێ زوڵفێ گیان ئابروی تکاوی من مەگەر گێژەنی مەرگ رایماڵێو توناو تونی بکات.

ئەو شەوە مارەیان کردی لێم - با - چوار جار روناکی چراکەی بردو تاریکیش پیاوەتی من, خوایە گیان ئەوەچی بو؟ تاریکی هەموو گوندی بەدارو بەردەوە گەمارۆ دابوو، تاریکی هەموو گوندی کپ کردبوو کەچی نەیتوانی دڵە کوتێی من خامۆش بکات.

پورە کۆترێ دەیوت هەرگیز قسەی ئەو گەنجەم بیرناچێتەوە کەدەیووت وەك هەر لەشەوا مارەیان کرد چ دەبوو گەر لەشەوێکی هێندە تاریکا نەبووایە؟!!..

شەوێ بوو دەتووت مانگو ئەستێرە هەرگیز بەرارەویش چاویان بەم ئاسمانە نەکەوتووە ئاسمانی چی، لەدەریایەکی قەترانی بێ کەنار دەچوو.

زوڵێ گیان دەبوا هەر ئەوشەوە کلۆڵی خۆتت هەست پێبکردایە زوڵێ گیان سات بەساتی ئەم ژورە رموزنە رۆحم دەرزی ئاژن دەکات.

زوڵفانیش دەیوت ئەحە گیان ئەحە لولوپەڕی دڵم هەدادانت بێت سوێندبێ بەو ماچە رژاوانەی لەترسانا فریا نەکەوتین کۆیان بکەوینەوە سوێندبێ بەو چاوانەت کەسەد جار لەتاریکی ئەم شەوە رەشترە ئەم شکستە نهێنی دەبێو بۆ کەس کەسی باس ناکەم تەنانەت بۆخۆشم.

دڵنیابە گشت ژورو کونو قوژبنەکانی ئەم گوندە نهێنی سەیرو سەمەرەی تێدایە بەڵام بەردەوامی ژیان لەئاشکرا نەکردنی هەندێ نهێنیدایە.

ئاخر من نازانم ئەم بیمو ترسو دڵە تەپییە بەرمەوە بۆکام چاوگ؟





بیبەمەوە بۆ ئەو رۆژەی باوکم تا هێزی تیابوو شەقازللەیەکی لێدامو لەداڵانەکەدا خوژە خوژ میزم کرد بەخۆما..؟ نازانم.

دەنا ئەوەتا رۆحم لیکی پیا دێتە خوارەوەو هەناسەی ئارەقاویت رادەموسێ.

دڵم بەپەرۆشەوە کەف دەکاتو نیگای چاوت ئەکروژێ ئەی بۆچی ئەم پەتکە ئابڕوبەرەی ناوگەڵم هەڵناسێو ئەم تەوقی لەعنەتەم لەکۆڵ بکاتەوە؟

من نازانم چی جوابی خەڵك بدەمەوە؟

زوڵفان دوای چینێ گریان کەوچکێ هەنگوینی کردە ناو لەپارە دەستێ نانو مشورەتی بۆ پیرو ئەولیاو پیاوچاکان بردو پاشان کردیە بابۆڵەو هێنای بۆ ئەحمەدی لارە ملی مێردی.

ئەو پیاوەی ئەوەندەی چنگێکی مابۆوەوە لەپاڵ بۆفیەکەدا ئەو بۆفیەی دو کتێبی زەرد هەڵگەڕاوو پەرپووتی تێدابوو یەکیان لەیلو مەجنونو ئەوی دیان شیرینو فەرهاد بوو.

پورە کۆترێ بەدەم خولی تەشیەکەیەوە سەری خولی دەخواردو بە مروەتی کچی تەمەن شەست ساڵی وت:

سەروەختێ لەگەڵ ئەحمەدی باشقلیانو زوڵفانی دەروێش شەریفا ناوماڵ بووین.

شەوێك نهێنیێو کارەساتی ئەم ماڵە بێ ڕۆشناییە دیواری تەیمانو پەرژینی شکاندوو بەجارێ ئاوایی لەرزان.

- مروەت قسەکەی بەدایکی بڕیو وتی:

باشە دایە تۆ چۆن وردەکاری ئەم کارەساتە دەزانی لەکاتێکدا خەڵکی ئاوایی هەر ئەوە دەزانن ئەحمەد زوڵفان لەدوای خۆیان ژورێکی پڕ پرسیارو خاڵی خاڵی لەوەڵامیان جێ هێشتووە..؟

- پورە کۆترێ بەدەم جیاکردنەوەی قژی سپی ئاڵۆزکاوی لەخوری سەر تەشیەکەی وتی:

شەوێکی هاوین مانگەشەو ناودێی تریفە پرژێن دەکرد لەپاڵ ئەو تەیمانەی ماڵی ئێمەی لەماڵی ئەوان جیادەکردەوە پەڕۆو پاڵی حەیزی خۆمم دەشت گوێم لێ بوو ئەحمەدو زوڵفان گفتوگۆیەکی هێندە خوێناویان دەکرد کەتا ئەمڕۆش خوێنێ لێ دەچۆڕێ..

- زوڵێ گیان جوانترین جوانی بۆمن خۆکوشتنە مردن دانسقەیە خۆی نایەت دەبێ دەسگیری بکرێ ئەمشەو بەپێچەوانەوە دەبێ ئەمشەو خۆمو ئەم قەدەرە لەعنەتیەم خۆمو نەرسکانی پیاوەتیم خۆمو ئەم نهێنیە گەورەیە کەدوو ساڵە بۆتە خۆرەو لەناوەوە رۆحی هەردوکمانی دارزکردووە هەموو ئەمانە بدەمە دەست جوانیەکی پەنهان بیدەمە دەست فرستادەیەکی ئەمینو دەستپاك ئەویش مردنە.

- زولفانیش بەدەم قوڵپی هەنسکێکەوە کە تا ئەو شەوەو ئێستاشی لەگەڵدابێ گوێم لەهەنسکی وا بەکوڵ نەبووە.





کوڵی ئەو هەنسکە پێی وتم دڵڕەقی ژیان گەشتۆتە چ ئەندازەیەك؟ گەر دڵڕەقی ژیان لە ئەوجی خۆیدا نیە ئاخر مروەت گیان منو تۆ تەریكو تەنیا چ دەکەین لەم چۆڵی قوڵفەیەدا..؟

زوڵفان زوڵفی لاداو وتی:

- من حەزدەکەم لەکاتی خۆکوشتنما تەماشای یەکتری بکەین چونکە هەم جورئەتێکی گەورەیەو هەم لەزەتێکی وێرانکەریشە.

زوڵفان دۆلکەیەکی بچوکی دەسك پەڕیوی بۆ ئەحمەد هێناو پیاڵەیەکی کەلو کەچیشی بۆخۆی دانا.

ئەحمەد پیاڵەکەی زوڵفانی پڕکرد لەگیراوەی ژەهرو زوڵفانیش دۆلکە دەسك پەڕیوەکەی ئەحمەدی پڕکرد لەژەهراو گوێم لێبوو زوڵفان دەیووت:

ئەحە لولو پەڕ گیان بەدەستی تۆ نەبێ ئەم پێکە نەشئەم ناداتێ ئەحمەدیش ئەیوت:

زوڵێ گیان منیش گەرەکمە بەدەستی تۆ دوا پێکی مەستبوون دوا پێکی مردن هەڵبەم.

- لەبەر تەنکیەکەدا وەك (بی) ناو ئاوێکی تورەو بەلرفە دەلەرزیم قوڕگم تەڕایی تیا نەمابوو نەم دەزانی چی بکەمو چی بڵێم کاتێکم زانی قریشکەو هاوارێك لەماڵی ئەحمەدی باشقلیانو زوڵفانەوە هەموو ئاوایی لەرزان خەڵکی چڕانە ئەم ماڵە غەریبەوە.

ئەحمەد پشتەو قەفا کەوتبوو زەردەخەنەیەکی سارد ساردتر لەساردی هەموو دنیا لەگەڵ دڵۆپێ فرمێسکی گەرم بەروخساریەوە جێمابوو.

زوڵفانیش کەوتبوو بەدەما سنگی چەقیبوو, بەپیاڵەیەکی کەلو کەچی بەتاڵداو دڵۆپ دڵۆپ خوێنی گەرم لەسنگیەوە دائەچۆڕی.

❊❊❊



حەرامترین...................... چیرۆک

# ئەسپی یاڵسور

## ئەسپی یاڵسور

هـەڵـمو هـاڵاوی دەمولـوتی وڵاخو وڵاغـارەکـان هێنـدە بـەنـاو یـەکـداچوبوون تـەمتومانێکیـان دروسـت کردبـوو، لـەو گـەردوگـوڵی بەیانەدا کەئیدی بەئەستەم چاوچاوی دەبینی، خرمو هوڕی ژێرسمی ئەسپەکانو جارجار وریغەو ملنەدانیانو ورشەورشی بەفری سەرخێمەو بەفری سەر تەپۆلکەو قەدپاڵو ئەو دەشتە کفنپۆشە بەشەوارەی دەخستی، هەتا قوڵتر بۆ بریسکەو ورشەی بەفرەکەت بڕوانیایە زیاتر چاوانت سۆمای ڕوانینیان لەدەست دەدا بۆیە بەناچاری دەبوایە جارجار چاو لەسەر جوانیو سپێتی ئەو دەشتە کفنپۆشە لابدەی، دەنا هوروژمی جوانی بەفر کوێریان دەکردی.

سەیرە مرۆڤ بەجوانی کوێر ببێت،یان جوانی کوێری بکات! جارجارە وێرغەو سمکۆڵانو دەم داچڕینی لەڕادەبەدەری ئەسپەکانو دەردانی چین چین عارەقی لاملو تەوێڵی وڵاخەکان شایەدی ئەوەیان دەدا ئەم کاروانە لەشوێنێکی زۆر دوورەوە هاتون، سەرباری ئەوەی





وڵاغارەکان چۆقەچۆقی دانیان دەهاتو پەنجەکانیان وەك چیلکە ڕەق هەڵاتبون، بەڵام دەستیان کرد بەلێکردنەوەی بارەقاچاخەکان لەوڵاخەکان، ئیدی هەر وڵاغاربوو بەرەو ناو خێمەکان هورموژیان دەبرد، تاتۆزێ سوێی سەرما لەدڵیاندا دەربکەن، ئەسپەکانیش عارەقی ڕەشو شینیان دەردابوو، بۆناو بەفرەکە ملیان دەنا تا تۆزێ خۆیان فێنك بکەنەوە، هەر ئەسپ بوو لەناو تابوتی بەفردا خۆی دەگەوزانو بەماندویی هەڵمو هاڵاوی دەمو کونە لوتەکانیانو عارەقی گەردنو تەوێڵو ژێرسکیان بەفریان گەرم دەکردەوە تاخۆیان فێنك بکەنەوە، تازیاتر خۆیان لەناو بەفرەکەدا بگەوزانایە حیللەی ئاسودەییان زیاتر ئەو مەرزو بومەی قەرەباڵغتر دەکرد.

ئەوکات خورپەیەك هات بەدڵمداو لای خۆمەوە وتم: خۆگەوزاندنی ئەم ئەسپانە لەناو ئەم بەفرەداو دەردانی ئەم هەموو عارەقە لەجەستەی ئەم وڵاخانەوە لەم قیامەتی بەفرو کوێرەوەرییەدا، لەولاشەوە لەرزو سەرمای ناو جەستەو دڵی ئەم وڵاغارانە تائاستی کەسیرەکەوتنی هەندێکیان بەڕاستی سەیرەو جێی پرسیارە، بەڵام ئەوکات من بازمدا بەسەر ئەم خورپەیەی دڵمداو لێی بێدەنگ بووم، خێراخێرا کڵەداریان دەکرد بەقوڕگی زۆپاکەدا، حەزیان دەکرد دەستو پەنجەی بەکۆتەرە بوونیان بخەنە ناو دڵی زۆپاکەوە، ئەسپەکانیش لەناو تابوتی بەفردا گەرمایی لەشیان تەواو نەدەبوو، ئەسپیان تێدابوو هێندە بەحەسرەتو درێژخایەنییەوە خۆی دەگەوزان وشکە بەفر هێندە بەرز دەبووەوە، هەستت بەدروست بوونی قیامەتێك دەکرد بەسەر سەری

ئەسپەکانەوە، دوای ئەوەی وڵاغارەکان تاسەیان لەزۆپاکە شکاو تێریان لەو نانو خواردنە خوارد کەهەریەکەیان لەدەستەوارەکەی خۆیدا هەڵیگرتبوو، هاتنە دەرەوەو هەرکەس تورەکەیەك کاوجۆی کردبەسەر وڵاخەکەی خۆیدا، دوان دوانو سیان سیان بەدەم گۆرانی وتنو سوعبەتو شەڕە جوێنەوە بەرەو خێمەکان گەڕانەوە، پڕمو هوڕو کاوێژکردنو جاجار تەپاتل کردنی ئەسپەکان ئەوناوەی زیاتر قەرەباڵغ کردبوو، دەنگی شمشاڵێك لەلاچە پەکێکی نادیارەوە زایەڵەی بەستو هەموو ئەو دەنگە دەنگو قەرەباڵغییەی قوتداو ئەو مەرزو بومەی کردە ئاشی ئاولێبڕاو.

تەواوی وڵاغارەکان سەرسامو حەیران وەستان ڕووەو شوێنی زایەڵەی شمشاڵەکە ئاوڕیان دایەوە، هەندێ وڵاغاریش کەگەشتبونە ناو خێمەکان ەهەیان بوو بەپێخاوس ڕایکردە دەرەوە تابزانێ ئەم دەنگە سامناكو دڵپەروازە چیە والەم گەردو گوڵی بەیانەدا ئاوها تێدەچرکێنێ، هەندێ وڵاغاری تریش بەژێر پیاڵەی پڕلە چاوە دەرپەڕینە دەرەوە، یەك دوویەکیش تەنها کلۆیەك شەکر بەدەستیانەوە بوو، (ئەی دایکو باوکم بەقوربانی ئەو دەمو قورگو دەستو پەنجەیەت بێت بۆ شمشاڵێك کەلێی دەدەیت) وڵاغارێك بەدەم وردکردنی کلۆیەك شەکری نێو پەنجەی شایەتومانیو پەنجە گەورەیەوە وای وت (قەسەم بەخوا ئەڵێی فوو بەنەفخ سورا دەکات هەموو گیانم کەوتۆتە لەرزینو حەجمان لێبڕاوە) یەکێکی تریان وای وت.





مام پیادە بەدەم بردنە ژورەوەی پاترییەکانەوە دەیوت: ئای چۆن ١٥ ساڵە ئەو قولەی قافەت لێگرتوینو بناری قەڵای کچێ چۆڵ ناکەیت، دەخوایە گیان وەك عاسیت کردووە لەو هەزار بەهەزارەدا وەك عەقڵت لێسەندۆتەوە گیانیشی بکێشە باچیتر لەعەزابدا نەبێت، منیش لێرە چەند کون والە شمشاڵەکەیدا هەموو سەعاتێ ئەوەندە کون دەکاتە جەرگم کەگوێم لەدەنگی شمشاڵەکەی دەبێت، مام پیادە بەدەم ئەم قسانەوە بەباوەشێك پاترییەوە خۆی بەناو خێمەکەدا کردو لەچاو ونبوو، ئەرێ میکایل دوای ئەو هەموو چا خواردنو خۆگەرم کردنەوەیە لەبەردەم نرکە نرکی زۆپاکەدا هێشتا لەرزی مەرگو سەرمای تونو تونی ئەو ڕێگایە وەك جنۆکە والە گیانمداو گەرمم نەبۆتەوە، جگەلەوە پەنجەکانم هێشتا ئەوەندە تینیان تێ نەهاتۆتەوە جگەرەیەك بتوانێ لەنێوان دوو پەنجەمدا ئۆقرەبگرێ.

ئەرێ ئەمە دەبێت چ ماڵ کاولێك بێت لەناو ئەم قیامەتی بەفرو کڕێوەیەدا وائەتوانێ ئەم شمشاڵە دڵنشینە لێبدا،

ئەو شمشاڵە بەپەنجەی دڵ لێدەدرێ بۆیە ئەوەندە دڵنشینە ئەو دڵەی نەوای ئەو شمشاڵەی لێدێتە دەرەوە هێندە بە کوڵو گەرمە نەك ئەم بەفرە، خودا هەرچی بەفری خۆی هەیە بیبارێنێ بەسەریا ناتوانێ ئەو دڵە سارد بکاتەوەو کفتو کۆی بنیشێنێ، چیە میکایل دەستت کردەوە بە وڕێنەکانی خۆت؟ هەتیو کاتی خۆی پێم وتی تۆ مەکتەبلیتو کەڵکی وڵاغاریت نیە، من دەڵێم بەفر کلیلی داوە لەدنیاو دەرگای لەهەموو شتێ داخستووە خۆتت نەبینیوە، دوای ئەو

هەموو چا خواردنو خۆ گەرمکردنەوەیە ئەڵێی گونە هەلاجی هەڵدەلەرزیو چۆقەچۆقی دانت ڕۆژە ڕێیەك دەنگی دەڕوات، بەکورتییەکەی میکایل گیان دەمەوێ بڵێم ئەم سەرمایەو ئەم شمشاڵە کوجا مەرحەبا!!

نا، وامەڵێ بڵێ ئەم بێئەقڵییەی منو گەورەییی نەوای ئەم شمشاڵە کوجا مەرحەبا، ئیدی جێم هێشتو لەگەڵ وڵاغارەکانی تردا ڕووەو زایەڵەی شمشاڵەکە وەڕێکەوتم، ئەسپەکان دەمیان لەکاو جۆ خواردن هەڵگرتو گوێچکەکانیان ڕەپو ڕاستو قوت کردەوەو سەرسامو حەیران چاویان بەم لاولای خۆیاندا دەگێڕا، ئەرێ بەڕاست بۆ نەگەشتین؟ ڕێگەکە زۆر دوورە، نەمزانی ئەوەندە تولانییە دەنا بەسواری ئەسپەکەم دەهاتم: چەندە پێچەوانەی یەکترن، ڕێگایەکی تولانیو قەمچو پێچ لەبڕانەوە نەهاتووە، کەچی دەنگی شمشاڵێك کەهێندە خێراو نزیك دەهاتە گوێم وام هەست دەکرد نزیکترە لەترپەکانی دڵم ئەو هاوڕێیەشم کەهەمیشە بەتانەو تەشەرەوە پێی دەوتم تۆکوڕی ناو کتێبو کاغەزو خەیالاتی، کەی کوڕی وڵاغاریت؟ بەتایبەت لەو کاتانەدا تانەو تەشەری زۆر لێدەدام کەگیرم دەخوارد بە دەست بارکردنی باری وڵاخەکەمەوەو دەهات یارمەتی دەدام، بەڵێ ئەو هاوڕێیەم بەدوودڵیو تۆزێ بەنابەدڵییەوە دوامان کەوتو ڕووەو دەنگی شمشاڵەکە هەنگاوی دەنا، سەرمای دوێنێ شەو بەئەندازەیەك چووبوە دڵیەوە هەموو چەند هەنگاو جارێك هەڵوێستەیەکی دەکردو دەیویست بگەڕێتەوە، چونکە ڕێگەکە هەر





تەواو نەدەبوو هەرکاتێك دەوەستاو دەیویست بگەڕێتەوە، شمشاڵەکە زیاتر تێی دەچریکاندو وەك ئەوەی هەستی کردبێت وڵاغارێك جگەل لەوەی دودڵە لەهاتن سەرما پرزەبراوی کردووە، یەك دووجاریش بەهاوڕێکەمم وت چەند وڵاغارێکی تریش گەڕانەوەو نەیانتوانی، قەیچێکا تۆش بگەڕێرەوە، ئەوەتا سەرما پرزە براوی کردوویتِ جگە لەوەش بەڵێنت دەدەمێ کەگەڕامەوە چیم بیستو چیم بینی بۆتی دەگێڕمەوە، قەت هاوڕێکەم وانەبینیبو کاتێ گوێم لێبوو وتی: ئەزانی میکایل هەموو بینخواردنەوەیەکی ئەو شمشاڵە وەك سکلێکی گراوی وایەو دڵی سەرما بردەڵەم گەرم دەکاتەوەو پڕیدەکاتەوە لەجۆشو خرۆشو تینو تاوی ڕۆشتن، وەك خۆشت هەموو جارێك پێت دەوتم ڕۆشتن بەو هێزو تینەوە ئەنجام دەدرێت کەلەدڵەوە قوڵپ ئەدا نەك پێییەکانمان، پێییەکانمان تەنیا ئیشیان ئەوەیە بجوڵێن نەك بڕیاربدەن.

ــئاخر من هەمیشە مایەی گاڵتەجاڕی تۆبووم،

ــنامیکایل گیان باوەڕبکە دەنگی ئەم شمشاڵە پێی سەلماندم کەتۆ چەندە بەئاگاو زیرەکیتو منیش چەندە گەمژەم، لەناو یەکێك لە گاشەبەردەکانی دامێنی قەلاکەدا کۆڵیتێکی دروست کردبوو، کۆڵیتێك کەهەر لەناو دڵی گاشەبەردەکەدا هەڵکۆڵرابوو.

ــباشە دەبێت چ چەکوشو قەڵەمکاریو دەستو بازوویەك لەناو ئەم بەردە ڕەقەدا ئەم کۆڵیتەی دروست کردبێت؟

¬من دەنگم بەرزناکەمەوە بەسەرتا سەبارەت بەم پرسیارەت، وەك چۆن لەکاتی هەمان ئەم پرسیارەی تۆدا کەکاتی خۆی کردم! شمشاڵەکەی کرد بەبەر پشتێنەکەیداو پێی وتم: کێ ڕێگەی پێداویتو مۆڵەتت لەکێ وەرگرتووە تابەم گاشە بەردە بڵێت دڵی ڕقە؟ کوڕم ئێوە بێئاگان لەوەی بەشێکی ئەو فرمێسکو حەسرەتانەی لەشێوەی بەفرو باراندا دێنە خوارەوە لەقوڵایی دڵی بەرددا نیشتەجێ دەبن، بۆیە لەدڵی بەرد نەرمترو گەورەتر شك نابەم لەم سەرزەمینەدا، مەگەر دڵی ئەسپە یاڵسورەکەی خۆم، چونکە لەوپەڕی تیژڕەویشدا قاچی نەدەنا بەبەرداو دەیوت: بەرد بەرگەی ئەوە ناگرێت پێی پیابنێیت، دەستو پەنجەی هێندە نەرمو ناسك بەسەر کونی شمشاڵکەوە سەمایان دەکرد، کەنەمدەتوانی باوەڕ بێنم ئەمە هەمان ئەو دەستو پەنجەیەیە کەئەو قەڵایەی لەبن هێناوەو ئەم کۆڵیتەی دروست کردووە، بەوتەی خۆی نزیکەی ١٥ ساڵە لەم کۆڵیتەدا ژیان دەگوزەرێنێت، زۆر قسەم کردوو پرسیارم زۆر لێکرد چەندە گەرمو گوڕی لەنەوای شمشاڵەکەیدا هەبو، هەزار ئەوەندە ساردیو سڕیو بێ موبالاتی لەسیماو ئاکاریدا هەست پێدەکرا، هەرچەند دەمدواندو دەمویست بیهێنمە قسە وەك ئەوەی بونم نەبێ، وەك ئەوەی بەشێك بم لەو هەموو بێدەنگیو بۆشاییەی دەوروبەری، بێباك لەو هەموو وڵاغارانەی کە وەك شێتو عوریان بارو خێمەو مەرزیان بەجێهێشت مەفتونی ئەم زایەڵە بوون، بەڵام سەرەنجام جگەلەمن کەسیتر بەسەلامەتیو بەتەواوی نەگەشتنە ئەم هەزار بەهەزارو چۆڵی قوڵفەیە، ئەوەی گەڕایەوە گەڕایەوەو هەندێکیان درێژبونەوەی ڕێگاو هەرەسی بەفری





کۆناو کۆن کەوتو قوتی دانو بونە خۆراکی داڵو دڕندەی زۆربرسی، بەڵێ بێباك لەم هەموو چیرۆکە جەرگبڕو ناخۆشانەی کەهەمووی بەفیتی زایەڵەی ئەم شمشاڵە ڕوویاندا، زۆر خەمساردانەو بێئەوەی هەست بەبونم بکات شمشاڵی دەژەندو جارجار دەچەمایەوە بۆ ئەسپەکەی بەردەمی.

تاهێزم تیابوو نەڕاندم بەسەریداو وتم: کافری لەدینو دنیا یاخی دە دەستو دەم لەژەنینی ئەو شمشاڵە هەڵگرەو وەڵامم بدەرەوە.

پەنجەو دەمو لێوی لەژەنینی شمشاڵەکە هەڵگرتو برژانگو برۆی قورسو درێژو سپی بەرزکردەوەو لەنێو چرستانی ڕیشو سمێڵی زەرد هەڵگەڕاوییەوە لێوە سورەکانی بزواندو وتی: چیە دەڵێی زۆر تورەیتو زۆریشت سەرمایە؟ ئیدی وەك بێمنەتترین پیاوی دنیا فەرامۆشی کردمو گوێی نەدا بەوەی سەرماو تۆفانو توناو تونی ڕێگا چی بەسەر هێناومو بە چ شێوەیەکی ترسناك شپرزەی کردوم، سەرلەبەر پێستی ئەعزای گیانم تورتو تەنك ڕچیبوو کە پەلە پیتکەیەکت لەهەر شوێنێکی گیانم بدایە وەك شوتی شەقم دەبرد.خوێن ئەو ناوەی سور دەکرد، وەك چۆن زایەڵەی شمشاڵو ئەو گفتوگۆ سەیرەو ترسنكو وڕێنە ئاسایەی نێوان خۆیو ئەسپەکەی ڕژابونە ئەوبناری قەڵایەوەو ژیانو مەرگیان لەیەك ساتدا لەناو ئەو کۆڵیتەدا پیشان ئەدایت، تەونی جاڵجاڵۆکە ئاسای خەیاڵم سەرلەبەر لەیەك پچڕانو گوێم هەڵخست دێوانە فەیزوڵا قسە دەکات:

- دەزانی ئەسپی یاڵسورم شەڕی هەمیشەیی منو تۆ لەسەر ئەوەبوو، من ڕەشمەکەم دەگرتیو ڕووەو ئاوەدانی دەمئاژوتیو پەلکێشم دەکردی، تۆش چنگت لەئەستێران گیر دەکرد، لەدەستم هەڵدەهاتیو لێم دوردەکەوتیتەوەو دەموت تازە بۆ هەتاهەتایە لەچاوم ونبوو، بەڵام لەڕێی تیلماسکی چاوەکانتەوە پێت دەوتم دێوانە گیان دەتوخوا بەگوێم بکە بێهودە ئەو هەموو میهرەبانییەی نێو دڵە گەورەکەت بەبەلاشو حەلاش بۆئەم مەخلوقە دڵڕەقو ڕۆح تاریکە کەناوی مرۆڤە خەرجی مەکە، دێوانە گیان کەمترین سیفتەکانی جنسی مرۆڤت تێدایە بۆیە ناتوانم دەست بەردارت ببم هەرچەند لێت هەڵبێم دواتر ئاوا قەڵەمی ئەژنۆم دەشکێتو زیاتر هەست بەدیلێتی خۆم دەکەم من دیلی تۆم دێوانە گیان کێ دەڵێت دیلی خراپە بابێت شەوێك خۆی بداتە بەر فوارەی دەستو دیدەو میهرەبانی تۆ، لەرزی مەرگ لەم گفتو گۆیە نەك لەرزی سەرما واچوبووە گیانمەوە، خەریك بوو زیرەی مەرگم دەکرد، کەچی تادەهات بێباك تر دەبووم لەو هەرەسی بەفرو باوبۆرانو قیامەتی سەرمایە وەختێ گوێم لێدەبوو سەیرم دەکرد دێوانە فەیزوڵا دەکەوتە سەرچۆكو هەر دەپەنجە ڕەق هەڵاتووەکانی کەهەر پەنجەیەکی وەك چۆن لولە زۆپا دوکەڵی لێدێتە دەرەوە، ئاوا هەستم دەکرد لەسەری هەر دە پەنجەکەیەوە زایەڵەی شمشاڵ دەهاتە دەرەوە، بەڵێ خێرا خێراش دەستەکانی بەسەرو یاڵی ئەسپەکەدا دەهێناو منیش نیگای ترسنۆکی چاوەکانم دەپەڕییە سەر تەوێڵی بەئاستەم دەرکەوتوی ژێر جامانەکەی، هێواش هێش نیگام هەڵدەخزایە نێو کلوی سپی برۆو برژانگەکانی، ڕیزە فرمێسك





هەرئەوەندەی گەرمایی نێو پێڵوی چاوانیان بەجێدەهێشت یەکڕاست بەسەر گۆنای زەرد هەڵگەڕاویەوە دەیانبەست، هەندێ فرمێسکیشم دەبینی دڵگەرمتر دەڕژانو تۆفانی سەرما پێیان نەدەوێرانو نەیان دەبەست تالەناو دارستانی سمێڵە زەردهەڵگەڕاوو بەیەکداچووەکەیدا وندەبنو گیانیان دەسپارد.

_ کەمتر بۆ لەدەستدانی تۆ دەگریم یاڵسور گیان زیاتر لەوە بۆئەو ڕۆژانە دەگریم کەنەمدەتوانی وەك ئێستە جوانییەکانت ببینم، بیرم دێت شەوێکی ئەنگوستە چاو کۆمەڵێ ولاَغاربوین، بەهێواشی پێتەوە چپاندمو وتت:ئەڵێی پێی رۆشتنت نەماوە؟

_ دێوانە دایە پڕمەی گریانو وتی: وای لەو ساتە وەختەی پێت وتم چاوەکانت دابخەوەو بەدەمو لوت تێرتێر تاریکی هەڵمژە تابەر جوانی بکەوێت، ئیتر پێیەکانت تینو تاوی ڕۆشتنیان تێ دێتەوە.

بەفر بەباوە دەهاتو هەموو شتێکی پرزەبڕاو کردبوو، هەموو گیانم چلورەی بەستبوو، ڕۆحم وەکو پەشمەك هێواش هێواش لەتوانەوەو فەنابوندابوو، کاتێکم زانی شمشاڵەکەی گرتەوە بەلێوییەوەو پەنجەکانی وەك ئەوەی هەرگیز سەرماو سۆڵەیان نەدیبێ کەوتنەوە سەما بەسەر کونەکانی شمشاڵەکەوە، لەگەڵ دەنگی شمشاڵەکەدا زایەڵەی بەست (با) هێواش هێواش دادەمرکایەوەو شەختەو سەهۆڵ بەجەستەما دەتوایەوەو دەهاتە خوار، ڕۆحم کەوتە سەر لەرەی (مۆسیقا)و ژیانی تێگەڕایەوە، خوا هاوار ئەوساشو ئێستاش لەسیحری زایەڵەی ئەو شمشاڵە تێنەگەشتم، ئەگەر چی دێوانە

دەیگوت تەنیا دەنگێك وەك چاوساخ لەناو قیامەتی ئەم بەفرەدا ڕۆحی ئەسپەکەم دێنێتەوە لام‌و منیش دەبات بۆلای ئەو، دەنگی ئەم شمشاڵەیە، بەڵام هەر ئەوکات پرسیارێك لای منیش دروست بوو، ئەگەر دەنگی ئەم شمشاڵە لێك هەڵپێکانی پەیوەندییەکی قوڵ‌و رۆحی‌و نائاسایی نێوان ئەسپی باڵ سورو دێوانە فەیزولاَیە، ئەدی بۆچی ئەم دەنگە قەڵەمی ئەژنۆی منیشی شکاندووە؟ باوەڕت بێت تا ئێستاش لەو زایەڵیە تێنەگەیشتم بەڵام هەزار ئەوەندە لەزەتم لێوەرگرتووە، بەهەرحاڵ لەوە زیاتر بەرگەی ئەو هەموو پشت گوێ خستنەو ئەو هەموو قسە نەکردنەم نەدەگرت کەدێوانە دەرهەقم دەیکات، بۆیە واهات بەخەیاڵمدا بەهۆی ئەوەی زۆر بەتوڕەییەوە نەڕاندم بەسەر دێوانە فەیزوڵادا بۆیە واقەهری لێگرتم‌و بێباکانە فەرامۆشی کردوم، وام بەچاك زانی ئەم جارەیان بەنەرم‌و نیانانە بیدوێنم بەو ئومێدەی یەکێك لەدەلاقەکانی ئەم هەموو ترس‌و نهێنیەو سیحرەم بەڕوودا بکاتەوە بۆیە وتم:

ئاخر دێوانە گیان خوا لێت هەڵناگرێ دە ڕویەکیش بکەرە من‌و تۆزێ قسەم لەگەڵ بکە هیچ نەبێ بەگفتو گۆیەك کەتینوێتیم پێی بشکێت پاداشتی ئەو ڕێگا دورەم بدەرەوە.

_ ئەها چەند چاوەڕوانی پاداشتن زەڕڕەیەك عەشق لەڕۆحتدا نیە دەنا عاشق نەبۆ پاداشت ئیش دەکات‌و نەلەڕێی پاداشتیشا ڕێگا دەبڕێ، جگەلەوە تۆ مرۆڤی مرۆڤ! کەڵکی ئەم ڕێگاو مەرزو





بومەت پێوە نیە، بڕۆ بەخۆت‌و دڵە بچوکەکەتەوە بچۆرەوە بۆناو ئاوەدانییە بچوك‌و داوەشاوو مردووەکەی مرۆڤایەتی.

بۆچی ئەو مرۆڤی پێ کەمبوو؟

_ نا ئەو مرۆڤی پێ بچوکبوو.

تێناگەم بچوك... چۆن؟

ئەو ڕای وابوو مرۆڤ ناتوانێ جوانی بخولقێنێ، بەڵکو دەتوانێ دەربەدەری بکات، مرۆڤ ناتوانێ عاشق بێت چونکە ناتوانێ‌و تواناى ئەوەی نیە بەبێ پاداشت بەخشندە بێت، ئەو دەیوت ئەوەتا هەرچی گوڵە دەربەدەرتان کرد ئەوەشی کەمایەوە لەناو ئینجانەکاندا دەست بەسەر کران، ئاخر درەخت لەپەرداخا کەی ئاوی بۆ دەخورێتەوە؟ لەدەلاقەو خانوی شوشە بەندا گوڵ کەی دەتوانێ قوم قوم ماچ لەهەتاو وەربگرێ، ئەسپ کەی دەتوانێ لەتەویلەدا سمکۆڵان بکات؟

هەرچەند سەیری خۆم‌و دێوانەم دەکرد لەڕووی ڕوخسارو جەستەوە، دەم‌و چاوو دەست‌و قاچ‌و بەدەنمان وەك یەکە، بەڵام لەم چۆڵی قوڵفەیەداو لەناو ئەم کڕێوەی بەفرەدا ئیرادەو بێباکی ئەو کێوێکی هەزار بەهەزارو لەبڕانەوە نەهاتووبوو، منیش تادەهات زیاتر لە کەسیرە دەکەوتم، ئیدی بەڕاستی ئەو گومانەم لا دروست بوو کە یان من مرۆڤم یان دێوانە؟ ئیدی زانیم ئەم ئازارو ژان‌و ترسە، تەنیا عەشق دەتوانێ بەرگەی بگرێ، وەك دێوانەش وتی من ناتوانم عاشق

بم چونکە من مرۆڤم، نازانم چۆن گوێی لێبوو کەوتم باشە ئەم ئەسپە لەبەرد داتاشراوە، دەماری تەڕ لەگیانیدا نیە تاهێزو درەوشانەوەو بڕیاڕی مانەوەی هەتاهەتای لەم دێوانەیەدا سەوز کردبێ.

چاوەکانی وەك جوانترین دوپشکۆی سور پرشنگ‌و گەرماییان فڕێدەداو وتی: ئێوە کوا دەستتان بەر ڕۆح‌و تەڕایی ژیان دەکەوێت؟ تابتوانن لەم کوانوە تەڕەی دڵی بەردا ژیان بدۆزنەوە، ئێوە واهەست دەکەن ئەوکاتە دەستان بەرجوانی ژیان دەکەوێت کەهەموو شتەکان گەمارۆ بدەن، نەشئەی ژیان لای ئێوە لەپرسەی مەرگی ئەسپ‌و پەپولەکانەوە دەست پێدەکات.

_ ئاخر دەروێش گیان ئەمە بەردە خۆناجولێت‌و هەناسە نادات.

_ ئاخر وەك پێم وتیت تۆش مرۆڤیت مرۆڤ، من بۆیە هەڵهاتم لێتان چونکە چیتر تەمحەمولی ئەم قسە قۆڕانەتانم نەدەکرد جگەلەوە نەمتوانی پێتان بسەلمێنم ئەسپ‌و بەردیش لەئێوە باشترو شەرافەتمەندتر دەژی.

_ ڕەنگی یاڵی ئەسپەکە سورێکی زۆر نائاسایی بوو، باشە ئەم بەردە ڕەنگ نەوتیە، بۆچی لەئاستی یاڵیدا هێندە سورێکی بە ڕەونەق دەینواند، باشە دێوانە گیان ئەمەیان بۆ؟

-چونکە ئەو سەروەختەی لەخەرەندێکی هەزار بەهەزاردا، بەهۆی فیشەکێکەوە کاسەی سەری ئەسەپەکەیان هەڵتەکاندم بەو هەزار





هەزارەدا, تلێریان کردەوەو لێیان فڕاندم‌و لەچاومیان ونکرد، ئەم بەردەی جەنابت ناوت لێنا بێگیان ڕەنگی یاڵی ئەسپەکەمی لەچنگی مەرگ ڕزگارکردو لەچاوی خۆیدا بۆی نەخش کردم‌و بۆی هێنامەوە، منیش ئەسپەکەمم لێدروست کردۆتەوەو بڕیارمان داوە تافو بەنەفخی سوردا, دەکرێ ئالێرەدا هاونشینی یەکتر بین.

-وای سستەرە میهرەبانەکەم، ئیدی ئێوارەو تاریکی هێواش هێواش گەمارۆی دەداین، سپێتی ئەو بەفرە دەتوت چاوی گورگە بریسکەی دەخست، من پێم نەوت بالەلات بمێنمەوە؟ چونکە دێوانە فەیزولڵا زۆر لەخۆم باشتر منی دەناسی کەکەڵکی مانەوەم پێوە نیە، گەرچی دێوانە هەرگیز وەك من بیری نەدەکردەوە بەڵام بەڕاستی جێهێشتنی دێوانە لەو دەمەو ئێوارەیەدا لەلایەن منەوە نامەردییەکی گەورە بوو، بەڵام ئاخربەفرێکی قورس‌و کوڵێتێك‌و ئەسپێکی لەبەرد داتاشراوو شمشاڵێکی پڕلەسیحرو دێوانەیەك بەهەزار نهێنی‌و پرسیارەوە، بەڕاستی هەموو ئەمانە هاوکێشەیەك بوون من سەرم لێدەرنەدەکردن، بەهەرحاڵ ئەم قاچی ڕاستەم کەئێستا وا,لەبەردەستی تۆداو هەمووی چارەکە سەعاتێکی ماوە تا,لە جەستەمی جیابکەنەوە، هەرکێشم دەکرد بەدوای خۆمدا.

سستەرەکە وەك سەماوەر لەناوەوە دەکوڵاو لەچاوەکانییەوە فرمێسك وەك تاوە باران دەهاتە خوارەوە، جانازانم ئەم گریانەی بۆسەر لەبەری سەربوردەکەی دێوانە فەیزولڵا بوو، یان بۆ ئەوە دەگریا چەند ساتێکی کەم ماوە تا ئەم قاچە ڕەشەوە بووەو هەلاهەلابووەی من

لەجەستەم جیادەکرێتەوە، بەهەرحاڵ سستەرە بەڕێزەکەم من هیچ نیگەران نیم لەوەی قاچێکم دەبڕنەوە بگرە خۆشحاڵیشم، بەقوڵپی گریانەوە هاتبووە سەرچۆکو پەنجەکانی دەگوشیمو دەستەکانی توند دەنوسان بەدەمو چاوی فرمێسکاویمەوەو دەیوت: ئاخر چۆن دەبێت مرۆڤ بۆ لە دەستدانی یەکێك لەئەندامانی جەستەی نەك نیگەران نەبێت بگرە خۆشحاڵیش بێت؟

ئەی بۆ لەکوشتنی ڕۆحماندا نیو هێندەی بڕینەوەی پەنجەیەکمان ئازار ناچێژین؟ ئەی بۆسەدان ساڵە ئەم ویژدانە تۆپیوەمان لەتابوتی جەستەماندا هەڵگرتووە، نەك بێباکین، بگرە جەسارەتی ئەوەشمان نیە فڕێی بدەینە دەرەوە؟ من هەست دەکەم لەبەرامبەر ئەو کارەساتو سەربوردە نائاساییەی بۆم باسکردی، نەمتوانی بمێنمەوەو لەچرکە ساتی خۆیدا وەڵام بدەمەوە، بۆیە ئێستا خۆشبەختانە ئەم قاچە شەرافەتمەندو ڕەشەوە بووەم دەنێرمەوە، لای دێوانەو کۆڵیتو ئەسپو شمشاڵەکەی، با تا ئەتوانێ عارەقی خەجاڵەتی منی زیندو بڕێژێ.

من هەست دەکەم سەرلەبەری جەستەم جگە لەم قاچە ڕەشەوە بووەم خیانەتیان لەجوانیو لەئێستام کرد دەنا دەبوا سەرلەبەری ئەعزایی گیانم وەك ئەم قاچەم ڕەش بونایەتەوە، تالەجوانیو گەورەیی دێوانە فەیزوڵاو شمشاڵو ئەسپەکەی حاڵی بونایە.

***

# تاخوا بێتاقەت دەبێت

## ڕاژە نینی بێشکەیەك

## تاخوا بێتاقەت دەبێت
## ڕاژە نینی بێشکەیەك

بەدەم لێدانی مژی قوولّی سیگارەکەیەوە ڕێگەی دەبڕی, بەسەرنجەوە بۆ دنیای دەڕوانی, هێواش هێواش لەپی دەستی بەسەر درەختەکانی سەر ڕێگادا دەهێنا, کەوتە یاریکردن بەپەنجەکانیو دواجار تەقاندنی یەکبەیەکی پەنجەکانی.

بە دەم مژی سیگارو سەمای پەنجەکانی لەناو دەستیداو نەرمە ئارەقی سەر تەوێڵیو دڵە کوتەیەك کە تادەهات زیادی دەکرد, خۆی کرد بە ناو پارکەکەدا ملینا بەرەو لای کورسییەك لە کورسییەکان, تا لەسەری دابنیشێ بەو هیوایەی ئەم دڕدۆنگیو نائارامیو شپرزەییەی کەمێ هێور بێتەوەو تیمارێکی ئەم برینە بێهەتوانو کاریگەرە بکات کەوەك کرم داویەتیە هەرمێی دڵیو کرمە ڕێسی کردوە.





کە نزیك بومەوە لە کورسییەکە پێش ئەوەی دابنیشم کاتێکم زانی سیگارەکەی بەینی پەنجەم چزەی لێهەستاندمو بەپەلە فڕێمدایە ئەرزەکەوە تمەز دەمێکبو ئاگام لە سوتانی سیگارەکە نەمابو تا پەنجەمی پێوەسوتا, کە سیگارەکەم فڕێدا, ئینجا زانیم کەئاگام لەسوتانی نزیکترین شت کە سیگاری نێو پەنجەکانمە نەمابێ, ئیدی چۆن دەتوانم هەست بەسوتانو شکانی ئەو هەمو دڵە بکەم؟!

سیگارەکەم فڕێداو تۆزێ زمانم هێنا بەپەنجەکانمداو کەمێ خورانمن, دەستم برد ئەو گەڵایە لاببەم, کە لەسەر کورسییەکە شەپۆلی نەرمە بایەك سەمای پێدەکرد, بەڵام کەدەستم برد بۆ لابردنی, گەڵاکە نەهات بەدەستمەوە .

ئاخ چەندە هیلاکم ئەرێ خۆ ئەوە سێبەری گەڵای درختەکەیە لەسەر کورسییەکە سەمادەکات!

هاوار بەماڵم من بەم شپرزەییەمەوە چۆن دەتوانم ئەم حیکایەتەتان بۆ بگێڕمەوە؟

تەواو صەوتی دایە ئەو گۆرانییەی حەسەن زیرەك کەدەیوت (باران بارانە هەورو بارانە یارخودا حافیز دەست لێك بەردانە).

ناونیشانی تاقەماڵەیەکیان دامێ, کە بێوەژنانەی بۆ نەکراوە, زۆر دڵخۆش بوم چونکە بەدرێژایی ئەمڕۆ زۆرترین ماڵە بێوەژنم بەسەرکردۆتەوە, تاناونوسیان بکەم بۆ وەرگرتنی بێوەژنانە.

لەجامی سەیارەکەوە سەیری دەرەوەم دەکرد....دەمڕوانی دەشتێکی ڕوتەنی لێرەولەوێ دڕکاوی گەرماوچۆڵیو تەنیایی وەك شارەمێرولە تێی بەربووە , لەپڕ چاوم کەوتە سەر کوللەیەکی پیری زەردی ماندو بەسەر دڕکە زیەکەوە , بەقاچە تیژەکانی سەری ئارەقاوی خۆی دەخوراندو گەرما هەر ئەوەندە ژیانی لەو کوللەیەدا هێشتبووەوە, تا نەمرێتو بۆچەرمەسەریو پەندی زەمانەبمێنێ, یان ڕەنگە بۆئەوە مابێ شایەدی بدات لە سەر بونی دۆزەخ لەم دنیایەدا.

- ئەرێ مامۆستا دەوازبێنە باگوێ لەم گۆرانیە خۆشەی زیرەك بگرین, بێقەزابی چیە بۆگەڕت ئالاَندۆتە کوللەو دڕکوداڵی ئەم دەشتە؟

جگە لەوە تۆ لەبەر ئەم هەوا فێنکەدا پاڵت لێداوەتەوە, چیتداوە لەم ڕاوو ڕێویە, بێبەڵابی تۆ کاڵەك خۆری یان بێستانڕن. شۆفێری ڕۆژنامە نوسەکە وای وت.

- یەکێك لەکرێکارەکانی باخچەکە ماڵی بە شانمدا, ڕایچڵەکاندمو وتی:

- کاکەگیان پارکەکە کەسی تیا نەماوەو زەردەی خۆرئاوا یەك هەناسە ڕۆشنایی تیاماوە, دەفتەرەکەت داخەو ئێرە بەجێبێڵە, چونکە دەرگای پارکەکە دائەخەم.

- ڕاچڵەکیم, خوێندنەوەی حیکایەتەکەی پێبڕیمو وتم باشە خاڵە گیان دەڕۆم.





دەفتەرو کتێبەکانم کۆکردەوەو لە نێو جانتاکەم هاویشت, کەهەستامە سەرپێ هەستم کرد سەرتاپای گیانم وەك ئەو کوللەیەی ڕۆژنامەنوسەکە باسی دەکرد بوبو بە ئاوو ئارەق, بە قووڵی بۆ ناو پارکەکەم دەڕوانی....

گەڵایەك سەری خستبوە سەر شانی لقێکو چڵێك چەمیبووەوە بەسەر تەنیایی گێلاسێکی ساوادا, لە ترۆپکی سنەوبەرێکیشدا کوکوختیەك دەیگماندو بێهەدادان چاوی بەناو دارو درەختو گەڵاکاندا دەگێڕا, وەك ئەوەی چاوەڕوانی شتێك بێت,هەر لە چاوەڕوانیەکانی میمکەتاوس دەچوو, کە لە درێژەی ئەم حیکایەتەدا باسی دەکەم .

چەن ڕۆژێکی قەیراناویم بردە سەر, بەتەواوی گیرم خواردبو لەنێوان حیکایەتو سەربوردە تایبەتیەکانی خۆمو ئەم حیکایەتەی کەوەك بەڵای ناگەهان یەخەی گرتوم, لەلایەك گرێ کوێرەکانی دڵمو لەلایەك ئەوبرینە قولاَنەی لەمێژبو باوکم کردبویە جەستەی دایکمەوەو ئێستا خوێنەکەی لە ڕۆحی من دائەچۆڕێ.

دایەگیان ئەوەتەی فامم کردۆتەوە هۆقە تفەکانی باوکم دەبینم بە دەموچاوی نورانیتا دێتە خوارێ, ئەو هۆقە تفانە لەو ڕۆژەوە بوونەتە کرمو دڵمیان کرمەڕێس کردوە.

لەو ڕۆژەوەی فامم کردۆتەوە خۆم ئامادە دەکەم, تابتوانم چیرۆکی تۆو باوکم بگێڕمەوە, کە خوا شەرم ئەکات لەبیستنی.

ئاخر من خراپ گیرمخواردوە, لەنێوان چیرۆکی دایکمو حیکایەتی مەترسیدارترین ئەو ڕۆژگارانەی میمکەتاوس ژیانی تیا دەگوزەراند, کە ڕۆژگارێك ژیانو مەرگ لای میمکەتاوس, بە ئەندازەیەك تێکەڵ دەبێت وەك جیاکردنەوەی ئاوو سەرابە لە دەشتێکا. ئاخر بۆکلۆڵیو نەگبەتی منو چارە ڕەشی دایکم نەبێت, چ بەیانییەك هێندەی ئەو بەیانییەی ڕۆژی چوارشەمەی چوارمانگو چوار ڕۆژ لەمەوبەر زوو هاتومەتە دەرەوە؟!

بیرم نایەت هەرگیز بەقەدەر ئەو بەیانییە زوو هاتبێتمە دەرەوە, هەرگیز بەقەدەر ئەو بەیانییە بەدیقەتەوە سەرنجی دەوروبەری خۆمم نەداوە, بەڵێ چوارمانگو چوار ڕۆژ لەمەو پێش, لەڕۆژی چوارشەمەدا, بەیانیەکی زوزو تاریکی دوا چۆڕی شەوی پێمابو, تاریکیەك کاڵو بێهێز, لەدوا چرکەکانی فیداکاریدابو تا ڕۆژبێتەوە.

شپرزەییماڵو بێدەرەتانی دایکمو بێقیمەتی باوکم زۆریان بۆهێنامو دەرپەڕیمە دەرەوە, بە جادەیەکی چۆڵوهۆڵو تەنیادا دەڕۆیشتم, بەلای باڵەخانەیەکی بەرزدا, کەپێی دەوترا ئوتێل هیوا گوزەرمکرد.

کزەیەکی سارد دەستی پێخستمە گیرفانەکانمەوە, داڵغەو بیرکردنەوەی تاقەت پڕوکێن وەك شانەی زەردەواڵە تێم وروکابونو چزەیان لەهەمو گیانم هەڵدەسان تەواو دنیا ڕوناك بووەوەو دەستم لە گیرفانی پانتۆڵکەم دەرهێنا تەماشای خۆمم کرد سەیرەکەم, بلوسەکەم بەهەڵەوگێڕاوەیی لەبەرکردوە.





لەگەڵ ئاسمان شەبەقی تێکەوت داڵغەم کەمێ شلوێ بوو, وەك ئەوەی بەشێکی زۆر لە خایلەو ختورەکانم دواچۆڕی شەو هەڵیمژیبێ, بۆیە تۆزێ هاتمەوە سەرخۆم, لە باڵەخانەکە بەتەواوی تێنەپەڕیبوم, لەناو کەلاوەیەکی پڕ پیسوپۆخڵیو پاشماوەی خواردنی خراپو قوتوی بیرەو شوشەی کەلوکۆمی ویسکیو عارەق, لەبەینی دوبەردی تابلێی مەلولو ناشیریندا خشە خشێکی زۆر ئیزعاجو تاڕادەیەك ترسناك هاتە گوێم.

خشەخشەکە زۆر ترسناك بوو, یەکسەر ئەو شەوەم بیرکەوتەوە, کەسەعات یانزەو چلوپێنج دەقەی شەو باوکم دوای چینێك لێدانو سوکایەتیکردن پێم خشوهوڕ دەستی بەناو کتێبخانەکەمدا دەگێڕاو شەلو کوێرم کتێبی بەملاولای خۆیدا فڕێدەدا, هەر دەگەڕا, بەشوێن ئەو کتێبو ڕۆژنامانەدا, کەباسی چەپو مارکسیەتیان تیابێت, تابەو شەوە بمکاتە دەرەوە, ئەگەرچی هیچی بەردەست نەکەوت,بەڵام هەرکردمیە دەرەوە, چونکە وتی: نەدۆزینەوەی هیچ ڕۆژنامەیەکی لەو چەشنە نیشانەی ئەوەیە زۆرقایمکارانە, لەمنت شاردۆتەوە,بۆیە هەردەبێ بچیتە دەرەوە,هەی دایك قەحبە, بەڵێ لە بەینی دوبەردەکەو ئەو هەمو شوشەی بیرەوعارەقو کاغەزو عەلاگە ڕەشەدا, کزەبا خشەخشی بەدەفتەرێك دەکرد.

خورپەیەکی ترسناك, لەنوکی پێمەوە هاتو بەتەوقی سەرمدا تێپەڕی هەندێجار پەڕەکان هێندە, بەخێرایی ئەمدیواودیویان دەکرد,

کەدەتوت هەمو ڕەشەبای دنیات کۆکردۆتەوە, تائەو پەڕانە ئەمدیواو دیو بکات.

ئاخر بۆ کلۆڵی نەبێت من بەم بەیانیە زووە چیدەکەم لای ئەم کەلاوەیەوئەم بەڵایە چیە ڕوم تیدەکات؟!

چومە ناو کەلاوەکەوە دوو هەنگاو ڕوەو دەفتەرەکە ڕۆشتم کاتێکم زانی هاوار, لەبنی پێمەوە بەرزبوەوەو خوێن لە کالەکانمەوە چۆڕاوگەی بەست بەپەلە دانیشتمو غیرەتم دایە بەرخۆم,چاوم نوقاندو بەهەمو هێزم ئەوپارچە شوشە شکاوەم ڕاکێشا, کەلەژێر کالەکانمەوە چوبوە ژورەوەو چەن سانتیمێك, بەگۆشتا ڕۆچووبووە ناوەوە.

هەر دەبوایە ئەوکاتە, کە لەتێ شوشەی شکاو چوو بەقاچمدا بمزانیبا روەو چ تراژیدیایەك پێم هەڵگرتوە؟! دەنا بۆچی بەو تاریکیە ئەو هەمو ڕێگایەم بڕی, تالەماڵەوە گەشتمە ئەم کەلاوەیە, بێئەوەی توشی هیچ موسیبەتێك ببم, بەڵام کە ڕوەو ئەو دەفتەرە پڕ بەڵایە هەنگاوم هەڵگرت، تووشی ئەو ڕوداوە بووم؟

بەڵام ئێمە کەی ئاماژەی گەورە ڕایچڵەکاندوین, تاڕێز لە ئاماژە بچوکەکان بگرینو ڕاچڵەکێین؟! ئاخر چ دەبوو, ئەو پارچە شوشە شکاوە, بیوەستاندمایەو بگەڕامایەتە دواوەو نەبوومایەتە شایەدی تراژیدیترین مەرگو ڕوداوو کارەسات؟ ئێستاکەش خەجاڵەتی دایکم نەدەبومو حیکایەتە نەگێڕاوەو نەوتراوەکەی دایکمو باوکم دەگێڕایەوە, کەڕەنگە بەنوسینەوەو باسکردنیان بۆ من تەسەللایەك بێت.





خێرا کالەکانم داکەندو توند دەستم گرت بە جێبرینەکەوە.

ئاخ هەردەبێ بەبرین دەست پێبکەمو خەریکی یاداشتکردنی برین بمو برینتان بۆ بگێڕمەوە, بەدەم سوێی برینەکەی قاچمەوە چاوم بەناو کەلاوەکەدا دەگێڕا, بەهەنگەشەلێ ڕوەو پارچە قوماشێکی سەوز ڕۆشتم. پارچە قوماشەکە بەروانکەیەکی چڵکن بوو, هێندە چێشت وشلەی پیاڕژابو بەئەستەم دەتزانی ڕەنگی سەوزە, بەروانکەکەم دادڕی توند قاچم پێبەستوو خوێنەکەی وەستایەوە, سەیری دواوەی خۆمم دەکرد, دڵۆپەی خوێن قەتارەی بەستبو بەشوێنمدا ئەم دیمەنە, هەر لەودەمەو عەسرە دەچو, کە لە بەڵەکۆنەکەی ماڵی خۆمان دانیشتبوینو دایکم چایەکی بۆباوکم هێنا.

باوکم وتی ئەرێ ئەو چایە بۆئەوەندە ڕونە؟ ئەڵێی میزی نەخۆشە.

دایکیشم وتی هێشتا چاکە باش ڕەنگی نەداوەتەوە, ئێستا چای ترت بۆتێ....

نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات, هەتا هێزی تیابوو یەك مستەکۆڵەیدا بەدەم ولوتیداو دایکم بێدەنگ سینیە چاکەی هەڵگرتو پشتی تێکردینو ڕۆشت.

دڵۆپەی خوێن, تا موبەقەکە لەدوایەوە قەتارەی بەست, وەك چۆن ئێستاخوێن, لەقاچی منەوە قەتارەی بەستوە.

بەهەرحاڵ دەستم دایە دەفتەرەکەو وادیاربو پەڕەکان, لەمێژبو خشەخشو ئەمدیواودیویان دەکرد, بۆیە ئارەقی ماندویی بەڕوخساری پەڕەکانەوە دیاربوو, یەکسەر سەیری بەرگی دەفتەرەکەم کرد لێینوسرابو (یاداشتەکانی دۆزەخ), لەخواریەوە ڕەسمی بێشکەیەکی تیادروستکرابو, نیوەی بێشکەکە ئاگربو, نیوەکەی تریشی ئاو, بەڵام ئاوێك لە قۆناغی بەلافاوبوندا.

ئیدی دڵم هێندەی بەبەرەوە نەمابوو، تەواو هەستم بەشەکەتی دەکرد, دەمێکبو لەنێوان ئەم دوو حیکایەتەدا گیرم خواردبو, کە هەریەکەیان دەلاقەیەکی تایبەتبون بەتراژیدیاو برینوکلۆڵی, ئیدی ئەوەندە لەناو بێ بڕیاریدا مۆلەق مابوم لەو تیمساحە دەچوم, کەتامرد نەیتوانی بڕیاربدات بۆیەکجاری لەئاودا بژی یان لەوشکانی, ئیدی سەرەنجام لەقۆناغی بەرزەخیدا مایەوە, تاگیانی دەرچو. بۆیە من نەمدەویست لەمەزیاتر خۆمو ئێوەش ماندوبکەمو بڕیارمدا ئەم جارە حیکایەتەکانی دایکم هەڵگرم بۆکاتێکی نادیار, هەروەك چۆن خوا تائێستاش دایکمی هێشتۆتەوە بۆئەوەنا, کەتامی جوانیەکانی ژیان بکات, بەڵکو بۆئەوەی بێشەرەفیەکانی ژیانی لێباربکا. منیش خەجاڵەتمەندانە دایکمو حیکایەتەکانیم هەڵگرت, بۆکاتێکی ترو دەچم سەفەرێك بەناو یاداشتەکانی دەفتەری نێو ئەم کەلاوەیەدا دەکەم.

دەرگای ژورەکەمم بەهێواشی کردەوەو قایم دامخست یەکجار شەکەتوماندوبوم هەستم دەکرد زەحمە تەشانم ئەم هەمو زوخاوو مەراقو برینە هەڵگرێ بەڵام هەمیشە ئەوەشم لەخەیاڵدابو, کەخوا





جۆرەمرۆڤێك, لەقەهرورقو بێتاقەتی خۆیا دروست دەکات, تانەگبەتیو بەدبەختیەکانی ژیانیان لێباربکات, ئەمە قسەی ئەو کاتەم بو, کەقوتابی سێی ناوەندی بوم, لەبەرچاوی تەلەبەکانو مامۆستای ئایندا وتم, بەڵام دوای ئەو قسەیە مامۆستا بەسوکترین ڕوانین نیگایەکی تێگرتم, لەناو قوتابیەکانا کردمیە پوش برنج, بەغەزەبەوە وتی: هەرگیز خوا باری شانی قورس نابێ, بەڵام چەندکەسێ بۆئەوە دەهێنێتە بونەوە, تالەسەرزەوی ئەم خەم ومەراق وتەنیایە لەکۆڵ بگرن ئەمە بەخشینی بەشێکی ئەرکەکانی خودایە بەچەندمەخلوقێکی تایبەت وناوازە واتە ئەمە دەستی ڕێزی خودایە بۆسەر مرۆڤ.

چوزانم ئەگەر قسەکەی من ڕاستبێ, یان هی مامۆستا, بۆئەبێ گڕگڕ ئەم خەمو حیکایەتە سەیرو سەمەرانە, وەك رەشمار بەقاچی منا بئاڵێ؟

ئەم دەستی ڕێزە بۆئەبێ هەرلەسەر شانی من بنرێ؟

لەسەر قەرەوێڵەکەم ڕاکشامو دەفتەرەکەم دەرهێنا, لەگەڵ کردنەوەی دەفتەرەکەدا کوللەیەك لەبنمیچو لەناو داروحەسیری ڕزیوی ژورەکەمەوە کەوتەخوارەوە, لەگەڵ کەوتنە ناو دەفتەرەکەوە گیانی دەرچو, ڕاچڵەکیمو توشی دڵەکوتێ بومو ئارەقێکی ساردم دەردا وتم:

دەی خوای گەورە وەك مەحکومت کردوم, بەگێڕانەوەی ئەم چیرۆکە, بامۆڵەتت بدایە, تائەو کوللەیە قسەیەکی لەگەڵ بکردمایە؟! ئاخر کێ دەڵێ ئیشێکی نەبو بەمن؟ ڕەنگەمردنەکەی

لەم کاتەداو لەکاتی کردنەوەی دەفتەری یاداشتەکانی دۆزەخو لەم ئێوارە درەنگوەختو تاریکەدا خۆی بۆخۆی پڕقسەو پڕحیکایەتیتر بێ, بەڵام ڕەنگەخوا خۆشیویستبم, کەئەوکوللەیە بەمردویی کەوتەخوارەوە, بۆناو دوتوێی دەفتەرەکەی بەردەستم دەنا کێ دەڵێ,بەزیندویی بەگیری نەدەهێنام, تائەویش حیکایەتی کلۆڵیو نەگبەتیەکانی خۆیم بۆباسبکات, منیش ئەوەندەیتر شپرزەو پەژموردەو سەرگەردان دەبوم.

ئاخر قوڕی کوێ بکەم بەسەرما! گوێ لەدایکم بگرمو بینوسمەوە, حیکایەتەکانی میمکەتاوس بژنەڤم, گوێ لەم کوللەیە بگرم, ئاخر پەراشو گەردگەرد بووم, وەك ئاردی بن دڕکم لێهاتوە. بەهەرحاڵ هەستامو هەردوباڵی کوللەکەم گرتو هاویشتمە تەنەکەی خۆڵەکەوە, هەروەك چۆن ئێمە دەمرین, بەڵام ئێمە ناخرێینە تەنەکەی خۆڵەوە, بەڵکو دەمانترنجێننە قەبرێکی تەنگوتارو قوڵەوە, لەبەر ئەوەنا کەڕێزی زیاترمان هەیە لە کوللە, بەڵکو لەبەر ئەوەی تەنیا ئەو قەبرە قوڵە دەتوانێ ئەولاشە بۆگەنە تاروماربکاتو سەرزەوی, لەبۆگەنی مرۆڤ بۆنبڕبکات.

ژورەکە ئەوەندە تاریکبو, بەئاستەم دەتتوانیو نەتدەتوانی بخوێنیتەوە بۆیەپەنجەمنا بەپلاکەکەدا گلۆپەکەم ڕۆشنکرد, دوای ئەوەی خۆم گۆڕی لەسەر قەرەوێڵەکەم پاڵکەوتمودەستمکرد بەخوێندنەوەی یاداشتەکانی دۆزەخ.

- تەق تەق زۆرم کێشا بەوچەپەرەشکاوو گێڕەدا, کەپێی دەوترا دەرگای ماڵی میمکەتاوس, ماڵی چی؟!, خواهاوار لەناو دەشتێك





تەپوتۆزو گڕەوگەرماو دڕکوداڵو مێشو مەگەزدا, کەهەردەتوت هەرچی ماڵولانەی مێشو مەگەز هەیە تێکوپێك دراوەو هەمویان لەدەوری ماڵە کوێرەوەبوەکەی میمکەتاوسدا مۆڵیان خواردوەو وەك پەنا سەیری دەکەن.

ماڵێك, کەدیوارەکانی لەو خشتە قوڕینانە دروستکرابو, کەبەتەپوتۆزی گەرمیانو ئاوو ئارەقو فرمێسك قاڵب قاڵب دروستکرابو, هەردەبێ وابێ دەنا سەیرکردنی ماڵێکی کەلوکۆمو فشەڵوخواروخێچی وەك ماڵەکەی میمکەتاوس, یەکراست خەیاڵت بۆئەوە دەچوو, ئەم خانوە, یەك گەردەلولی ئەم خۆڵو تۆزو گڕەو گەرمایەی بەسە, تا داری بەسەر بەردیەوە نەمێنێ, بەڵام ئەم جۆرە خانوانە دەرگاودیوارو لاشیپانو سەربانەکەی مەراق ڕایگرتوە, دیارە مەراقیش ڕەگوڕیشەکانی ئەوەندە داکوتراوو بەهێزە, کەهیچ ڕەشەباو گەردەلولێك ناتوانێ نەك بیڕوخێنێ, بەڵکو بیشیلەرزێنێ, بەهەرحاڵ دیمەنی ئەم ماڵەوئەم دەشتە قاقڕو سامدارە بەسە بۆئەوەی بزانی ژیان چەند بێشەرەفە!

زۆر تەقەم لێداو کەس جوابی نەدامەوە, پاشان بەهێواشی ئەو چەپەرە شکاوەی پێیدەڵێن دەرگا ترازاندم, سەیرمکرد لەناو دالانی خانوەکەدا شتێکی ڕەش کە هەر, لەکۆتەرەدارێکی پاشماوەی دارستانێکی سوتاو دەچو, وەك ئەوەی چاوم ڕمۆڵە بکات هەستمکرد کۆتەرە دارەکە جارجار دەجولێت.

ورده ورده, بەناو حەوشەی گڵ وخۆڵو چۆڵدا هەڵکشامە سەرەوە, تازیاتر نزیك دەبومەوە زۆرتر چاوم هەڵدەگلۆفیو کۆتەرەدار زیاتر جوڵەی تێدەکەوت تەواو چومە ناو دالآنەکەوەو سەلامکرد, لەحازری.

پیرێژنێکی سەرتاپا ڕەش, بەهێواشی ئاوڕی دایەوە لەچکەیەکی ڕەشو قژێکی سپی سپی ئالۆزو شپرزەو پەرێشان, بەلای چاوولاجانگیدا هاتبونە خوارەوە کزەی گەرمایەکی گڕاوی یاری بەقژە سپیەکەی دەکردو دەتوت هەرچی چرچ ولۆچی دنیا هەیە خوا کۆیکردۆتەوەو هەڵیرشتوەتە تەوێڵولاجانگو دەموچاوی ئەم پیرێژنەوە, بەدەستێکی قژەسپیو پەرێشانەکەی کۆکردەوەو کردی بەژێر لۆچی لەچکەکەیدا, بەدەستێکیشی هەر بەهێواشی بێشکەکەی ڕادەژەن.

تۆزێ سڵەمیەوەو ترسا, تازە سڵەمینەوەو ترس بوەتەخۆراکی ڕۆژانە لە گەرمیانا.

- عەلەیکە سەلام کوڕی شیرینم فەرمو دانیشە.

- پورێ گیان چیدەکەی لەم ماڵەچۆڵەدا؟

- چ ئیشت هەیە بەوەی من چیدەکەم؟

- ببورە پورێ گیان من ڕۆژنامە نوسم, بەقەزاولادێکاندا دەگەڕێم, تا سەرژمێری بێوەژنەکانی ئەم ناوچەیە بکەم ودەستی یارمەتی ڕێکخراوێکیان بۆ درێژبکەم, لانیکەم بێوەژنانەیەکیان بۆببڕینەوە.





- بەزەردەخەنەیەکی پڕ لەقەهرەوە, کوڕی خۆم سەرژمێری ناوێ, ئەوەی ئافرەت بێتو لە گەرمیانا مابێت بێوەژنە, بەڵام بێوەژنی ئەم گەرمیانە جۆراوجۆرە هەیانە لەگەڵ بارکردنی باوك ومێردو کوڕەکانیان, بۆناوزیلەکان ئەمانیش عەقڵ لەسەریانا باریکردو ئێستا پێیان دەوترێ حەلاوەشێت, پیرۆزەشێت, گەلەشێت, فەیمەشێتو زۆریتر, بەناو شاروشارۆچکەکانی دنیادا بلآوبونەتەوەو هیچ باکیان نیەو هیچ, لەخەیاڵگەو مێشکیانا نەماوە.

جۆرێکیتر لەبێوەژنەکان بۆنەگبەتیو کلۆڵی عەقڵیان, لەدەست نەداوە هەرچی زوخاوو مەراقو مەرارەت هەیە لێیان بارکراوە منیش جاری واهەیە تاوسە شێتو جاری واش هەیە ئەم میمکە تاوسەی بەردەمتمو ڕۆژی هەزارجار لەم ماڵەدا ئەسوتێم وهەڵئەقرچێم, بەدیار ئەم کۆرپەیەوە

دانیشتومو هەرچاوەڕوانمو هەرچاوەڕوانمو نازانم چیبکەم؟!

- لەناوەوە ئاگرمگرتبو, بەڵام دانم بەخۆما دەگرت, لێمپرسی:

- پورێ گیان ناوت چیە؟

- ناوم میمکە تاوسە

- ئەی ئەو بیشکەیە چیە؟

- تۆزێ بەهێواشی قسەبکە بائەو منداڵە خەبەری نەبێتەوە, چونکە دڵم خەبەریداوە ئەم کۆرپەیەم خەبەری بێتەوە لافاوێکی خراپو ترسناك هەڵدەسێ, بەڵام لافاوێك لە خۆڵ ئەوکات دەرفەت

نامێنێ ڕوداوەکانیش بگێڕینەوە, کورە ڕەنگە ئەولافاوە بەجۆرێکبێت شتاقێ ڕۆحلەبەر نەمێنێ تا حیکایەتەکانی ژیان بگێڕێتەوە.

ئاخر خوا دەستی لەم ناوچەیە هەڵگرتوەو منو ئەم کۆڕپەیەی هێشتۆتەوە, تا لەدواییدا حیکایەتەکانی ئێرەی بۆباسبکەم.

بەکەلیمەی کوفرو ناشکوری لێم وەرنەگری ڕۆژێکیان زۆر دامەنگیری خوا بوم, کەئێرە جێنەهێڵێتو پێم وت منو ئەم کۆڕپەیەش بەرگەی ئێرە ناگرینو بەجێمان مەهێڵە, بەڵام لێتناشارمەوە ئالەم دالاَنەدا خوا پێی وتم: من ناوێرمو ناشتوانم حیکایەتو ڕوداوەکانی ئەم ناوچەیە بژنەڤم, تۆ لێرەبەو دوایی هەمویم بۆبگێڕەرەوە.

- سەیرە ئەمانە لە قسەی پیرێژنێکی نەخوێنەوارو نیوە بەشەرێکی وەك میمکە تاوس ناچێ, بەڵام هەرکەس بهێنیتە ئەم خەرابستانەوە, بەمەرجێ شێتو پەتیارە نەبوبێو چکێ عەقڵ لەسەریا مابێ هەرئاوا وەکو میمکە تاوس قسە دەکات.

میمکە تاوس چیرۆکو ڕۆماننوس نییەو باسی چیرۆکو ڕۆمانیش ناکات, بەڵکو واقعێ باسدەکات, بەگوتەی خۆی خوا خۆی لێشاردەوەو نەیوێرا سەیری بکات.

هەرچی سەیری میمکە تاوسم دەکرد لەدەمانچەیەکی پڕ فیشەکی شپرزەو ئارامنەگرتو دەچو بەئاستەم دەستم بەری بکەوتایە دەترازاو دەسرێژی دەکرد, بەڵام دەسرێژی گوللەنا دەسرێژی مەراقو حەکایەتێکی عەجایەبو کوشندە .





بابێشکەکەش لەولاوە بوەستێ, کەناوسکم گڕی گرتبو بۆی, لەدڵی خۆما وتم: خودایە شەرتبێ لەتۆڵەی ئەم منداڵەدا هەرگیز لێت خۆشنابم, ئاخر خۆ ئێمەی مەخلوقیش بۆمان هەیە گلەیی لە خودا بکەینو هەروا بەئاسانی لێی خۆش نەبین.

دەی میمکە تاوس گیان هەمو گیانم بوە بەگوێ تۆقسەبکەو منیش دەیژنەڤمو دەشینوسم.

- بۆئیسراحەتو فێنك بونەوەو تۆزێ دەرهێنانی تەمەن, لەبێشکەکەدا دەستم لەدەسکەنەی نۆك هەڵگرت بێشکەکەم دابەشانمداو ڕوەو ئەو ئەشکەوتە پێم هەڵگرت, کە لە دێرزەمانەوە پێی دەوترا (ئەشکەوتە زریکە)

- باشە میمکە تاوس بۆپێیان دەوت ئەشکەوتە زریکە؟

- چونکە دەستت بەر هەر کوچکو کەڵەکو لادیوارو بەردێکی ئەم ئەشکەوتە بکەوتایە گوێت لەزریکەو هاوارێکی پڕلالاَنەوە دەبو, تەنیا ئەو کاتانە ئەم ئەشکەوتە نەیدەزریکاندو نەدەلالاَیەوە, کەمناڵێکت پێبوایە .

ئەم ئەشکەوتە تەنیا ئەو کاتانە کەڵکی هەبو ڕوی تێبکەی, کەبێشکەومناڵێکت پێبوایە دەنا, بەتەنیا یان لەگەڵ خەڵکی گەورە بچویتایە, هەر لەکونەکەوە هەستت بەگۆڕانی ڕەنگو ڕخساری ئەشکەوتەکە دەکردو ئەشکەوت دەستی دەکردە زریکە ناڵەناڵ

ئیدی پشتاوپشت ئەم ئەشکەوتە ئەمە حاڵی بوە ئێمەو باوو باپیرانیشمان سەرساموحەیران بوین بەرامبەر بەم ئەشکەوتە.

بیرمدێ تازە باڵق بوبومو مەمکم هێواش هێواش بناغەی دانابو هەستم دەکرد ئیدی منداڵ نیم، کچێ تاوسە بەمنداڵی تکاکارم بویت هاتوین بۆ ئەشکەوتە زریکە نان وچام خواردوەو تێیدا خەوتوم, جا مەگەر خوابزانێ خەوی ناو ئەو ئەشکەوتە چەنە خۆشە! باوکم وتی هەربەیادی ئەو ڕۆژانەوەو لەبەر خاتری تۆبچمەوە بۆئەشکەوتە زریکە, کەچوینە بەردەمی ئەشکەوتەکە ئەشکەوت وەك هەوری تورەی بەهار دایەناڵە ناڵو زریکەو هاوار ئەوەندە ترسام مەگەر ئەورۆژە ئەوەندە ترسابم, کە بەبێشکەکەوە هاتمەوە ناو (دێ)و چۆڵەوانی وەك گورگ دەیلوراندو ئەوەی بەشەربێ لەو دێیەدا نەمابو.

کە باوکم دەیوت ئاخر ئەمە هەر تاوسەکەی مناڵیە, کەدەمانهێناو بەگاگۆڵکێو چنگە پۆپانێ دەچوە ناو جۆگەلەکەتەوە, هەتا زیاتر یاری بە ئاوەکە بکردایە جۆگەلەکەت ڕونترو سازگارتر دەبووەوە.

کە باوکم ئەم قسانەی دەکرد ئەشکەوتەکە زیاتر دەیزریکاندو چنگی لە ئەستێرە گیردەکرد, دەموت هەرئێستا دەڕوخێ بەسەرمانا.

هەندێ پوشو پەڵاشو دڕکەزیم کۆکردەوەو بەرەو ئەشکەوتەزریکە ڕۆشتم, ئەو ڕۆژە دەسکەنەی نۆکم زۆر کردبو دەستوپلم وەك ئێستە گرێ گرێو ڕەقەڵە نەبو, بەڵکو وەك یاقیق





دەدرەوشایەوە, بەهەرحاڵ ئەورۆژە دەسکەنەی نۆك دەستوپلمی بریندار کردبو.

قۆریەکەم نا بەسەر ئەو چیلکەو پوشوپەڵاشەوە, کەلەبەینی سێ خڕکە بەردا کۆمکردبونەوەو ئاگرم دابو وتم تا چاکە دەم دەبێ, با قومێ شیر بدەمە تەمەن تەمەنی چی! لەناو بێشکەکەدا ئەتوت باخە گەنمە ئەوەندە جوانبو, مەمکەکەم نا دەمیو هەردو چاوەڕەشەکەی بڕیبوە چاوم زۆر بەترسەوە سڵەمیمەوەو تەواو ساکام, منداڵێکی بەرمەمکانە چۆن دەبێ ئەوەندە بەقوڵیو سەرسامیەوە تێمبڕوانێ؟! جەسارەتی ئەوەم نەبو بەقوڵی بڕوانمە تەمەنی دڵەکەم وەك چۆن ئەو دەیڕوانی بۆیە خۆمدا بەسەر بێشکەکەدا, تائەویش بە مەمکەخواردنەوە بخلافێو واز لەو ڕوانینە مەرگباروترسناکە بهێنێ, پاش کەمێك سەرم هەڵبڕیو تەماشام کرد تەمەن ملچەملچ مەمکەم دەمژێ, بەڵام هەر بەقوڵی تێمدەڕوانێ.

لەناو ڕەشێنەی چاوی ڕاستیدا بیابانێکم دەبینی گەردەلولی خۆڵوغوبارو تەپوتۆز تیایا هەڵیکردبو, تەپوتۆزو گەردەلولەکە ئەوەندە زۆربو, لەگەردەلولەکە ئەسپێك دروستبوبو دەیحیلاندو سمکۆلانی دەکرد, لەناو ڕەشێنەی چاوی چەپیشیدا سەگێکم بینی دانەکانی گیرکردبو, لە دەسرازەی بێشکەی مناڵێکو هەر ڕایدەکێشا سەگەکە بەدەم ڕاکێشانی دەسرازەو بێشکەو مناڵەکەوە دەیقروسکانو تا دەهات ئاگرەکە زیاتر بەردەبوە بێشکەو

مناڵەکە. هەمو گیانم کەوتە لەرزین, بەپەلەو بەگریانێکی کەسکونو دڵتاوێنەوە دەستێکم هێنا بە دەموچاوی مناڵەکەماو خێرا دەسرازەکەم شلکردەوە، لە بێشکەکە دەرمهێناو توند گرتمە ئامێزمو گوشیم بەسنگمەوە, مناڵەکە دایەقاقای پێکەنین بەڵام دەنگدانەوەی قاقای پێکەنینی مناڵەکەم لە ئەشکەوتەکەدا زۆر دڵخۆشو زۆریش ترساندمی دڵخۆشبوم چونکە تەمەن کەوتە چاوتروکاندنو تەواوی دیمەنەکانی نێو ڕەشێنەی چاوەکانی شلوێ بونو ئاسەواریان نەما منیش بەکامی دڵ مناڵەکەم لە ئامێز گرتو تۆزێ هاتمەوە هۆش خۆم, بەڵام ترسامو دڵتەنگ بوم, چونکە دەنگدانەوەی ئەو قاقایە لەو ئەشکەوتەداو لەو دەمەوعەسرەدا تەزویەکی تاقەت پڕوکێنیان هێنا بە گیانما.

- کوڕە شیرینەکەم هێشتا هیچی وام بۆ نەگێڕاویتەتەوە, تۆش کوڕە شاریتو ناسکیت بالێرەدا کۆتایی پێبێنمو ئەوەندە سەرت نەیەشێنم, چونکە دڵنیابە تۆ بەرگەی ئەم حیکایەتانە ناگریت, جگە لەوە تەواوی تەمەنت بەربادو فەنا دەبێتو ناشتوانی بەردێ بخەیتە سەر بەردێ, چونکە من دڵنیام هەمو دنیا ناتوانێ دڵێکی شکاوو سکێکی سوتاو تیمار بکات, تازە هەرهەمو دنیا ناتوانێ بەدڵۆپێ خوێن بڵێت: ئیدی بوەستەو لەمەزیاتر جۆگەلە مەبەستە.

- نا میمکە تاوس گیان نەسەرم دێشێو نەبێتاقەت بوم, هەرگیز پەنجەکانم بە قەدەر ئێستا لە تۆغیانی هێزو وزەدا نەبوە بۆ نوسین, هەروەها تەنیا گوێچکەکانم قسەکانت ناژنەڤن بەڵکو تەواوی ئەعزای





گیانم بوەتە گوێو لەبەردەمتا ڕاوەستاون.

- ئاخر کوڕی شیرینم تۆ هاتوی بۆ کارێکی تر, نەهاتوی گوێ لەم هەمو زوخاوو مەراقە بگری, کە من هێشتا نیوەیم بۆ باس نەکردوی.

- نانا میمکە گیان توخوا وا مەڵێ لانیکەم ئەگەر بە گوێگرتنیش بێت دەمەوێ یەك لەسەر هەزاری ئەم کۆڵە گرانەت لێبگرم, دەی درێژەی بەرێ.

- میمکە بەقوربانت بێت, من فرە گێلوگەوجو نەفام بوم دەنا چاوەکانی تەمەن پێش وەخت هەمو شتێکی پێوتم بەهەرحاڵ هەتا بەروبێشکەم پێچایەوەو دوبارە تەمەنم خستەوە ناو بێشکەکە, تەماشام کرد قۆریەکە ئەوەندەیتر ڕەش بوەتەوە یەك قەترە چا لە قۆریەکەدا نەماوە, تۆزێ تلپە بەقەراغو بنی قۆریەکەدا سوتاوە, تمەز لەم هەموخەیالاَتو بگرەو بەردەیەدا نەك چام نەخواردەوە ئاگام لە سوتانی چایەکەو قۆریەکەش نەمابو.

بێشکەمدا بەشانمدا بەوهەڵدێرو کەندوکۆسپەدا کەوتمەڕێ, لەدەرگای ئەشکەوتەکە هاتمەخوارەوە, بەدرێژایی ئەو ڕێگەیە جارجار تۆزێ لامئەدا بیشکەکەم دائەگرتو سەیرێکی کۆرپەکەمم ئەکرد.

ئەوهەمو هەڵدێرو بەرزونزمیەی ڕێگا خەبەری نەدەکردەوەو لە قوڵترین خەودابو, تۆزێ دڵم کرمێبو شتی خراپ بەخەیاڵمدا دەهات,

بۆیە لامدایە پێچێکو بێشکەکەم دانا, دەسرازەکەیم شلکردەوەو گوێمنا بەدڵیەوە ئاهێکی خۆش بەگیانمدا هاتو دڵنیا بوم کە نەمردوە لەشیرینترین خەودایە گەرچی خەویش جۆرێکە لەمەرگ بەڵام خۆمان دەخڵەتێنین وناومان ناوە خەو.

ڕێگای نێوان ئەشکەوتەکەو ئاوایەکەمان لەبەرچاومدا گۆڕابو وەك جاران نەمابو, ئەوهەمو کەندوکۆسپو ڕێگاوچەمو دارستانەم بڕی کەچی هەر نەدەگەشتم قەدەرێکی درێژو تاقەت پڕوکێن بەناو دارستانێکا کە ئەسپ بەسوارەوە تێیدا وندەبو ڕۆشتم, هەرچەن سەرم دەهێناو سەرم دەبرد نەمدەزانی ئەمە چۆن لێکبدەمەوە, ئاخر ڕێگەی نێوان ئەشکەوتە زریکەو گوندەکەمان تەنیا نیوسەعات ڕێگەبو, ئێستا ئەم هەمو کەندوکۆسپو دارستانو ڕێگەیە یەعنی چی؟!

میمکە تاوس نەیدەتوانی دەری ببڕێ بەڵام لەچاوەکانیدا نوسرابوو لەگەڵ بەتاڵاَن بردنو نغرۆبونی گوندەکەمانا کات گۆڕابو شوێن گۆڕابو دوایی زانیم دەستی ڕەشی بەعس هاتبو وتبوی: من بەتەنیا کچ وژن براو مێردو مناڵەکانتان نابەم, هەربەتەنیا مەڕومالاَت و سەگو تولەو تانجیەکانتان نابەم من میلی کاتژمێرەکانتان دەگۆڕم, من دەسکاری کات دەکەم دەبێت کات بەو شێوەیە بڕوات کە من دەمەوێت.

بێلەزەتو بێئەندازە شوێن درێژ بوبوەوە, ئەگەر وانەبێ جوگرافیای شوێن لەنێوان ئەشکەوتە زریکەو گوندەکەمانا بۆ هێندە درێژبوبوەوە؟!





یەکراست خەیاڵم بۆئەوە چو بەعس بیری لەوە کردبێتەوەو وتبێتی: کەگەرمیانم یەك پارچە کردبێتە دۆزەخ بادەسکاری مەودای شوێنەکان بکەم, تاچیتر مەوداو پانتایەکانی دۆزەخ فراوانتر بکەم.

هەر دەڕۆیشتم بەناو ئەو دارستانو باخوچنارانەدا بێشکەکە هەر بەشانمەوە بو, وردە وردە تاریکی هروژمی زیاتری دەهێنا ڕێگا درێژتر دەبووەوە, خەریکبو زیرەی مەرگم دەکرد ئاخر خوایە ئەم ڕێگەیە کەی ئەم هەمو داروبەردو چەم وچۆڵەوانیەی تیابو؟!

ئێستاشی لەگەڵدابێ درێژیو توناوتونیو سامو خۆفی ئەو ڕێگایەم بۆ تەفسیرنەکرا, هەرکۆڵم نەدا, لەڕۆشتن کاتێکم زانی هەڵنوتام لە تاوێرەبەردێك یەك دو تەقلەمدا بێشکەکەش تاریکی وترسو لورەی چەقەڵو ڕێوی لەشان وملیان ڕفاندم وەك ئەوەی باڵی گرتبێ, خوێن لەسەرمەوە فیچقەی کرد.

پڕ بەو کەندو کۆسپو بەردەڵانە زریکاندم, بەڵام گوێم نەدا بەخوێنی سەرمو خرموهوڕی ئێسقانی شانوقۆڵم ڕوەوبێشکەکە بەهەڵەداوان ڕۆشتم, کەسەیرم کرد بێشکەکە لەبەینی دوپەلی درەختێکی بەرزەباڵاَدا لەنگەری گرتوەو تەمەنیش نیوەی لاشەی بەلێواری بێشکەکەدا هاتۆتە خوارەوە.

تەمەنی چی! دەموچاوی وەك مانگی چواردە لەناو قیامەتی ئەو تاریکیەدا دەدرەوشایەوە, زەردەخەنەیەکی سەیروسەمەرە بەلێواری دەمولێویدا دەهاتە خوارەوەو بۆی دەڕوانیم وەك ئەوەی پێمبڵێ: ئەم ڕێگەیەت بۆ گرتە بەر؟!

ئاخر من لەئەشکەوتەکەدا بەڕوانین پێم وتی بەڵاوموسیبەتێك وا لە ڕێگەمانا, بەڵام تۆ گوێت لێنەگرتم.

بەپەلەو بەگریانێکی پڕترسو پڕ لە ناشوکریو سکالاَوە دەستم درێژ کرد بۆ بێشکەکەو دامگرتە خوارەوە خوێن بەسەرمدا دەهاتە خوارەوەو لەگەڵ فرمێسکا تێکەڵی یەکبوبون, بەڵام من لەتاو تەمەن ئاگام لەخوێنی سەرمو خرموهوڕی ئێسقانەکانی لەشم نەمابو.

تۆش وەك کوڕم وایت, بەڵام ئەمەشت بۆ دەگێڕمەوە کە لەئەشکەوتە زریکەوە بەڕێکەوتین زۆرزۆرمان ویست تائەم هەمو چۆڵیو دارستانو بەردەڵانەمان بڕی ترسو تەنیاییو چۆڵی ڕێگەو سەرسامیم بەرامبەر بەدرێژبونەوەی رێگاکە بەوشێوە نائاساییە وای کردبو ئاگام لە (تەمەن)ی دڵەکەم نەمابو تاشیری بدەمێ لەگەڵ بێشکەکەم لەبەینی دولقی درەختەکەوە داگرتو لەبێشکەکە دەرمهێنا نزیکم کردەوە لەسنگم شیر لە هەردو مەمکەمەوە فیچقەی کردو کراسەکەمی تەڕکرد.

باشە خوایەگیان من زۆر دەمێکە نانم نەخواردوەو ئەم ڕێگە دورەشم بڕیوە ئاخر ئەو هەمو شیرە چیدەکات لە مەمکەکانما؟!

مەمکەم خستە دەمی تەمەنەوە, ئەوەندە بەهەڵپەو پەلەپەل قومی ئەدا لەمەمکم چەن دڵۆپێ شیر پەڕیە قوڕگیەوە خەریکبو بخنکێ, تێر شیرم کردو خەوی لێکەوت, منیش لەچکەکەم توند بەست لەسەرم, ئیدی هەرئەوەندە ئاگام لەخۆمبو کاتێك خەبەرم بووەوە هەتاوی چێشتەنگاوێکی درەنگ وەخت وا لە سەرمان یەکسەر





هەستامە سەرقنگو دانیشتم, سەیرێکی ئەملاولام کردو دەستم برد بۆ لاجانگم شتێکی ڕەقو زبر بەلاجانگو ڕومەتمەوە ڕەقەڵەی کردبو, تمەز خوێنی سەرم بو وشکبوبوەوە.

ترس وچارەڕەشیو دورودرێژی ڕێگاو دیارنەبونی چارەنوسی خۆمو کۆرپەکەم ئەوەندە سەرقاڵیان کردبوم بەهیچ شێوەیەك برسێتیم بیر نەدەکەوتەوە.

دوبارە کەوتمەوە ڕێگە, وردەوردە لەتۆپەڵێك خانوی لاروگێڕو ڕەنگ بۆرو قاوەیی نزیکبومەوە زانیم واخەریکە لەدەروازەی ئاواییەکەی خۆمان نزیکدەبمەوە.

لەشانی مزگەوتەکەوە هەڵکشام بەرەوژور, ئای کوڕی شیرینم...خزمەتی مزگەوتمان کرد, کەچی نزایەکی لێ وەرنەگرتین, ئێمە بەرماڵو جاجمو ڕاخەری زۆرمان خستە مزگەوتەوە, ئەویش سکالاَو فرمێسکەکانی ئێمەی لەحەوزەکەی خۆیا خنکاند.

نوزە چیە لەگوندەکەمانا نەمابو زۆر زۆر ترسام بێشکەکە تۆزێ داخزابو بەشانمەوە, تەکانێکم پێداو توندم کردەوە.

سەرسامو حەیرانو ماڵوێران سەیری خۆمو سەیری ماڵی چۆڵ وهۆڵم دەکرد, پاشەوپاش گەڕامە دواوە تابچمە مزگەوتەکە وەك پەنایەك داڵدەم بدا, دوایی بیرمکەوتەوە مزگەوت لەگەرمیانا کەی توانیویەتی داڵدەی خەمێ, مەراقێ, فرمێسکێ بدا؟! تائێستا بتوانێ داڵدەی منو ئەم کۆرپە خێرنەدیوە بدات, جگەلەوە بۆچی

داڵدەم بداتو لە چی بمپارێزێ؟! خۆچۆڵەوانیو بێدەنگی خەریکە چاوم دەردێنێ وەك چۆن دیواری دڵو ڕۆحمی پەراش پەراش کردوەو داری بەسەر بەردیەوە نەهێشتوە.

دەرگاو چەپەری هەمو ماڵەکان تاقابونەوەو لەسەرپشتبون, لەپڕ نەمزانی لەکام ماڵەوە بو کەرێك زەڕانی, بەڵام زەڕینی ئەم کەرە لەزەڕینی هەمو کەرەکانی تر جیاواز هاتە گوێم ,ئەوەندە بەقورسی داچڵەکیمو شانم تەکانیدا تەمەن خەبەریبووەوەو زریکاندی زەڕینی کەرەکە کەجۆرێك لەلالاَنەوەی تیابو,لەگەڵ گریانو زریکەی تەمەنی دڵەکەما تێکەڵبونو ئاوەدانیان خستە گوندەکەوە.

ڕو بەئاراستەی دەنگی کەرەکە ڕۆشتم, لەگەوڕی ماڵێکا کەرەکە بەچۆکدا هاتبو بەدیار جاشولکە ساواکەیەوە, کەپێدەچو چەن سەعاتێکی کەمبێ ئەوکۆرپەیەی لێبوبێتەوە, بەڵام جاشولکە ساواکە گیانی دەرچوبو کەرەکەش بەزمان دەیلێسایەوەو خوڕەخوڕ ئاو بەچاویدا دەهاتە خوارەوە.

ئەم گوندە بۆ وایلێهاتوە؟بۆ چۆڵبوە؟دەرگای ئەم مالاَنە بۆهەمویان کراونەتەوە؟

خۆمکرد بەماڵێکی تردا مەشکەیەکی پڕلەدۆ هەڵواسرابو,مەنجەڵێکیش لەبەردەمیدا,بەلای کادێنی ماڵەکەدا هاتمەدەرەوە تێکەڵەیەك لەنوزەو نزا هاتەگوێم





سەرم بۆناو کادێنەکە کێشا,پشیلەیەك خۆی کردبو بە بەچەتر بۆ چوار بەچکەپشیلەی تازەلەدایکبو, هەرچی نزاو نیگەرانیو پاڕانەوە لەدنیاداهەیە بەدوچاوی ئەوپشیلەیەو بەچکەکانیدا دەهاتە خواروجۆگەلەی بەستبو.

باشەئاسمان هەڵیلوشین ئەرزقوتیدان؟ئەگەرئەرز قوتیدابن دەبوائەرزی ئەم دێیە ئێستا قڵیش قڵیش بوبایە,ئەگەر ئاسمان هەڵیلوشیبن دەبوا لەناو یەکێك لەوهەورەچڵکنانەدا ببینرانایە.

ئاخر کێ بڕوام پێدەکات بڵێم:گوندێ جمەی دەهات لەقەرەباڵغیو ئاوەدانی,تاچوم تۆزێ دەسکەنەی نۆکم کردو لە(ئەشکەوتە زریکە) قومێ شیرم دا بەتەمەنو هاتمەوە,گوندەکەمان وەك خۆڵی مردوت کردبێت بەسەریا وایلێهاتبو هەرچی دەرگاو پەنجەرەی ئەم گوندەیە تاقابووەوە تەنیا دەرگاکەی ماڵی خوا خڕ داخرابو.

بەهەڵەداوان ڕووەو ماڵەکەی خۆم چوم, دۆشەکو بالیفو بەتانی هەڵڕژاووکۆنەکراوە لەپشت دیوەکەدا هەروەك خۆی دانرابو, هەڵتروشکامو چنگوپەلو نینۆکەکانم گیرکرد لەنوێنەکان, هێشتا بەرامەو هالاَوی باقی مناڵەکانمو مێردەکەمی لێهەڵدەسا.

هەستامو ڕەوو کەلەگیەکە ڕۆشتم سەیرمکرد شوێنی قۆناغە تفەنگ ساغایی بەدەرگاکەوە نەهێشتبو, ئاڵفی تێکراو بۆمالاَتەکان دەمی لێنەدرابو.

ئاخر خوای گەورە نەئاسەواری لافاوێك بەم گوندەوە دیارە تابڵێم ڕەشوسپی پێکەوە ڕامالًیوە نەڕەشەباو گەردەلولێك هەڵیکردوە,دەنا ئەم خانوانەی وەك هەڵمات خلۆر دەکردەوەو گوندەکەی دەکرد بەلەپی دەست.

شبروشێتو ماڵوێران بەپێخاوسو شینوشەپۆڕو خۆڕنینەوە ئەمپەڕاوپەڕی گوندەکەم دەکرد.

هەمو دەرگاکان کرابونەوە, بەگریانو فوغانەوە خۆم بەهەر ماڵێکدا دەکرد کەس نەیدەوت فەرمو کەس نەیدەوت نەیەیتەوە ژورەوە,کەس نەیدەوت بۆ دەگریت , یان چی دەڵێیتو چی دەکەی؟!

هەموجارێ کەبەناڵەناڵو گریانەوە ئەمپەڕاوپەڕی گوندم دەکرد سەرپۆشەکە لەسەرم دەبووەوە چەنجار سەرپۆشەکەم دەدایەوە بەسەرما گەردەلولێ لەسەرمی ڕادەفڕاندو لەهەمان ئەوشوێنەدا فڕێی دەدا کەجاری یەکەمو دوەمو دەیەم لێیم هەڵدەگرتەوە.

هەربستێکی,هەرکوچکوکەڵەکو ماڵو هەیوانو گەوڕو بانیژەو بزنەڕێیەکی ئەم گوندە,نەم دەتوانی لەچرکەساتێ زیاتر سەیریبکەمو لەسەری ڕابوەستم بۆیە وەك شێتو هاروعوریان هەر بەناو گوندەکەمانا ڕامدەکرد,بەدەم هاواروناڵەوهەنسك وفرمێسکەوە ئاگام لێنەمابو چ کاتێك خەوملێکەوتوە!کەبەیانی خەبەرم بووەوە سەیردەکەم لەحەوشەکەی ماڵی کوێخافارسدا لەناو ئاوو قوڕوشیاکەی حەوشەکەدام, ماندوو ترشاو هەناسەم توند بوبو, تەواوی سەرپۆشەکەم بوبو بە قوڕوشیاکە هەرلەویا توندگوشیمو دامەوە بەسەرمدا.





دەستم بۆ سەروسنگم برد تەماشام کرد شیر لەمەمکەمەوە دێتە خوارەوە یەك قریشکەم کردو بیری کۆرپە خێرنەدیوەکەمم کەوتەوە, وتم دەبێ لەکوێم جێهێشتبێ؟!

من وگوندێکی چۆڵو هۆڵ کەوتمە سۆراغ, تالەگەوڕی ئەوماڵەدا دۆزیمەوە , کە کەرەکە بە دیار جاشولکە ساواکەیەوە کە گیانی دەرچوو بوو دەگریا, کە چووم لانکەو بەرو بێشکەکەم توند لە ئامێز گرتو چاوم فرمێسکی تیا نەما بوو قورگم لافاوێك بوو لە گریان نیوەی لە ئاوو نیوەی لە ئاگر لەولاشەوە سەیرم کرد کەرەکە سەری ناوەتە ناو سەتڵێکی گەورەی ئاوەوە تمەز سەری دەرنەهێناوە تا گیانی دەرچوە .

خێرا بێشکەکەم کرد بە شانمدا , سەر سمێکم دا بەڵام باش بوو نەکەوتم لە دامێنی ئاواییدا دانیشتمو ویستم تۆزێ مەمکە بدەمە ( تەمەن) ئای کوڕی شیرینم چی ببینم !یاخوا دوژمنیشت شتی وا نەبینێت سەری بێشکەم لادا ناو بێشکە خاڵی خاڵی لە منداڵ زریکاندم چۆن زریکەیەك!؟ مەگەر ( ئەشکەوتە زریکە ) وای زریکاندبێ ئیدی هەستم کرد هەردووکمان لەیەك دەچینو بەبێ منداڵ دەزریکێنین .

ئاخر چی لێهات لەم گوندە چۆڵو قاقڕەدا کە تەنیا کەرێکی زیندووی تیا ما بوو ئەویش کە بەیانی سەیرم کرد سەری کرد بوو بە تەنەکە ئاوەکەدا تا گیانی دەرچوو بوو , جگە لەمەش لە ناو کادێنی ماڵێکی تردا پشیلەیەکی تازە زاوو چەند بەچکەیەك مابوون , دەم

چریکاندو پڕ بەگەورەیی‌و سامداری‌و بێ دەنگی ئەو گوندە هاوارم دەکرد تەمەن .. تەمەن . تەم . تە . مەن .

خوا لە ونکردنی مرۆڤ‌و گیاندارو بێ گیانی گوندێکا نەهاتە دەنگ , قابیلە بۆ ونبونی تەمەن بێتە دەنگ !؟ باوەڕ ناکەم بۆیە بە هێنکە هێنك‌و هەناسەی توندەوە ڕوەو گەوڕی ئەو ماڵە چووم کە شەوی ڕابردوو لە تاو گریان‌و هاتو هاوارو ڕاکە ڕاکی خۆم بە ناو گوندەکەدا تەمەنم بەبێشکەوە تیا بە جێهێشتبوو , بەو ئومێدەی بەڵکو لە بێشکەکە کەوتبێتە خوارەوەو لەو بەرە پێ‌و ڕاڕەوو ناو ئاوو شیاکەی گەوڕەدا بیدۆزمەوە , بەڵام نك‌و ناهومێد گەڕامەوە .

بەپەلە بەرەو بێشکەکە ڕامکردەوە وتم نەوەك بێشکەکەشم لێوون ببێت ئیدی حاڵی بووم لەوەی تازە وونبون بەتایبەت وونبونی بەشەر لەم دێیەدا زۆر ئاسانە .

سەرنجدان لە قوڕو شیاکەی چەند جار ووشکەوە بوو بە کراس‌و سەڵتەو کۆڵوانەی بەرم‌و بەرو بێشکەو دەسرازەی منداڵەکەم دا, دەستێکم کەوتە ئەم لام‌و دەستێکم کەوتە ئەو لام .

ئاخر لە گوندێکا من‌و پشیلەیەکی تازە زاو بەچەند بەچکەیەکەوە زیندوو مابووین منداڵێك چی لێهات !؟ خوا هاوار ..........

خێراو بە پەلە سەری بێشکەکەم هەڵدایەوە تۆزێ چاوم هەڵگلۆفی‌و سەیرم کرد ناو بێشکەکە بریسکە بریسك تیشکێکی زەرد پەخشدەکاتەوە بە شەوارە کەوتم ترس‌و لەرز دایگرتم خێرا سەری





بێشکەکەم دادایەوەو کەوتمە سەر ئەژنۆ توند باوەشم کرد بەم لاو لای بێشکەکەدا ئیدی سەرباری ئەو ترس‌و لەرزە لەو گوندە چۆڵەدا ئاهێکم تێ هاتەوەو ووتم کورە ئەوە هیلاکی‌و ماندووی‌و شپرزەی ئەم هەموو کۆستە گەورەیە وا هەست دەکەم تەمەنم لێ ون بوە , دەنا ئەوە نی‌یە تەمەن هەر لە ناو بێشکەکەدایە , جگە لەوە من دڵنیام هێزێکی غەیبی لە رۆحی منداڵدا هەیە کە دەتوانێت بە هەزار شکڵ‌و شێوە خۆی بگۆڕێ جگە لەوە دەتوانێ هەموو شەوێك ناو بێشکەکەی خۆی بە جێ بهێڵێ بڕوات بۆ هەر شوێنێك کە خۆی دەیەوێت.

خەیاڵم لەسەر تەوەری قسەکانی میمکە تاوس ترازاو یەك ڕاست خەیاڵم بۆ دێڕێکی شاعیرێکی هاوڕێم چوو کە دەڵێت منداڵ دەتوانێت شەوانە ناو بێشکەکەی بە جێ بێڵێ‌و بڕوات ناو دەمی ئەستێرەیەکی غەریب‌و دوورە دەست ماچ بکات‌و بێتەوە ناو بێشکەکەی بەبێ ئەوەی دایکی خەبەری بێتەوە .

- ئەڵێ‌ی ڕۆڵە خەیاڵت لای من نەماوە ؟

- ببورە میمکە گیان گوێم لێتە فەرموو قسە بکە .

بۆیە عەقیدەم وا بوو مادەم منداڵ تێکەڵەیەکە لە نوورو فریشتە ئیدی بۆ نابێت کاتێك من سەری بێشکەکە لادەدەم تەمەن وەك پرشنگی خۆرێکی پڕ لە هێزو جوانی خۆی پیشانی من بدات؟

دەنا تەمەن وەك خوا دڵ ڕەق نیە خۆیم لێ بشارێتەوەو هەموو ڕووداوو حەکایەتەکان بەسەر منا جێ بهێڵێ , تەمەن وەك خوا نیە دایکی خۆی بەجێ ناهێڵێ .

- کەباسی تەمەنی دەکردو دەیوت وەك خوا دڵ ڕەق نیەو بەجێم ناهێڵێ ئەوەندە بە کوڵ دەگریا دڵۆپێ فرمێسکی درشت لە چاویەوە پەڕیو کەوتە ناو چاومەوە وەك ئەوەی ئەو دڵۆپە فرمێسکەی میمکە تاوس کلیلی دەرگای تۆفانو لافاوێك بێت بۆیە ڕەهێڵەی تاوە باران لە چاوی منیشەوە هاتە خوارەوە .

من دەگریامو ئەو دەگریا ئەو دەگریاو من دەگریام لە پڕ بەهۆش خۆی هاتەوەو گریانەکەی وەستاندو دەستی لەسەر دەمی من داناو بە دەستەکەی تری هەر بێشکەکەی ڕادەژەندو وتی خوا بمکات بە قوربانت ئیتر مەگری توخوا با تەمەن خەبەری نەبێتەوە .

- کە دەیوت با تەمەن خەبەری نەبێتەوە خەریك بوو دڵم کلۆ کلۆ دەبوو بە خوێنو لە چاومەوە دەهاتە خوار بەڵام دانی سەبرم بەخۆم دا گرتوو ووتم باشە میمکە تاوس گیان دە بەردەوام بە .

- بێشکەکەم دابەشانمداو بەو دەشتە پڕ دڕكو داڵەدا کەوتمە ڕێ , جاری وا هەبوو لە خەیاڵی خۆمدا پڕ دەبووم لەتابووت یەکێکیان مێردەکەمم تێدەکردو یەکێکیان کوڕەکەی ترمو ئەویان کچەکەمو ئەمیان خەجێی دراوسێمان کە کۆنە ڕەفیقی مناڵیم بوو ,کاتێکم دەزانی پردەبووم لەتابوت واخەریکە قەڵەمی ئەژنۆم دەشکێو چیتر ئەم هەمو تابوتەم پێهەڵناگیرێو لەگۆڕستانێکی گەڕۆك دەچم لەپڕ خەیاڵم





شپرزە دەبو بەملاولاداو بەخۆمم دەوت دەك زمانت بەبڕێن چێو خەیاڵت بەقوڕا چێ, ئاخر کێ ئەڵێ خەڵکی ئەم گوندە مردون یان کوژراون؟! کێ ئەڵێ وەك چۆن هەمویان لەپڕ دیارنەمان ئاواش هەمویان دەرناکەونەوە؟!

بێشکەیەك بەشانمەوە بو دڵم وەك گۆزەیەکی لە چەن لاوە درز تێبو وابو جارێك لە هەمو درزەکانیەوە گومانو بێبڕوایی جۆگەلەیان دەبەستو پێیان دەوتم دڵنیابە تەمەن شەوە گوشیو لێیفڕاندی, جارێکی دی لەدرزەکانی دڵمەوە بڕواو دڵنیایی جۆگەلەیان دەبەستو تەمەن لەناو بێشکەدا وەك مانگی چوارده خەرمانەی دەداو میشەی خەوی تەمەن دەتووت خاوکەرە بەگوێمدا زایەڵەی دەبەست لەناو تەپوتۆزی ئەم جۆرە خەیاڵاتانەدا دەگەوزام نوزەیەك لەبێشکەوە هات وەك ئەوەی تەمەن برسی بێتو داوای شیر بکات قەدەرێك لەگوندەکەمان دوورکەوتمەوە بێشکەکەم داناو سەری بێشکەکەم لادا تا شیربدەمە تەمەن دووبارە خۆرێك درەوەشایەوەو داچڵەکیم بەقەدەر ترسی هەموو دونیا ترسامو دەمم نابەبێشکەکەوە تاهێزم تیابوو ماچمکرد.

- ئەی میمکە تاوس گوندەکەتان بۆ نەسوتاوە؟

- کێ بسوتێنێو بۆ بیسوتێنن عەزیزەکەم؟

- چوزانم ئەو کەسەی فووی کرد بەنەفخی سورداو بڕیاریدا حەشرو قیامەت لەم گوندەدا هەستێت.

- وەڵا چی بڵێم کوڕی شیرینم بۆخۆت دەبینی ئەم گوندە جگە لە گڵو خۆڵی زەردو قاوەیی شتاقی تر نابینی ئەم گوندە بەتۆپزی چکێ ژیانمان تیا دروستکردبوو ئیدی ئاگر بەردان لەم گوندە هیچ شتێك نیە تیابسوتێ جگە لەئاگرەکە خۆی نەبێت.

- یەکڕاست بیرم بۆئەوەچوو کەمیمکە تاوس جگە لەوەی زۆر راست دەکات خوا ئەم گوندەی لەناو ئەم گڕەو گەرماو مەنجەنیقەدا دروستکردووە گڕەو گەرمای ئەم گوندە هێندە بەکوڵو بەتاوە کەدڵنیام ئەم گوندە لەسەر یەکێك لەچاڵە گەورەکانی دۆزەخ دروستکراوە ئیدی ئاگر تێبەردانی گوندێکی لەم چەشنە جگە لەبێمانایی شتێکی تر نیە.

ئاوو ئارەقو فرمێسك بەدەمو چاوی میمکە تاوسدا قەتارەی بەستبوو چاوەکانی لەگۆمێکی قوڵی خوێن دەچوو کەوا مەزەنەم دەکرد هەزاران گۆزەڵە خوێن لەوچاوانەی هەڵئەگۆزی هەر تەواو ناوبێت, میمی چووە سەر سکەی باسەکەی.

- بەناچاریو دڵی شکاوو سکی سوتاوەوە پشتمکردە ئاواییو رۆشتم بەڵام نەمدەزانی روو لەکوێ دەکەم تازە شوێنێك نەمابوو لەم ژێر ئاسمانەدا رووی تێبکەم لەئاوێکی بریندارو شەکەتو خوێناوی دەچووم بەهیچ ئەرزێکەوە زەرد نەدەبووم تەنیا رۆشنایی دنیاو قیامەتم ئێتاشی لەگەڵدابێت ئەم بێشکەیەبوو.

دنیاو بنیام تەیکردوو دەیان شەوم لەسەر تەنوورو کەلاوەو کۆڵاَنو بەر دوکانە داخراوەکاندا رۆژکردەوە بەردەوام گوێم لەقسەی سەیرو





سەمەرە دەبوو پێیان دەوتم ئەوە تاوسە شێتە یەکێك تر بەلامدا دەهاتو دەیوت وەی داخی گرانم بەخوا رەنگە ئەو منداڵە لەو بێشکەیەدا رەق بوبێتەوە یان لەبرسا مردبێت یان جار جار پیاوی ئەفەندی عەینەك لەچاویش بەلامدا دەهاتنو دەیانووت ئەم دیمەنە ناشرینانە تەواو سیمای شاریان تێکداوەو شارستانیەتی ئەم شارەیان لەکەدارکردووە.

هەرزەکاری وام لەبازارو دوکانەکاندا تووشدەبوو کەقەشمەریان پێدەکردمو دەیانویست پەلاماری بێشکەکەم بدەنو سەری هەڵبدەنەوە منیش تەواو کافر دەبووم تاهێزم تیابوو دەمقریشکاندو بەجنێوو بەردباران راوم دەنان گوێم لەپیاوی ئیختیاریش بوو دەیانووت خوا بتان گرێ بۆچی واز لەو زەعیفە شێتو ماڵوێرانە ناهێنن چیتان لەخۆییو بێشکەکەی دەوێت خوا بەدەردی ئەم ژنەتان ببات.

ئەوەتا ئیدی دوای ئەوەی تەواوی تەمەنی گەنجیم بەرۆشتنو راکردن لەدەستی خەڵك سەرفکرد ئێستا هاتوومەتەوە هەمان گوندە کاولبووەکەی خۆمان لەهەمان گەوڕی ئەو ماڵەدا دانیشتووم کەنزیکەی حەڤدە ساڵ لەمەوبەر کۆرپە شیرینەکەمم تیا ونکرد ئێستا دەبینی جگە لەمنو ئەم بێشکەیە شتاقێ زیندوو گیانلەبەرو بێ گیانی تیانەماوە بەڵام بەخوا لێت ناشارمەوە تەنیا سەبوریو تەسەلایەك کەمیوانی رۆحمە ئەم بێشکەیەیە حەڤدە هەژدە ساڵە ئەم بێشکەیە رادەژنمو ئێستاش هەر رایدەژنم من بێتاقەت نابم لەچاوەڕوانی چونکە گەر چاوەڕوانیم لێدابڕی ئەم کۆتەرە دارەش

نامێنمەوە کەوام لەبەرچاوتا هەردەبێت خوا لەم چاوەڕوانیەم بێتاقەت بێتو بێتەدەنگ.

- اللـە اکبـر.. اللـه اکبـر... بـەم ئیقاعـە مـەلای مزگـەوت رایچڵەکاندم شەکەتو ماندوو نائومێدو داهێزراو هەستم دەکرد ناو دەمم تاڵ تاڵە وەك ژەهری مار زمانم ببوە پەلاسو لکابوو بەئاسمانەی دەممدا ئەریٚ من چی دەکەم؟! سوچی پەردەکەم لاداو سەیرمکرد دنیا بەئاستەم روناکی تێکەوتبوو دەفتەرەکەم داناو پەلم کوتا بۆ پاکەتوشقارتەکەو سیگارێکم رۆشنکردوو مژێکی قوڵم لێدا وتم بەراستی بێمروەتە ژیان دەنا بەدرێژایی خوێندنەوەی ئەم هەموو کۆستو کارەساتە میمکە تاوس هەر لەچاوەڕوانی هاتنە دەنگی خوادابوو بەڵام ئەم ئاواتەی نەهاتەدی کەچی لەم بەرەبەیانەدا خوا کەوتە هاوارو الله اکبر بۆئەوەی گۆمی زەینو خەیاڵم بشڵەقێنیٚو دامبڕێت لەیادداشتەکانی دۆزەخ.

هەستامە سەرپیٚو دەفتەرەکەم لەپەو روو لەسەر قەروێڵەکەم دانا بەرەو لای ئاوێنەکە چووم تا دەستیٚ بەسەرو قژمدا بهێنم خۆشم پێم سەیربوو نەمدەزانی چی پاڵی پێوەنام بەو تاریكو لێڵی بەرەبەیانە رووەو ئاوێنەکە بڕۆم؟! کەچوومە بەردەم ئاوێنەکە تووشی گەورەترین شۆك بووم کەهەرگیز دیمەنی وام بەچاو نەبینیبوو ریشم تەواو ببووە ماشو برنجی چەند جارێك چاوم هەڵگلۆفیو دەستم گەرچی وەك شەق شەقە دەلەرزی هێنامە بەدەمو چاو ریشمدا چەند جارێك بەسەری پەنجەکانم ریشم راکێشا چونکە تەواو بەگومان بووم ئەمە





ریشی خۆم بێت توند خاولیەکەم خستە دەممەوە هەتا هێزم تیابوو قریشکاندم بەڵام وەك چۆن ئیسفنج ئاو هەڵدەمژێت خاولیەکە هاوارو قیژەو فرمێسکەکانمی هەڵلوشی ئاخر من کوڕێکی حەڤدەساڵ چۆن بەچی لەماوەی تەنیا شەوێکدا ئەم هەرەسی پیرییە هات بەسەرما بەم ریشە ماشو برنجیەوە دەرگای ژورەکەم بترازێنم دایکمو باوکم نامناسنەوە مەگەر بەسیلەی رەحم, کەناسیشمیانەوە دڵنیام یەکسەر دایکم گیانی دەردەچێت.

دەخوای گەورە یارمەتیمبە ئەم پیربوونە سەیرو سەمەرەو بەپەلەیە لەماوەی شەوێکدا لەکوێیەوە بۆتناردم؟

بەڵام واپێدەچێت وەك چۆن بەرامبەر بەو هەموو کوڕازنەوەو مەراقو کارەساتەی میمکە تاوس نەهاتیتە دەنگ بەرامبەر بەم پیربوونە ترسناکەی منیش هەر ئەوەندە دێیتە دەنگ، تۆزێك بەر ئاوێنە لەعنەتیەکەم جێهێشتو دووبارە گۆشەیەك لەپەردەی پەنجەرەکەم لاداو دنیا تەواو روناك ببووەوە بەسەر گەڵای پرتەقاڵی حەوشەکەوە چۆلەکەیەکم بینی ساچمەیەك دابووی لەملیو خوێنیٚ لێدەتکاو دڵۆپ دڵۆپ بەدەمو لێوی گەڵای پرتەقاڵەکەدا دەهاتە خوار بەتووندی پەردەکەم لادایەوەو چەند هەنگاوێك رووەو ئاوێنەکە رۆشتمەوەو بەڵام جەسارەتم نەبوو بچمە بەردەمی بەقەهرەوە رووەو قەرەوێڵەکە رۆشتم هەستم دەکرد یادداشتەکانی دۆزەخ بانگم دەکاتو پێمدەڵێت ئەی ئادەمیە دۆزخیەکە وەرە هەڵمگرەو تەواو بمخوێنەرەوە

لەنیوەی سەفەردا جێم مەهێڵە یان یەکەمجار نەتخوێندمایەتەوە یان دەبێت تەواوم کەیتو هاوسەفەرم بیت.

ئاخر چۆن مرۆڤێکی حەڤدەساڵەی وەك من بەشەوێك ریشی دەبێتە ماشو برنجی ئاخر بەچ پێوەرو یاسایەك؟ ئەم پیربوونەی خۆم چۆن لەدایكو باوكو خەڵكو خوا بگەیەنم ئەی هاوار مێشكم خەریکە ئەتەقێ.

دەنگێك لەدەفتەری یادداشتەکانی دۆزەخەوە بەرزبۆوەو وتی بێخەمبە هەروەك چۆن کەس نەیپرسی کەسیش ناپرسێ حەڤدە هەژدە ساڵە میمکە تاوس بەبێشکەکەی شانیەوەو بۆدەگەڕێی‌و لەچ دەگەڕێ‌و چاوەڕوانی چی دەکات دڵنیابە کەسیش لەم پیربوونەی تۆ ناپرسێ هێزمدا بەرخۆمو روەوەو ئاوێنەکە چوومەوە دەستم هێنا بەریشمدا ئەو مووانەی سپی ببوون رەقتربوون دڵم پڕبوو ئەمجارە بەهێواشی دەستم کرد بەگریان هەردەگریام لەپڕ تەقەی دەرگای ژوورەکە گریانەکەی پێی راگرتم دایکم وتی کوڕم هیوا هەستاوی؟ بەڵێ بەڵێ دایە گیان.

باشە کوڕم ئەمشەو گڵۆپی ژورەکەت هەر دەسوتا؟

- جوابم نەدایەوە بەڵام لەدڵی خۆمدا وتم ئاخر ئەوەی گلۆپو روناکی‌و تروسکایی بێت لەرۆحما نەمابوو لەترسی ئەو هەموو تاریکیەی کەرۆحمی داگیر کردبوو نەمووێرا گڵۆپی ژورەکەم بکوژێنمەوە ئەگینا مرۆڤ تەنیا تروسکایی یەك مۆمی ئومێدی بەسە هەتاهەتایە گڵۆپی ژورەکان دانەگیرسێنێ.





- دەی باشە کوڕم وەرە خێرا نان بخۆو بچۆ بۆ مەکتەب ئەمڕۆ وەك خۆت دەزانی دوا تاقیکردنەوەی کۆتایی ساڵە.

ئەوەتەی هەم جگە لەخەمو مەراق هیچ خێرێکم بۆ دایکم نەبووە ئێستا بەم سەرو سیماو ریشە ماشو برنجیەوە بچمە بەردەمی ئەوا دڵنیام ئەگەر نەمرێت شێتو پەتیارە دەبێت بۆیە خێرا هاتمە جوابو وتم دایە گیان دوێنێ تاقیکردنەوەی ئەمڕۆم کردە ئیجازە تا زیاتر خۆمی بۆ ماندوو بکەم.

- دەباشە کوڕم وەرە بەرچاییەك بکە.

- دایە گیان دڵم هیچ نابات ئێوە نانی خۆتان بخۆن من تۆزێ خۆم دەخلافێنم بەکتێبو قەڵەمەوەو دوایش سەرخەوێك دەشکێنم ئای ئەگەر دایکم دەزانێ بەچ موسیبەتێکەوە گیرم خواردووە ئەگەر دەزانێ چۆن پەراش پەراش بووم ئەگەر دەزانێ چۆن دەستو قاچو جەستەم لەسەر زەمینی ئەمماڵەی خۆمان هەڵکەنراوە ئەگەر دەزانێ چۆن یەکپارچە بومەتە خەیاڵو بەردەوام دەبمە سوتە مەرۆ ئەگەر دەزانێ‌و دەمبینێ کەچۆن میمکە تاوسو بێشکەکەی بەتەنیا شەوێ پیریانکردم ئەگەر دایکە کلۆڵەکەم دەزانێ بۆچی خۆم قایمکردووە لەم ژوورەداو نایەمە دەرەوە ئەوا بەدڵنیاییەوە دەبێتە یەکێك لەرەفیقەکانی میمکە تاوس ئەو رەفیقانەی کەشێتو عوریان بەم وڵاتە چەقۆ رێژەدا دەسوڕێنەوە چەند سەیرە دوو دونیای هەتا بڵێی لەیەکتر جیاواز تەنیا دەرگایەکی ئاسنین لەنێوانمانایە بەڵام خەیاڵو بیرکردنەوەکانمان ملیۆنان دەرگاو دیواری لەبەینایە دایکم لەو دیو دەرگاکەوە لەناو

زەمەنی بەیانیەکی دەمو لێو تازە پشکووتدا بەدیار نانی گەرمو چاییو شیرو سفرەی سادەو پڕ لەژیانەوە دانیشتووە بەتۆنی سافو سامالٚی قوڕگی دایکما وادیاربوو ئەم بەیانیە پڕبوو لەژیانو بەئومێدی بەرچاییەکی ئارامەوە دای لەدەرگاکەم.

لەمدیو دەرگاکەو لەژورەکەی منیشدا ژیان لەچۆلەکەیەکی باڵشکاوی کەسیرە کەوتووی ژێر بارانێکی بەخوڕ دەچوو ئەمە جگە لەوەی ژورەکەم پڕبوو لەدوکەڵو گۆڕو بێشکە لەلایەکەوە یادداشتەکانی دۆزەخ بانگی دەکردمو دەیانووت کوڕە بۆ خاتری خوا بەجێمان نەهێڵێت تەواومکەو دوایش بمخنکێنە لەلایەکی ترەوە ئاوێنەکە هاشاوڵی بۆدەهێنام دەیویست برۆمە بەردەمیو تا ئەم پیربوونە سەیرو ترسناکەی خۆم زیاتر ببینم ئیدی زەمەن لەم ژورەدا جیاواز دەگوزەرا نەك جیاواز لەماڵەکەی خۆمدا بەڵکو جیاواز لە زەمەنی هەموو دونیا ئای خوایە تۆ بڕوانە تەنیا بەربەست لەنێوان منو دایکمدا ئەم دەرگایەیە بەڵام سەرنج بدە چ جیاوازییەکی قوڵی کاتو شوێنو خەیاڵو خوتورەو بیرکردنەوە هەیە سەر باری ئەو هەموو شپرزەییەی سەرتاپای گیانمی گرتبۆوە نەمتوانی ئاواتەکەی دایکم بهێنمەدیو دەرگاکە بترازێنم بەڵام دایکم وەك پیشەی هەمیشەیی خۆی کەپرە لەسادەییو ساکاری کۆڵی داو بڕوای هێنا بەوەی تاقیکردنەوەی ئەمڕۆم کردۆتە ئیجازەو لەژورەکەمدا خەریکی سەعیکردنم.





تازە حیکایەتەکانی میمکە تاوس لەملوانکەیەکی زەنگیانە دەچوو, بەڵام لەجێی دەنکە زەنگیانە دەنکە لمی وردو بچوك بچوك بوون بەجێم بهێشتایە ملوانکەکە پژان پژان دەبوو بەناو ژوورەکەمدا ئەو هەموو سکاڵاو گریانو خەمو گلەییانە وەك ئاردی بن دڕکیان لێدەهاتو منیش جگە لەوەی برینی خەمو خەفەت سەرتاپای گیانمیان کرمە رێس کردبوو دەبوومە بێ مروەتترینو ناپیاوترین پیاوی دونیا.

- لارە سێبەری ئێوارە گەڕابۆوە ئەو ماڵو گەورە کوێرەوە بووەی میمکە تاوس تیا چاوەڕوانبوو زەردەپەڕیش وەك چاوی زەردی نەخۆشێك بۆمانی دەڕوانی دەبوا ئیدی گوندەکەمان بەجێبهێشتایە, وتم میمکە تاوس گیان ئاخر چۆن دەکرێت بەم ئێوارەیەو لەم چۆڵی قوڵفەیەدا تۆو بێشکەیەك بەجێبهێڵین؟

- ئای رۆڵە بەخوا وابزانم هەرچی قسەو حاڵو حیکایەتی خۆم بۆ گێڕایتەوە لەگوێی راستتەوە وەرتگرتوو لەگوێی چەپتەوە تێپەڕی ئەگەر وانەبوایە نەتئەوت وەرە لەگەڵما.

- ئیدی دڵنیابووم میمکە تاوس نەلەگەڵم دێتو نەدەتوام زەڕەیەك ئاڕاستەی ژیانی بگۆڕم ئای چەندە دڵشکاوو بریندابوم بەوەی میمکە تاوس پێی وتم: (هەرچیەکەم بۆ گێڕاویتەوە لێی تێنگەیشتووی), ممیی گیان من ئەوکاتە لەتۆ تێگەیشتم کەلەئوتێلەکەدا ئەم قەحبەخانەیەی پێی دەڵێن ژیان خستمە سەر پێڵاوەکانمو تاهێزم تیابوو تێمهەڵدا.

جانتاو قەڵەمو کاغەزەکانم کۆکردەوەو بەرەو لای شۆفێرەکەمو سەیارەکە هاتمە خوارەوە کەمیمکە تاوسم جێهێشتو خواحافیزیم لێکرد ئەویش بەدەم وەڵامی دامەوە، بەڵام بەچاوەکانیەوە شتی ترم بەدیدەکرد هەستم دەکرد زۆر بێمنەتە بەجێی بێڵمو یەك تۆز چیە چۆڵو هۆڵیو تەنیایی ئەم گوندە نایترسێنێ لەڕێی بریسکە بریسکی چاوەکانیەوە کەهەر دەتگوت دوو گۆمیچکەی ناو خەرابستانێکە پێی دەوتم بڕۆیتو نەرۆیت وەك یەك وایە بمنوسیتەوەو نەمنوسیتەوە ژیان ئیقاعی خۆی تێك نادات بریسکە بریسکی چاوەکانی میمکە تاوس وەك دوو دەستی پۆڵاینی پڕ رەشەبا دوو زللەیان لێدامو ورییایان کردمەوە بەوەی ئێمە مەستین بەوەهمێك ناوی ژیانە هەرکە پشتم کردە میمکە تاوسو بێشکەکەی ئیدی هەستم کرد من تازە کەسێکی ترمو چاوم دەستبەرداری هەموو روانینەکانی تر بووە.

- ئەرێ مامۆستا لەبەیانیەوە سڕبووم لێرە لەبرسا مردم تۆچیتکرد خوا رۆژی کردۆتەوە لەگەڵ ئەم پیرەژنەدا قسەدەکەیت, وا خوا خەریکە رۆژ هەڵدەگرێت تۆ هەر تەواو نەبوویت شۆفێرەکە لەسەر کوچکە بەردێك دانیشتبوو وای پێ وتم.

کەبەرەو رووی چووم بەبێ ئەوەی دەم هەڵبێنمەوە چووم دەرگای سەیارەکەم کردەوەو بەڕوانینێك کەغەزەبی لێئەباری پێم وت وەرە سەرکەوەو سەیارەکە بئاژوو دیاربوو شۆفێرەکەم لەبێتاقەتیو توڕەیم حاڵی بووبوو بۆیە بەبێ متەق سەرکەوت سولفی لێداو لەچاوی





کوێری گوندەکەو لەچاوی پڕ چاوەڕوانی میمکە تاوسو بێشکەکەی ونبووین.

- لەدوای ئەم دێڕەوە ئیدی نوسراوی ناو یادداشتەکانی دۆزەخ بەشێوازێکی ترو بەجۆرە پێنوسێکی تر نوسرابوون دێڕەکان ماندوویيو بێتاقەتی زیاتری پێوەدیاربوو.

- دوای ئەوەی دوا چۆڕی قاپە ویسکیەکەم هەڵچۆڕاندە ناو پەرداخەکەوە کاتژمێر بووبوو بە دووو چل و شەش دەقەی شەوێکی تابلێی تاریكو بێلەزەت دوا جگەرەشم داگیرساند دوکەڵی جگەرەو دوکەڵی نائومێدیو یەئس لەلوتو دەممەوە دەهاتنەدەر وەك دەڵێن شەشدەری هاتو نەهاتم لێگیرابوو بەدرێژایی ئەو شەوە هەر دەمخواردەوە لەئوتێلەکەدا، بەڵام نەمەست بوومو نەسەرخۆش یەکسەر خەیاڵم بۆلای ئەو قسەیەی میمکە تاوس چوو کە لە وەڵامی ئەو قسەیەی مندا کەوتم میمکە گیان ئەگەر بەگوێ گرتنیش بێت دەمەوێت تۆزێك لەو کۆڵە گرانەت لێبگرم کەوتی کوڕی شیرینم تەواوی تەمەنت بەربادو فەنا دەبێتو ناتوانی بەردێك بخەیتە سەربەردێك تازە کێ دەتوانێ دڵی سوتاو بکاتەوە بەدڵی پێش سوتان, دەفتەرەکەم توند گوشی بەسنگمەوەو بەخاوەنی ئوتێلەکەم وت زۆر گەرمامە بەهەوای سپلێت فێنکم نابێتەوە دەچمە سەربان تۆزێك هەوای دەرەوە هەڵدەمژم لەسەربانەکەوە سەیری ئەو چراخانو جادەو سەیارە رەنگاو رەنگانەم دەکردو دوا دێڕم نوسی کەئەمە بوو ئەم هەموو بێدەنگیو بێ موبالاتیو بێدەسەڵاتیەمان بەجۆرێك لەجۆرەکان

بەشداریکردنە لەو هەموو بێشەرەفیەی دەرهەق میمکە تاوس دەکرێت بۆیە من لەمە زیاتر درێژە بەم بێشەرەفیە نادەم کەپێی دەڵێن ژیان.

- دەفتەری یادداشتەکانی دۆزەخم داخستوو گیانم وەك بی ناو ئاو دەلەرزی نەمدەزانی چی بکەم ئەوا ئەو لەسەربانی ئوتێلەکەوە خۆی هەڵدا خوارەوەو خۆی نەجاتدا، هەرچۆنێك بێت لەسەر قەرەوێڵەکەم هاتمە خوارەوەو سوچێکی پەردەی پەنجەرەکەم لاداو تۆزێك لەو دونیایەم روانی کەرێگایەکی تیانەمابوو بۆ ژیانو پیاسەکردن منیش تاکی پەنجەرەکەم کردەوەو هەتا هێزم تیابوو یەك هۆقە تفم کردە ژیان.

***

# ماچترین مەرگ

# ماچترین مەرگ

شەو تادرەنگانێ لەناو جێگاکەمدا خۆم گرمۆڵە دەکرد تەزوی تۆقێنەر بە گیانمدا دەزولەی دەکرد، هەرچەندە خۆم کۆ دەکردەوە، زیاتر هەڵدەڕژام‌و پژان پژان دەبووم، ئیدی تێگەیشتم، بێ سەمەرەیە ئەم خۆ کۆکردنەوەیەی من چونکە لە ئەزەلەوە بۆ ئەوە خوڵقابووم بڕژێم‌و پژان پژان ببم. دەرمانی وەنەوز لە چاوانم بڕابوو بەناو ژوورەکەمدا بەردەوام دەهاتم‌و دەچووم، نینۆکی پەنجەکانم ئەوندەم کرۆژتبوون تا چووبونە کۆرەما، ئەم نینۆك کرۆژاندنە ئەمخاتەوە بیری منداڵی، هەمیشە بە منداڵیش غایەڵەو ختورە لە دڵمدا بوو، زۆربەی کات نینۆکی پەنجە توتەم لە دەممدا دەکرۆژت چاوم ئەبڵەق دەبوو داڵغەم دەڕۆیشت کاتێکم دەزانی بەزللەیەك باوکم هۆشی دەهێنایەوە بەرم‌و داڵغەکەی هەپرون هەپرون دەکردم‌و دەستی لە دەمم پێ دەردەهێنام‌و منیش هەناسەیەکی قوڵی نیوە ترساوم هەڵدەکێشا ژورێك بەرواڵەت بێ دەنگ‌و چۆڵ، بەڵام لە راستیدا پڕبوو لەکەسو لە روداوو رازو نهێنی، نالی لە پشت مێزەکەمەوە دانیشتبوو ئاگام





لێبوو بێ ئەوەی گوێ بەمن بداتو بۆم بڕوانێ موتالاَی دەکردو جار جار دەستێکی بە ریشیدا دەهێنا. رەفەیەکی چکۆلانەشم بەقەد دیوارەکەوە دروست کردبوو کتێبم تێدا دادەنا، مەحویش لەناو رەفەکەدا، لە وەجدێکی قوڵدابوو، کەمێك لێی نزیك بوومەوەو لێم پرسی: مەولام بۆ ئەوەندە نیگەرانیو بۆ ئەوەندە، بەپەلە دەنوسیتو چی دەنوسی؟ نامەیەکی گرنگو بەپەلە بۆ مەولانا خالیدی نەقشبەندی دەنوسم‌و پێی دەڵێم (من لەتۆ مەنفاویترو لەتۆ دەرکراوتر، لەتۆ غەریبترو لەتۆ تۆ ترم، ئەی ئەو پیاوەی سەر زەمین جێگای تۆی تێدا نەبوەوە، بۆیە دونیاو سەر زەمینت خستە دڵتەوەو دڵیشت دا بە کۆڵی میحنەتاو سەرت هەڵگرت). ئەمە بەشێك لە وەڵامی پرسیارەکەت کە پێت وتم چی دەنوسی؟ پرسیویشتە بۆ نیگەرانی؟ ئەمەیان هەر لێی گەڕێ.. کێ دەتوانێ وەڵام بە نیگەرانی بداتەوە تا من وەڵامت پێ بدەمەوە بەئەدەبەوە پاشەو پاش لەڕەفەی کتێبەکانم کشامەوەو وتم: بمبورە مەولام لەوە سوتماکترو هەلا هەلا بوترو گوناهترم کەبتوانم لێت نزیك ببمەوە, منی بکوژی (شەومەنە), کەی قابیلی ئەوەم هەیە نوری تەجەلای تۆم بەربکەویێ؟!

کات شەوگارێکی درەنگ تاریکی گەمارۆی دنیای دابوو کەون بوبوە جۆلانە هەموو سروشتو سەرلەبەری مردوو زیندووەکان تێیدا وەنەوزی قوڵیان دەدا تەنیا خۆم‌و ئەم ژووره لەعنەتیە نەبێت زیندو بەئاگا دەتووت بەزی مار تکیوەتە چاومانەوە چیدی بەرگەی تەنیایی ژورەکەم نەدەگرت, دەرگاکەم ترازاند بۆ یەکەمجار هەستم

کرد لەبێدەنگیدا جیڕەی دەرگا چەند ترسناکە وردەوردە بەئاڕاستەی باخچەی پشتەوەی حەوشەکەمان ملی ڕێم گرتو کەوتمە ڕۆشتن بەدەم ڕێگەوە کەلە ژورەکەوە بەرێکەوتم بەرەو باخچەکە لەو دالغە سەختو دژوارەدا بووم کەیەکڕاست ڕۆحو جەستەمی کرمە ڕێس کردبوو ئاخر ئەوەچ کارەساتێکە لەکوێوە دەست بەگێڕانەوەی بکەم بوێرم بۆ کێی باس بکەم؟ ئەی هاوار من خۆم بڕوا بەخۆم ناکەم ئاخر کێ بڕوام پێ ئەکات بڵێم:

من کەسێکم کوشت بەماچ نەك بەفیشەك من کەسێکم کوشت بەژەهری عەشق نەك بەچەقۆ من کەسێکم کوشت بەبنێشت نەك بەزنجیر, لەگەرمەی مشتو مڕی ئەم قسانەدا بووم دەرگای جامخانەی سەر باخچەکەم ترازاندو کزەیەکی سارد بەرومدا هات ڕێك لەکزەی ئەو ئێوارەیە دەچوو کە منو (شەومەنە)ی ئازیزم لەتەنیشت یەکەوە دانیشتبوین (شەومەنە) پێی وتم: هەرمێ گیان هەست بەو کزە بایە دەکەیت؟, وا هەست دەکەم هاتووە تاپێمبڵێ ئەم زوڵفە پەشێواوەی هەرمێ بەمن نەبێت دانایەتو ڕێك ناخرێتەوەو پەنجەکانی تۆ لەوە لاوازترە کەبتوانێ شەڕی جوانی ئەو قژە مەلولەت بکات.

ئای شەوە گیان چاك لەیادمە منیش وتم ئاخر زۆر دەترسم قژم بدەمە دەست -با-و پێی وتم شەومەنە گیان لەمنداڵیەوە سوێی ترس لە وژە وژی - با- چۆتە دڵمەوە دوا قسەی تۆش لەسەر - با- لەگەڵ هەڵکردنی هەر کزەیەکدا دێتەوە خەیاڵم کە وتت: هەرمێ گیان ئێمە با لەگەڵ خوێنمانا هەڵی کردووە ئیدی کزەیەك چ





مانایەکی هەیە لەدەرەوە لەزوڵفی تۆو لەدەستو پەنجەی من بدات؟ ئولفەتێکی سەیرم بەباخچەوە گرتبوو بەتایبەت دوای ئەو ڕوداوە تەنیا شتێك توانیبێتم ئەم ڕوداوەی بۆ باس بکەم باخچەکەی ماڵی خۆمان بوو دەستم بەدەسکی جامخانەکەوەو قاچی چەپم پێش خستو چوومە ناو باخچەکەوە چاوێکم گێڕاو بینیم: دڵۆپێ شەونم بەسەر گەڵای دار پرتەقاڵەکەوە نەرم نەرم بەشنەی ئەم سەحەرە دڵتەنگە جۆلانەی دەکرد, دەموت ئێستا نا تۆزێکی تر دەکەوێتە خوارەوە مێشکی دەپژێ.

بومەلێڵی سەحەرێکی ئێجگار دڵتەنگ بوو هەرچی ناوی سەحەر دەبەم ئەو قسەیەی دایکمم بیردەکەوێتەوە کەدەیووت ڕۆڵە سەحەرو بەرەبەیان موبارەکەو مژدەو مزگێنیو هیواو ئاواتی نوێی پێیە ئای دایە گیان کەوانەبوو مەگەر چارە نووسی (شەومەنە)ی دۆستو جوانەمەرگم هێندەی ئەم سەحەرە لێڵو تەنگو تاریك بووبێ!

هەرێزی بەردەم جامخانەکە لەخەوێکی قوڵدا بوو ئەوە یەکەمجار بوو چیمەنی حەوشەکەمان بەو بێ دەنگیە ببینمو لەسەر پشت خەوی لێ کەوتبێ وام هەست دەکرد خودا بۆیە شەوی بەو تاریکیە پڕ لەویقارەوە خولقاندووە تالەسایەیدا چیمەنەکەی ماڵی ئێمە بەو پەڕی ئارامیەوە تیایدا وەنەزو بداتو دوا جار خەوێکی ئەبەدی بخەوێ.

لەژێر دار پرتەقاڵەکەدا دانیشتمو سیگارێکم ڕۆشنکردو مژێکی ئەوەندە قوڵم لێدا بەو ئومێدەی ئەو مژە قوڵە بگاتە سەر سەرەتای ئەو

برینە قوڵو لەکۆتایی نەهاتووەی لەرۆحمدا هەڵدەقوڵێو خوێنی دەدەڵاند.

من ئیدی وازم لەوەهێنابوو قسە بۆ ئینسان بکەم, چونکە باش تێگەیشتبووم مرۆڤ ئەو پەناگەیە نیە رازی دڵتی بۆ باسبکەیتو گرێ کوێرەکانی رۆحتی بۆ بکەیتەوە بۆیە بڕیارمدا لەسەرەتای ئەم بومەلێڵەدا روداوێك دەست پێ بکەمو روداوێکیش دەست پێ بکات.

(شەومەنە) پرتەقاڵی زۆر خۆشدەویستو هەمیشە دەیوت: دیمەنێك نیە لەدنیادا هێندەی ئەو پرتەقاڵە سەرسامو شەیدام بکات کاتێك بەباران دەموچاوی دەشواتو دواتر دڵۆپەکان ئەتکێتە دەمو لێوی گەڵاکانەوەو گەڵاکانیش جۆلانێ بەدڵۆپە بارانەکان دەکەن هێندە جۆلانەیان پێ دەکەن تاخەو دەیان باتەوە, وەك وتم دوای ئەوەی خاترجەم بووم لەوەی کەمرۆڤ لایەقی ئەوەی نیە رازو نهێنی لا ئاشکرا بکەی دوای ئەوەی لەو دونیایەدا دڵێك نەما بۆ دڵنەوایی‌و رۆحێك قاتی بوو بۆ هەڵگرتنی دوو فرمێسکو دوو گوناه ئیدی بڕیارمدا هەرچی هەیەو هەرچی ئەشێ‌و ناشێ بۆ ئاشکرا کردن بیلێم .

ئێوارەیەکی خۆڵاوی لەژوانێکی تەڕو ناسکدا دانیشتبووینو قسەمان دەکردوو پێموت گەرچی زۆر جار لێم پرسیویت بۆچی ناوت شەومەنیە؟ بەڵام هەموو جارێك کە وەڵامت داومەتەوە چێژێکی تازەو تایبەتی تێدابوە ئیدی نازانم ئەو چێژە تازەو تایبەتە پەیوەندی





بەو شێوازە شیرینەی تۆوە هەیە کەلە گێڕانەوەدا هەستی پێ دەکرێت؟ هەرمێ گیان ئەمجارەش پێت دەڵێمو بۆت باس دەکەم.

دایکم هەموو جارێ دەڵێت کەمنداڵ بوویت هەرگیز بەرۆژدا نەدەچوویتە دەرەوەو لەناو منداڵاندا یاریت نەدەکرد لەگەڵ شەو بەسەردا دەهات وڕکت دەگرتو دەگریایت بۆ دەرەوە دەبوایە هەموو شەوێك بچویتایەتە دەرەوە.

دایکم دەیوت زۆربەی شەو کەدەچوویتە دەرەوە پرتەقاڵێکت لەبەردەم کولانەی مریشکەکاندا لەتو پەت دەکرد تا دنیا تاریکترو بێدەنگتر بوایە تۆ زیاتر شەیدای چوونە دەرەوە دەبویت هەمیشە پڕ بەحەوشەو کۆڵان دەتقیژاندو هاوارت دەکردو تریقە تریق پێدەکەنیت ئیتر دایکم دەڵێت باوکت لەمەوە هەربە (شەومەنە) گیان بانگی دەکردیت ئیدی کە گەورەبووم بەزەحمەت بڕوام بەمەکردو ئێستاش هەر بەزەحمەت باوەڕدەکەم بەو ناوەی کەلە تەسکەرەکەمدا هەیە.

- بۆچی لەتەسکەرەدا ناوێکی ترت هەیە؟

- بەڵێ لەتەسکەرەدا ناوم یوسفە.

بەدەم ئەم قسانەوە دەستی کرد بەگیرفانی پانتۆڵەکەیدا هەنارێکی دەرهێناو دایە دەستمو وتی رۆحەکەم ئەم هەنارەم هێناوە بەیەکەوە بیخۆین. بەهەردوو دەستم هەردو دەستی‌و هەنارەکەم توند توند گوشی‌و چاوەکانم لێکناو تێر تێر بۆنم بەدەستو پلو هەنارەکەوە کرد دواتر هەنارەکەم لەتکرد خوێنی هەنارەکە بەدەستو پلمدا

بڵاوبوەوەو لەژێر پەنجە توتەمەوە چۆڕاوگەی بەست, هێواش هێواش هەنارەکەم لەدەستمدا دەنك دەکردو دام دەوەراندە ناو لەپی دەستمەوە.

لەگەڵ داوەراندنی هەناردا جار جار بەدزە نیگایەك سەیری (شەومەنە)م دەکرد دەستی نابووە ژێر چەناگەی‌و بە قوڵی بۆی دەڕوانیم ئای چەندە شاگەشکە دەبووم کەبەو هەموو پەرۆشیەوە دەمبینی بۆم دەڕوانیێ ئیدی گوێلێ هەناری دەنککراوم دەکردە ناودەمی ئەو کوڕەی کەلەتەنیشتمەوە دانیشتبوو هەر دەتووت خەرمانێکە لەمیهرەبانی وای چەندە لەزەت بەخشبوو ئەوکاتەی بەگوێل هەنارەکەم دەکردە دەمیەوە ئەویش دەستی منی لەناو دەمی خۆیدا دەگرتو بەسەری زمان ختوکەی چنگ‌و پلمی دەدا, موچڕکەیەکی دڵتاوێن سەراپای لەشمی دادەگرت. دوای ئەوەی هەنارەکەم داوەراندو خواردمان شەومەنەی جوانتر لەهەنار هەردوو دەستی گرتمو یەك یەك پەنجەکانمو لەپی دەستمی لستەوە بەجۆرێك دەستو پلو پەنجەکانمی لستەوە کە دەوت هەرگیز هەناریان بەرنەکەوتووە ئای چاك چاك بیرمە کاتێ هەنارەکەم دائەوەراندە دەستمەوە جار جارە دەنکێ دووان هەڵدەهاتنو دەکەوتنە خوارەوەو لەبەر چاوم وندەبوون هەرئەوکات خورپەیەك بەدڵمداهات بەڵام نەچوومەوە سەر ئەو خورپەیەو هیچ تەفسیرێکیشم بۆنەکرد دەستم کرد بەجانتاکەمداو دوو بنێشتم دەرهێنا دانەیەکیانم دا بە شەومەنەو ئەوی دیکەشیانم خستە دەمی خۆمەوە نەرمە ئارەقێکی تێکەڵ لەشەرمو حەزو ترس سەراپای لەشمانی داگیرکرد تا دەهات زیاتر لەیەکتر نزیك





دەبووینەوە دەستێکی خستە کەمەرمەوەو پەنجەی شایەتمانی خستە ژێر چەنەمەوەو وردە وردە چەناگەی بەرزکردمەوەو وتی بۆم بڕوانە هەرمێ گیان هەست دەکەم ژیان بەشی ئەوە ناکات تێر تەماشای یەکتر بکەین قوڵ قوڵ بۆم بڕوانە من برینێکم لەقوڵایدا نەبێت نابینرێم منیش چاوم هەڵبڕی لێوی سەرەوەم دەلەرزی لێوە لەرەی خۆشەویستی‌و ترس‌و شەرم نەیدەهێشت قسەبکەم.

وتی هەرمێ گیان هەرمێی رۆح‌و دڵ، تۆ گوڵ نیت تۆ ئاونیت‌و سروشت نیت تۆ هەر-مێ-یت، دەزانی مێ بوون واتە گوڵ‌و ئاوو سروشت‌و ژیان.؟

دوای ئەوەی دەستی لەژێر چەناگەم لابرد پەنجەکانی خستە ناو قژمەوە هێواش هێواش سەری خستە سەر ڕانم‌و سەری منیشی شۆڕکردەوە بەسەر خۆیدا دەمی خستە ناو دەممەوە هێندە بەحەسرەتەوە دەم‌و لێوی یەکدیمان هەڵدەمژی هەردوکمان وەکو پشکۆ سوربووینەوەو داخ بوبوین هێندە بەکوڵ دەم‌و لێومی هەڵدەمژی هەر نەمزانی چۆن بنێشتەکەی دەمم پەڕیوەتە بۆری هەناسەیەوەو ئیدی کاتێکم زانی بێ دەنگی شەمزاو قیامەت‌و حەشر بەخراپترین شێوە فەراهەم بوو شەومەنە سور هەڵگەراو لرخە لرخێکی ترسناکی پێ کەوت‌و شل شل بوو لەسەر رانم‌و خێرا دەستم دایە ژێر شانی‌و بەرزم کردەوە بەڵام بەرزکردنەوەو خنکان‌و رۆح دەرچوونی یەك لەحزەبوو.

- کەم چاوەکانت هەڵگلۆفە ئەی دارپرتەقاڵی هاوڕێ‌و هەڵگرو هەگبەی ئەم مردنە جوان‌و پڕ سامە تۆ هیچت نەبینیووە تەنیا گوێت

رادێراوە تۆ دەستت بەر مەرگ نەکەوتووە, وەك من بەدرێژایی مێژوی پەیوەندیم لەگەڵ شەومەنەدا هەرگیزاو هەرگیز سیماو شکڵو شێوەیم ئەوەندە بەهەیبەتەوە نەبینیبوو کەلەسەر رانەکانم شل بوبو دەوت بەهێی زەردە لێوەکانی تارمایی راموسانەکانی منی پێوە مابوو, ئێستا تێدەگەم ئەوە گەورەیی مەرگە بەتایبەت ئەم جۆرە مەرگانە ویقارو هەیبەتی راستەقینە دەگێڕێتەوە بۆ مرۆڤ.

- باشە باخچەیەك بەم هەموو بچوکیەی خۆیەوە چۆن توانیویەتی ئەم مردنە گەورانە لەخۆیدا بشارێتەوە ئاخر خودایە ئەڵێی منت بۆ ئەوە خولقاندووە تا بمکەیتە ئەو کلیلە سامناکەی کەدەرگای ئەم مردنە ناوازەو جوانو دڵ تاوێنانەم پێ بکەیتەوە چیە؟ خودایە دەڵێی دڵت ئاو ناخواتەوە بەم هەموو تەریکیو تەنیاییو بێ کەسیو بێ پشتو پەناییەی داوتە بەسەرما دەنا ئەوە چ قەدەرێکی بەدە بەم دەمەو عەسرە هاتوومەتە بن ئەم دارپرتەقاڵەو هەروا بەدەم دڵغەو ختورەی سەیرو سەمەرەوە بەپاچە کۆڵەیەك بەربوومەتە سەرسنگو دەوروبەری ئەم دارپرتەقاڵەو دواجار ئەم دەفتەرە زەرد هەڵگەڕاو عەمارەپۆو پوارتکاوە بەدەم پاچە کۆڵەکەمەوە سەر دەردێنێ چەند دێڕێکی کۆتایی ئەم راسپاردەو ئەم نامە درێژو لەخوێنو خۆڵا گەوزاوە مابوو تەواوی بکەم, کەسەرم هەڵبڕی دەمەو مەغریب بوو تاریکی زیاتر بوو لەروناکیو لەبنی پێکەکەشمدا قومێکی باش مابوو جگەرەکەشم کەیەك پارچە بوبوە سوتو لەپاڵ پەرداخەکەدا بڕیارمدا پێش ئەوەی قومی ناو پەرداخەکە چۆڕ بڕ بکەم، کۆتایی ئەم نامە





ترسناکە بخوێنمەوە هەناسەم سوار فرمێسك بەروومەتە زەرد هەڵگەڕاوەکانمدا جۆگەلەی بەستبوو ئیدی لەتێ هەنارم داوەراندو گوشیمە ناو ئەو نیوە پیاڵە ژەهرەوە کەلەژورەکەمدا لەگەڵ خۆمدا هێنابوومە ناو باخچەکەوە.

دوای ئەوەی ئەمانەتی روداوەکانم سپاردە ئەم دار پرتەقاڵە ئەو پیاڵەیەی پڕبوو لەئاوی هەنارو ئاوی چاوم‌و رابردوو ئێستاو روداوو نهێنی فڕم کردوو هەڵمدا!! ئەوەی سەیربوو لەکۆتایی ئەم نامە درێژەدا نوسرابوو:

ئەزانی دارپرتەقاڵی هاوڕێم بۆچی سەرلەبەری ئەم روداوانەم بەنامەیەك بۆنوسیتو رازی نەبووم تەنیا بەدەمی بۆت باسبکەم چونکە دەترسم لەوەی تۆش وەکو مرۆڤ هەوڵی لەبیرکردنی رازو روداو بدەیتو وەکو ئینسان بێ دەربەستانە بەلای هەموو شتێکدا تێ پەڕی.

***

# حەرامترین

# حەرامترین

هەموو جارێ بیرکردنەوە لەو خەیاڵەی کە زۆر جار نەمدەوێرا بۆ خۆشمی باس بکەم، هێندە گرموڵەی دەکردم، ئەوەندەی چنگێکم دەمایەوە لەسەر سیسەمەکەم. هەناسەم سوار دەبوو، ئارەقێکی ساردم دەرئەدا. ئاسمانێکی ساماڵە، شەوێکی ئالودە بە ئاو، ئاوێکی رەش تەنها مردن لە نێو ئەم گۆڕەدا گوێبیستی خوڕەخوڕەیەتی، مردن کۆتایی بەهەموو چیرۆکێ دەهێنێ، مردن سکونێکی ترس ئامێزی تێدایە، مەگەر هەر خوا بزانێ لە پشت ئەو سکونەوە چی هەیەو چی دەگوزەرێ؟

کوڕە رەنگە خواش نەزانێ چی هەیەو چی دەگوزەرێ، دەنا تەنیا جارێ سکونی پشت مردنی پیشان ئەداین، ئەی ئەوە ساڵانێکی زۆرە، بەسەر کوژرانی مندا تێپەڕیوە بۆچی هەموو شەوێ تارمایی ئەم رۆحە بزۆزەم وازم لێناهێنێ؟!





- ئێوارەیەکی ناوەخت وەك هەموو ئێوارە ناوەختەکانیتر، لە داڵانی ماڵە کوێرەوەبووەکەی خۆمدا دانیشتبووم دەمخواردەوە.

ماڵەکەم لەو پەڕی شار بوو، جگە لە تەنیایی کەسی دی هاوسێم نەبوو.

جگەرەیەکم رۆشنکردو یەکەم پێکم ئامادەکرد بۆ هەڵدان، لەو سیحرە تێنەدەگەیشتم، بۆ هێندە ئیشتیای زەیتونم دەکرد بیکەم بە مزە...؟ وام هەستدەکرد زەیتونو حەزرەتی عیسا پەیوەندییەکی قوڵیان بەیەکەوە هەبێت، هەمیشەو ئێستاشی لەگەڵدا بێت، لە خەیاڵگەی خۆمدا وێنای زەیتونم وادەکرد، کە جوانی زەیتون وێنەیەکی کاڵی عیسایە، هەرچەند تێڕادەمام، زەیتون لە دەرختێکی مەلولو بە گلەیی دەچوو وەك چۆن چاوەکانی عیساش پڕبوون لە گلەیی بەرامبەر بە خوداو پێی دەوت "خودایە بۆ بەجێتهێشتم...؟" تارمایی کچێك هاتو دەشتی بەرینی داڵغەمی شەمزاندو گۆمی زەردەپەڕی ئەم ئێوارەیەی شلوێ کردم.

پێکەکەی بەردەمی رشتمو پێی وتم:

- لەدەست جەنازەکەم هەڵهاتووم، مردن کۆتایی بە هەموو شتێ هێنا بە من نەبێت، گۆڕ تۆفانێکە هەموو شتێکی لە گێژەنی خۆیا غەرقکرد تەنیا من نەبێت. تۆ تەنیا ترین پیاوی ئەم شارەیت، نیشتەجێی گوناهێکی لە مەستبوون، دەزانم، رژانی پێکێك لای تۆ رژانی ژیانە بۆ ناو دۆزەخ، بەڵام ئەم ئێوارە پێکێك لە من هەڵدەو مەست ببە، پێکێك لە من هەڵدەو تفی هەموو دنیام تێکە، پێکێك

لەمن هەڵدەو تکایەکم لە مردن بۆ بکە، وەك چۆن لاشەکەمی کوشتو لەدەست ژیان رزگاریکرد، ئاوا ئەم رۆحیانەتە بزۆزەشم رزگار بکاو لە گۆڕێکا ساکنی بکا، با چیتر دەرگا بە تۆو بە پیاوە تەنیاکانی تری دنیا نەگرم.

- رەنگە ئێستە بەخۆت بڵێیت منێك نە کەڵکی کەس دەگرم لە دنیاداو نەکەسێك لەو دونیایەدا بە کەڵکی من دێت، منێکی پەراوێزییو کەنارکەوتووی ئەم شارە، کە هەردەڵێی قاقڕی میهرەبانییە، تارماییەك بەم هەموو ترسەوە تارماییەك بەم هەموو مەلولییەوە، تارماییەك بەم هەموو تاریکییەوە، تارماییەك بەم هەموو فرمێسکەوە، بەم ئێوارە ناوەختەو بەم ئاوابوونە دڵتەنگی گەرچی لێم دەوێو بۆچی پێکەکەی رشتم...؟ سوێندت دەدەم تۆ خوێنی بە ناحەق رژاوی خۆمو تو مەملەکەتی نادیارو غەریبنشینی "شەوە"ی برام، ئەم ئێوارەیە بۆ من بەو گوێم لێگرە، ئەم ئێوارەیە گۆشەیەك لە کۆڵانە پڕ نهێنییەکانی ناو دڵی خۆمو "شەو"ی برامو ماڵەکەمانت بۆ باس دەکەم.

- ئەتوانم بپرسم ناوت چییە...؟

- پێش ئەوەی بکوژرێم ناوم "سێبەر"بو. باوکم قوباد ئاغاو دایکیشم قەمەرنازی ناو بوو.

- "شەوە" ناوێکی سەیرە، من لەناوەکەی دەترسم.





- ئەم قسەیەی تۆ، رێك لەو قسەیەی دایکم دەچێت، کە کاتی خۆی لەگەڵ باوکمدا کردبووی بە دەنگە دەنگو شەڕ، وتبووی شەو تاریکو دڵتەنگەو سەرو نەشەمەی باشی نییە، لەبەرئەوە من رازی نیم کوڕەکەمان ناو بنێی شەوە، بەڵام باوکم وەك چۆن هەمیشە بەگوێی دایکمی نەکردووەو نایکات، وتبووی مادام لە شەودا لەدایك بووە ناوی دەنێم شەوە.

- باشە منێکی نەفرەت لێکراوو عارەقخۆر بە قسەی خەڵکی، ئای چەند لە ناخەوە پێی دەشکام کە پەنجەیان بۆ رادەکێشامو دەیانوت: ئەوە پیاوە عارەقخۆرەکەیە، منێکی سەرکزو جێنشینی قەراغ شارێکی کەڕوکاس دەبێ چ وەڵامێکم پێبێ، بۆ ئەم تارماییەی، کە خوێنی پازدە ساڵ لەمەوبەری لێئەچۆڕێ...؟

تارماییەك وەك خۆی دەیگێڕێتەوە، لەناو دەشتێك لە قەرسیلا کوشتوویانە، دەشتێك ئەسپ بەسوارەوە لە ناویدا ون دەبێت.

منێکی مەی ئالودە پرسیاری سەیرو عەجیبم دەکردو دەموت: بۆچی دەشتێك لە قەرسیل تەنیا یەك چڵیشیان نەهاتە دەنگ بەرامبەر بەم زوڵمە..؟

باشە ئەوا وتمان قەیناکا قەرسیلەو هێشتا زمانی نەپژاوە، تا قسە بکا، ئەدی کاتێ قەرسیل پێگەشتو بووە گوڵە گەنم، بۆچی هەر بێدەنگی هەڵبژاردو ئەم کچەی لە ژێر دەستو پێی باوکیا دەرنەهێنا؟! ئێستاش تارماییەکی پەژموردەو هەڵاتوو دەروازەی ئەم

ئێوارە دڵتەنگەی لێگرتووم‌و دەیەوێ گوێی لێگرم‌و حەکایەتی عەشقێکی حەرامم بۆ باس بکات.

- ماڵی قوباد ئاغا لەناو جەرگەی شارا بوو، باڵەخانەیەکی سێ نهۆم بوو، ماڵێك بوو زیاد لە پێویست دەرگای تیابوو، زیاد لە پێویست پەنجەرەی تیابوو، کەچی زیاد لە پێویست خاڵیی بوو لە ژیان.

لێواری قادرمەکان‌و بەر پەنجەرەکان‌و قەراغی بەلەکۆنەکە پڕبوون لەگوڵە نایلۆنی هەمەچەشن، ئەو گوڵە نایلۆنە دەستەمۆو ملکەچ‌و بێپرسیارانەی، دەمێك بوو دەیانڕوانی بەڵام زۆر دەمێك بوو هەناسەیان لەبەربڕابوو، ئەگەر چی قوباد ئاغا لە تاریکترین شەوی زستانا سێبەری سوار سەیارەکەی کردوو لە نهێنیترین زەمان‌و زەمینەدا لە نێو دەشتێك قەرسیلی بێویژدانا سێبەری بەقەمە لەتوپەت کردو دواتر بردی لە "گردە گولان" کردی بە ژێر خۆڵەوە، بەڵام قوباد ئاغا هەر خۆی بەسەر شۆڕو ئابڕوتکاو دەزانی.

- دایکم تروسکایی شك نەدەبرد، لە ئەرزو ئاسمان دڵی هێندەی تاڵە مویەکی پێوە مابوو، هەرکات داڵغەی ئەم رووداوەی لێئەدا، فرمێسکی گەرم لە چاوانییەوە جۆگەلەی دەبەستو لە چاڵی چەناگەیدا مۆڵی دەخوارد، هەر وەك چۆن ئارەقی ماندوویی‌و غەریبیی‌و دەربەدەری لەهەردوو لاجانگی شەوەوە قەتارەیان دەبەستو لە ژێر چەناگەیەوە دڵۆپ دڵۆپ دەتکا.



حەرامترین.................. چیرۆک

خاتوو قەمەرنازی دایکم دەیوت: خوایە گیان کەس نەبوو ئەم ئەتکە بێنی بەسەریدا ئێمە نەبێ...؟ خوایە گیان چ گوناهێکمان کرد، تاوات لێبەسەرهێناین، خوایە گیان مەگەر گەورەیی تۆ بارتەقای گەورەیی ئەم کارەساتە بێت. ئای کوڕە نۆبەرەکەم، نۆبەرەی شەوێکی هەتا خوا حەزکات تاریك بویت هەر ئەو شەوە باوکت دوای دەنگە دەنگ‌و شەڕێکی زۆر لەگەڵ مندا بڕیاریدا ناوت بنێت شەوە من دڵم داخورپاو تاس بردمیەوە....

دایکم بەدەم کوڵی گریانێکەوە کە دەنگی دەگەییە کەشکەڵانی فەلەك، لەبەر خۆیەوە قسەی بۆخۆی دەکردو بیری ئەو شەوەی کەوتبۆوە، کە سەعات سێ‌و سی‌و پێنج دەقیقەی شەو، باوکم دواجار فیشەکی بردووە پێشەوەو بە قادرمەکانا سەرکەوتبووە سەرەوە، تا بچێ شەوە بکوژێ، بەڵام بە دڵەکوتێ‌و دەردانی چین چین ئارەق‌و لێوە لەرەیەکی زۆرەوە، گەڕابۆوە خوارەوە، دواتر لەسەعات چوارو چل دەقیقەی هەمان شەودا، باوکم ئابڕوی تکاوی پاڵی پێوەناوەو غیرەتی داوەتە بەرخۆی‌و فیشەکی بردۆتە پێشەوەو دەرگای ژوورەکەی شەوەی ترازاندووە. بینیویێتی شەوە دەستی چەپی ناوەتە ژوور سەری‌و نەرمە ئارەقێکی تەنك تەوێڵی گرتووەو لە خەوێکی قوڵدایە.

وای بۆ دایکم بە زەلزەلەی چ گریانێکەوە قسەی بۆ خۆیدەکردو درێژەی دەدایەو دەیوت:

قوباد ئاغا دەستی پڕ دەمانچەی بەرزکردۆتەوە، بەڵام دەستو دڵی بەشێوەیەکی سەرسوڕهێنەر کەوتۆتە لەرزین، تاوای لێهاتووە،

دەمانچەکەی دەستی کەوتۆتە خوارەوەو شەوە بەرزەپێ لە خەو هەستاوەو باوکیشم دەمانچەکەی هەڵگرتۆتەوەو تا هێزی تیابووە یەك هۆقە تفی کردۆتە سەرو چاوی شەوەو چۆتە خوارەوە بۆ ژورەکەی خۆی.

کاتێ دایکم ئەم بەسەرهاتانەی لە هۆڵەکە بۆ خۆی دەگێڕایەوەو دەردەدڵی بۆ ژورێکی چۆڵ دەگێڕایەوە، من لە ژوورەکەی خۆم جگە لەوەی هەموو جەستەم ببووە گوێ بۆ بیستنی قسەکانی دایکم، سەرتاپای گیانم غەرقی ناو ئارەقێکی گەرم ببوو. دڵۆپ دڵۆپ ترسم لێدەچۆڕاو رەنگ‌و روخسارم هێندە بە ترسناکی وێنەی زەعفەران زەرد هەڵگەڕابوو نەمدەوێرا لە ئاوێنەکەشدا سەیری خۆم بکەم.

ئەوە شەوە زانیم شەوەیەك بەو هەموو نازدارییەوە، بەو هەموو خۆشەویستییەوە، ئەمە بەشێکی بەسەرهاتەکەی بێت، کە لە منیان ئاشکرا نەکردووە، واوەیلا بۆ حاڵی من دەبێ من چ چارەنووسێکم هەبێ...؟!

- پێم وانەبوو کەسێك لەو دونیایەدا مابێ، بیری من بکاتو هەست بە وجودم بکات، لەم وڵاتەدا زۆر سانا لە بیر دەکرێیتو کەنارگیر دەکرێی، کەچی ئێستا لە چۆڵترین قەراغەکانی ئەم شارەدا هەڵمدەگرنو دەمبەنە نێو ترسناکترین رووداوو داوەریم پێدەکەن.





- حەز دەکەم چاوی مەخمورتو زەینی غەرقبوی ناو پێکە عارەقەکەی بەردەمت بگوێزمەوە بۆ جوگرافیایەکی ترو زەمەنێکی خۆڵەمێشتر لەم زەمەنەی من قسەی تێدا دەکەم بۆ تۆ.

- باسی جوگرافیاو زەمەنی چی بۆ من دەکەی؟ من دەمێکە دڵم لەم جوگرافیایە هەڵکەنراوەو دەستەمۆی هیچ جوگرافیایەکی دی نابێ. کاتی چی؟! من حەوسەڵەی حورمەت گرتنم نەماوە، لەکات، کە میلی کاتژمێرەکان پێش مردنو دوای مردن، بەیەك ئیقاع بڕۆن ئیدی باسی کاتی چیم بۆ دەکەی؟ ئینسان دەمرێو میلی کاتژمێرەکەش یەك چرکە لە رۆشتنی خۆی دوا ناخات.

- بەهەرحاڵ، تۆ عارەقخواردن فێری ئەم قسانەی کردویت.

- نا، من ئەوکاتە فێری ئەم قسانە بووم، کە زانیم مرۆڤ کائینێکی لە بیرکەرەو لە هەمانکاتدا کائینێکی لە بیرکراویشە. لە بیرکەرە، چونکە تا دواسنوور دڵڕەقو دڕندەیەو هەموو شتێك لەبیر ئەکا، ئەی نابینی چەند بێڕەحمانە لەم ماڵە تەریکو تەنیایەدا لە بیرکراوەو تەنیا هاونشینم مەراقە. ئەوکاتانەش مرۆڤ دەبێتە کائینێکی لە بیرکراو، ئیدی دەبێتە مرۆڤێکی لاوازو بێدەسەڵاتو مەلولو پەراوێزکراو.

- ئەو شەوەم قەت لە بیرناچێتەوە شەوەی برام هێواشتر لەرینەوەی پەڕەی گوڵاڵەیەك، لە ژوورەکەی خۆیەوە کەوتەڕێو دەرگای ژوورەکەی ترازاندم، منیش چەناگەم نابووە سەر ئەژنۆمو

چەند چرکەیەك پێشئەوەی ئەو بێت، دڵم خەبەریدا کەشەوە دێت بۆلام. نزیکبۆوە لێمو لەبەردەممدا هەڵتروشکا.

- شەوە گیان، تۆ دەزانی دەستمان بۆچ ئاگرێك بردووە...؟ دەستمان بۆ خەیاڵێك بردووە کە قابیلی بیرلێکردنەوە نییە.

- دەزانم سێبەر گیان دەزانم، دەستمان بۆ حەرامێك بردووە تەنیا منو تۆ دەتوانین جوانییەکانی ببینین.

- شەوە ئەم سەرکێشییەی منو تۆ هیچ یاسایەکی ئاسمانو زەمین نییە، ئافەرۆزی نەکاتو نەیداتە بەر لەعنەت.

- باشە سێبەر گیان ئەگەر وایە، ئەدی بۆچی گەورەترینو موقەدەسترین کورو کچی خودا، کە "ئادەمو حەوان"و خوشکو برای یەکبوونو یەکیان خۆشویستو نەوەیان خستەوە؟ واتە ئێمە هەموومان نەوەی ئەو دایە حەواو باوە ئادەمەین کە خوشکو برای یەکبوون.

- شەوە گیان، من پێموایە خودا سزای ئەم عەشقە حەرامکراوەی باوە ئادەمو دایە حەوایدا، سزاکەشی ئەوەبوو، کەژیانی پێبەخشین.

- بۆچی بەخشینی ژیان سزایە..؟

- ئەی کە ژیان بوبێتە خاکی حەرامکراو، کەواتە ژیان سزایەکی گەورەیە، بەڵام ئێمە گێلینو پێی نازانین.

ئەمە گفتوگۆی یەکێك لە شەوەکانی ناو ژوورەکەی خۆم بوو لەگەڵ شەوەدا.





- ئەی شەوەی مەعشوقو برات چی بەسەرهات...؟

- رێگەبدە با ئەویشت بۆ باس بکەم، ئەی دۆستی مەی:

منیش لەگەڵ تۆدا لە خاڵێکدا چوونیەکم، منیش زەرد نابم بە جوگرافیایەکەوە، دەناچی لەوە باشتر بوو، لە جوگرافیای گۆڕەکەمدا ساکن بوومایەو ئەم تارماییە ئاشوب گێڕەم وەکو جەستەم کفتو کۆی بنیشتایە؟!

لە یەکێك لەم شەوانەی پێشوتردا، ئەم تارماییەی لەبەردەمتدایە، پەرەوازەی سەرزەمینێکی تربوو. منی هیچ کەس خۆشنەویستوو، منی نەفرەت لێکراو, منێك بەر نەفرەتی دنیاو قیامەت کەوتم تەنیا شەوە نەفرەتی لێنەکردم ئەویش شەوەی جاران نەك شەوەی ئێستا رێم کەوتە سەر زەمینێکی عەجیبو غەریب، کە دواتر شەوە بۆی باسکردم کە ئێرە "نیو دەلهیە".

پیاوێك غەرقی ناو ریشو عەمامە، پیاوێك، بە ئەندازەی گەورەیی دنیا شەکەتی پێوە دیاربوو، لێوەکانی باری غەریبی لێنیشتبوو، پێڵوەکانی زۆر بە قورسی نیشتبوون، لەسەر مقەبایەك پاڵکەوتبوو. باڵی خستبوە ژور سەریو سەتڵێکی بەتاڵو جامێکی پڕ ئاو لەلای سەرییەوە دانرابوون،کە لێی نزیکبومەوە، وام هەستدەکرد رۆحم لە دەمی مارێکدایەو دەکرۆژرێ، ورد دەبومەوە لەم پیاوە، راستتر بڵێم لەم کۆتەرە دارەی لەم بەر دوکانەدا فڕێدراوە.

هـیچ نیـشانەو شـوێنە وارێ لـەم سـیماو روخـسارەدا، کـە لـە باڵەخانەیەکی روخاوو کاول دەچوو نەبوو، تا واملێبکات بڵێم ئەم پیاوە دەناسم، بـەڵام لـەوە تێنـەدەگـەشـتم بـۆچی قـەڵـەمـی ئـەژنـۆم شکابوو نەمـدەتـوانی بـەجێی بێڵم. لـە قـوڵایی ئـەم داڵغانـەدا بـووم، خـەبـەری بووەوەو بە توندی سڵەمییەوەو کشایە دواوە، بـە چیچکانـەوە دانیـشتو بە تورەییەکی ترس ئامێزەوە وتی: بۆچی وازم لێناهێنی، سزا لـەمـە قورستر دەبێ چیبێ؟ کە دەنگی لێبـەرزبۆوە، کە نـەغـمـەی کـەوتـە گوێم، ئیتر دڵنیابووم بۆچی قەڵەمی ئەژنۆم شکاوەو ناتوانم بـەجێی بێڵم. تمەز ئەم پیاوە بە کۆتەرەبووە شەوەیە...!

ئـای دنیـا... ئـەم پیـاوەی ئێـستا دەڵێـی کـەلاوەیـەکـی روخـاوە، رۆژگــارێ خوشــکی خــۆی حــەیرانــی ببــوو. ئــەم دارو پــەردوە روخاوەی،کە بچوکترین شوێنەواری رابردووی پێوە نەماوە، جگـە لـە تۆنی قسەکردنی سەروەختێ شۆڕە لاوێکی بێوێنەبوو، لە جوانیدا.

- چیت لێم دەوێ، مـن پیـاوێکی نـەفـرەت لێکراوم، بـڕۆ سیحرو جادوی ئەم تارماییەت ببە بۆ ساحیرەکان. لێرە گـەڕەکێك هـەیـە پێی دەڵـێن گـەڕەکـی (سـاحیرەکـان) لـەوێ کۆمــەڵێـك خـەڵـك دەژیــنو بڕیاریانداوە، هەرگیز لەو گەڕەکە نەیەنە دەرەوە.

- خـەڵـك ئـەم گـەڕەکـەیـان ناونـاوە گـەڕەکـی رافزییــەکـان، هەندێجاریش پێیان دەڵێن گەڕەکی لەخوا یاخییەکان. مرۆڤـەکانی ئـەم گەڕەکەش، خەڵکی دەرەوەی خۆیان، بەوە تاوانبار دەکەن، کە خـەڵکی تیاترۆخانەیەکن پێی دەڵێن ژیان...





- من دڵنیام تۆ ڕێگەت هەڵەکردووە، دەنا شوێنی تۆ لای ئەوانە بڕۆ چیدی لەمە زیاتر مەمترسێنە، چونکە تۆ تارماییت، تۆ مرۆڤ نیت، بـڕۆ چیت داوە لـە مـن منێکی سـەقـاو، سـەقـاوی بـازاڕەکـانی نیودەلهی.

- کە وتی نیودەلهی موچڕکەیەکی گـەورە، سـەرتاپـای هـەژانـدم بەخۆمم وت خوایە گیان، چی منی گەیاندۆتە ئەم سەرزەمینـە...؟!
دوای ئەوەی هەوڵێکی زۆرمدا، تاخۆم ئارام کردەوە پاشان پێموت:

ناڕێگەم هەڵەنەکردووە ئەو رۆژە ڕێگەمان هەڵەکرد کە شـەپۆلی مەلەوانگەکەی ماڵی باوکمان راپێچی لای یەکی کردینو بڕیارماندا، یـاری بـە ئـاگر بکـەیـن. بڕیارمانـدا، وەك هـەمـوو جارێ خۆت پێت دەوتم: لەدەرەوەی جوانییە جاڕزکەرەکانـەوە دەست لـە جـوانی تربـدەیـن، تووگیـانی ئـەو چڵـە قـەرسیلانەی بـەخـوێنی دەسـتو پـەنجـەی مـن رەنگکران، توو جوانی ئەو شەوانەی کە هەرگیز ناگەڕێنەوە تۆ شـەوە نیت...؟

- ئەوبم یان ئەو نەبم بەچی ئـەچێ..؟ جگـە لـەوە مـن ئینتیمام بۆ هیچ شتێ نەماوە.

- راوەستە را، ئاخر نەمیوانی گەڕەکی ساحیرەکانم، نەبڕیارمـداوە بـێم بـۆ ئـەم شـوێنە، شـوێنو جوگرافیـا لای مـن بێبـەهایـەو هـیچ مانایەکی نییە، بەڵام بۆ کلۆڵی من، گەردەلوولی سزا هێنـاومی بـۆ بـەردەم تـۆ، کـەتـەواو دڵنیـام تـۆ شـەوەی مـەعـشوقمی. مـن سێبەرم سێبەری کچی قوباد ئاغاو خاتو قەمەرناز، ئەو سێبەرەی بڕیارماندا

پێبنێینە سەر زەمینی حەرامەوەو هەرچی سنورو جوگرافیایتر هەیە فەرامۆشی بکەین.

- ئەریَ تۆ خەریکی چ راووڕێوییەکی بۆ منی دەهێنیتەوە؟ من زاکیرەم وەك ئاردی بن دڕکی لێهاتووە تەنیا ئەوە دەزانم ناوی شەوەیەو شەوو ئاوم خۆش دەوێتو لە نیودەلهی واتە لێرە سەقاوم. مـن سیازدە ساڵە سەقاوم کەچی خەڵك تینوێتی ناشکێ.

- باشە بۆچی رێتکەوتۆتە نیودەلهی...؟

- ئەزانی زۆر بێمانایە، بگرە زۆر پوچیشە، بەرامبەر هەر جوڵەو هەنگاوێ "بۆ" یەك قوت بکرێتەوەو پێمانوابێ هەموو پرسیارێ وەڵامی راستو دروست وەردەگرێ، بۆیە منیش زۆر هیچو پوچانە دەڵێم: چوزانم بۆ رێم کەوتۆتە نیودەلهی، من نازانم پێشوتر لەکوێ بووم، ئیدی چۆن دەزانم چۆنو بۆچی هاتومەتە نیودەلهی؟

- چ سەیرو کارەسات بارە.. چەند جار ئەو رۆژەم دەهێنایەوە بەرزەینو خەیاڵی شەوە، کە لە مەلەوانگەکەی خواری خوارەوەی ماڵی خۆمان شەڕە ئاومان دەکرد، باسی ئەوەم بۆ دەکرد کە منو باوکم لەسەر یەك بووینو دایکمو خۆیشی لەسەر یەك بوون، بەڵام ئەوکات شەوە وەك ئاوی بەرەبەیانێکی خۆر لێنەکەوتوو جوان بوو، نەببووە ئەم کۆتەریەی ئێستا لەبەردەممدایە. باسی ئەوەم بۆ دەکرد، کە چۆن شڵپو هوڕی مەلەو قاووقریشکو دەستەو یەخەبوونی ناو شەڕە ئاوەکە تاوی دەسەند.





ئیدی نزیك کەوتنەوەکانی قوباد ئاغای باوکمانو خاتو قەمەرنازی دایکمان تادەهات زیاتردەبوو. ئەو چرکەیەم بە بیر شەوە دەهێنایەوە، کە باوكو دایکمان لە مەلەوانگەکەدا دەستیان بۆ ئەو شوێنانەی یەکتر دەبرد، کە نەدەشیا لەبەرچاوی ئێمە دەستی بۆ ببەن.

وای چەند هەوڵمدا، بۆ یەك چرکە شەوە بکەمەوە، بە شەوەی ناو مەلەوانکەگەو ئەو ساتە بێنمەوە بیری کە لەناو ئەو شڵپو هوڕو راکەڕاکەدا، بۆ یەکەمجار دەستی بەر شلکەی رانم کەوت.. ئەودەست بەرکەوتنەی بۆ یەکەمجار دەرگای یەکترناسینو یەکتر خۆشویستنی لێکردینەوە، ئێستاش دوای ئەو ماوە زۆرەی لەیەك ون بوین یەکترمان بینییەوە. بەڵام ئەم یەکتربینینەوەیە، لێکتر ونبوونێکی تربوو.

ئەو شەوانەم دەهێنایەوە بەر زەینی شەوە، کە جگە لە تاریکی کەسێکیتر شایەتی ئەو رۆژانە نەبوو، ژوانی ئەو شەوانەی هەموو شتێ تیایا حەرام بوو بێدەنگی حەرامو هەوا حەرامو تاریکیو دارو پەردوی ژوورەکەش حەرام بوو، تەنانەت خوداش سێبەرێکی حەرامبوو. بەدیواری پشت سیسەمەکەوە، بەڵام هەموو ئەم حەرامانە لای هەردووکمان پێیان دەوترا جوانییە حەرامەکان، جوانییە بیرلێنەکراوەکان، جوانییە مەرگهێنەرەکان. من تێناگەم بۆچی نیوەی عومری ژوانەکانمان تەرخان بوو بۆ باسکردنی چرکەساتی بەریەککەوتنمان لە نێو مەلەوانگەکەدا؟ چرکەساتێك کە هەموو جارێك شەوە دەیوت:

- سێبەر گیان دەترسم بمرمو نەتوانم پڕ بەدڵی خۆم باسی ئەو چرکەساتە بکەم، کە دەستم بەرشلکەی رانت کەوت، ئەو چرکەیەی کە هەر پێنج پەنجەی دەستی چەپم دەتوت ئاوێکی رێبوارەو دەڕژێتە نێو زەوییەکی شەکەتەوە کە تینوێتی شەقار شەقاری کردوە. سێبەر گیان رەنگە پێم بڵێی دەتوخوا ئەوەندە کات بەم قسانەوە مەکوژە، دەزانم دەڵێی چی..! هانێ ئەمجارەیان هەر پێنج پەنجەی دەستی راستت هەڵڕژە نێو رانمەوە.

- نانا عەزیزم نا، مەبەستی من تەنیا ئەوە نییە کەتۆ بیری لێدەکەیتەوە، مەبەستم ئەوەیە پێت بڵێم، لە پشت پەنجە داگیرساوەکانمەوە، ئەو پەنجانەی ئاگرێکی حەرامو نەفرەتێکی جوانو نورێکی قاچاغ دایانگیرساند، بەڵێ لە پشت ئەو پەنجانەمەوە عەشقێك قوڵپ ئەدا، عەشقێك هەنسك ئەداو عەشقێك گیان ئەدا.

سەیرە مێژوویەکی درێژە لەیەك ون بووین، هەریەکەمان لە مەملەکەتێکی دوورو جیاواز لە یەکتر، دەبێ چ هێزێك منی هێنابێتە بەردەم ئەم پیاوە بەکۆتەرەبووەی تەنیا منو خوا دەزانین، ئەمە شەوەی برای منالێو مەعشوقی گەورەییمە.

گرنگ نییە گوێم بۆ ئەگری یان نا، گرنگ ئەوەیە من قسەت بۆ دەکەم. رۆژگارێ بوو تۆ تێر نەدەبوویت لە قسەکردن بۆ منو منیش تێر نەدەبووم لە بێدەنگی بەرامبەر تۆ، ئێستاش دوای کوژرانم بومەتە تارماییەکی زمانپژاو.





دوای کوژرانم قاچە گلۆڵەبووەکانم چاکبونەتەوەو شەوێك لە گۆڕەکەمدا ئارام ناگرم. دەبێ کێ ئەم قودرەتەی دابێتە ئەم تارماییەمو زۆربەی شەوان لە جەستەکەم هەڵبێو حەکایەت بگێڕێتەوە. دەبێ کێ بێ بەشێوەیەك لە شێوەکان، کوژراوێکی نەفرەتلێکراوی زیندو کردبێتەوەو ئاوا بێتو بگەڕێتو لە شەقەی باڵبدات؟

ئەگەر ئەو هێزە خودایە، ئەو هێزە هەرکەسو شتێکە، بۆ دەتوانیت مردویەك لە گۆڕا هەڵسێنیتەوە ئەدی بۆ ناتوانیت زیندویەك بێنیتە قسە؟

ئەی ئەو هێزە پەنهانەی نازانم ناوت بنێم چی، دە زاکیرەی ئەم پیاوە بە کۆتەرەبووەی رۆژگارێ، تاقانەترین مەعشوقی من بوو، جەمو جۆر بکەو بۆ چەند ساتێ بۆم بکەرەوە بە شەوەکەی جاران. ئەی هێزی پەنهان بۆتۆ چی تێدەچێ، شەوە بمناسێتەوەو بزانێ من سێبەری عاشقیم، ئاخر چۆن ئەبێ شەوەیەك لەگەڵ مندا خوێناویترین جوانیو حەرامترین عەشقمان بەیەکەوە تۆمار کردبێت بەڵام ئێستە نەمناسێتەوە...!؟

وای چ کارەساتێکە منی تارماییو شەوەی کەنەفتو بەکۆتەرەبووی مەعشوقم چەند هەنگاوێ لەیەك دورین کەچی بەشێوەیەك لێك بزربووین، مەودای نێوانمان ئاسمانو رێسمانە.

هەمووجارێ پێی دەوتم:

- سێبەر گیان بەرگەی ئەم هەموو بێدەنگیەت ناگرم، من سەحرایەکم لە تەنیاییو تۆش سەحرایەك لە بێدەنگیم ئەدەیتێ، ئاخر چۆن لە تینوانا نامرم؟

لە ژوانە پەشمەکییەکانی بەیەکەوە بوونماندا دەیوت: سێبەر هەموو جارێ کەدەتبینم، شۆکێك لێمئەدا شۆکێك تامردن لەکۆڵم نابێتەوە.

- هەر کەباسی مردنی دەکرد پێم دەوت، نا هەرگیز عەشقێك بەم هەموو گەورەییەوە بەمردن کۆتایی نایەت، بەڵکو گەورەیی ئەم جۆرە عەشقانە تەنیا بەکوژران دەگاتە پایەی کەماڵ، پاشان دەمرن، شەوە گیان هەستدەکەم دەشتێکی بەپیتم لە چەقۆ، پەرێزێکم خوێن ئەڵقاوئەڵقی گرتووم.

مردنی ئاسایی دەستو پەنجەی نەرمکردوو نەرمیش ئەکات لەگەڵ مرۆڤی ئاساییو عەشقی ئاساییو خەیاڵی ئاسایی. هەموو شتە حەرامەکان نائاساییین، عیشقی حەرامو جوانی حەرامو ئەندێشەی حەرامو یان خەیالگەی لێوڕێژو بیرلێنەکراوەی حەرام، بەڵێ ئەی دۆستی مەی، هەموو ئەم حەرامانە، دەبێ ئەم کوژرانە نائاساییەی منی لێبکەوێتەوە. ئەوەتا جەستەم تارومارکراوە، لە گۆڕداو رۆحم هەموو شەوێ گۆڕبەدەر ئەکرێ. کوشتن لاشەکەمی دەستەمۆی قەمەیەکی ترسنۆك کرد، ئای لە شەوقو شەبەقی ئەو قەمەیەی دەستی باوکم، دەتوت پڵنگەو نیشتۆتە مل ئاسکێکی هیلاكو تاقو





تەنیا بریسکە بریسکی ئەو قەمەیە، ئێستاش کە بیری لێدەکەمەوە بەشەوارەم دەخا.

- تاریکی شەو بە ئەندازەیەك چڕە، تازە پێناچێ رەشی ئەم شەوە کاڵ بێتەوە، من دڵنیام تاریکیو ئەنگوستە چاوی ئەم شەوە، رێی لێ هەڵە کردوویت، دەتەوێ بەم قسە ئاڵۆزو بڵۆزە زۆرانەت، سەرەداوی کام گلۆڵەی ئاڵۆزکاوی یادەوەریت، لەمندا بدۆزیتەوە...؟ من خاڵیم لە شوێن، خاڵیم لە کات، تارماییەکی وەکو تۆ چ زیادەیەك دەخاتە سەر ژیانی من، لە کاتێکا هەموو شتێ بەزیادە دەزانم.

- من ئەو رۆژە زانیم، ژیان لە گونێکی قوڕ دەچێو مانو نەمانی وەك یەکە، بە رێکەوت رێم کەوتە گەڕەکی ساحیرەکانەوە، ئەو ساحیرانەی خەڵك لێیان دەترسنو نەفرەتیشیان لێدەکەن. تانەچیتە ئەوگەڕەکەنازانیت چ خەبەرە، بینیم ژنێك پەنجەی خوێناوی پیاوێکی دەمژیو دەگریاو دەیوت: هەر مژینی پەنجەی خوێناویم تاقینەکردۆتەوە، با ئەویش تاقیبکەمەوەو ئەزموونەکانم لەسەر پوچی ژیان دەوڵەمەندتر بکەم.

ژنێکیتر لەولاترەوە دەیوت: ئەم زەرکدانە لە خۆمان، ئەم خەنجەر داکوتینە بەتەواوی لەشو لارماندا، لای خەڵك بوێریو یاخیبوونو ئازاییە، بەڵام لە راستیدا هەموو ئەو بوێریو دەست لەخۆ بەردانانە لە نائومێدییەکی قوڵەوە سەرچاوەی گرتووە، ئازاترین کەسمان نائومێدترینمانە. ئێمە چاك تێگەیشتووین، جگە لەم تیاترۆ خانەیە کە پێی دەڵێن (ژیان) شتێکی تر نییە. - بڕۆ بۆلای ئەوانو ئەم

حیکایەتانەیان بۆ باس بکە تازە چۆن ئەم حیکایەتانە لە مندا سەوز ئەبێ؟ منێك لەناوەوە جگە لە بەردەڵان هیچی دی نیم.

- تۆ ناتەوێ بۆ چرکەیەك عەقڵ بێنیتەوە بەر خۆت دەنا رێم هەڵە نەکردووە بۆلای تۆ هاتووم.

- ئۆف چ گەمژەییەکی گەورەیە، وابزانین ئەقڵ دەتوانێ هەموو شتێ تەفسیرو شەنو کەو بکات. من نازانم چۆن رێم کەوتۆتە نیودەلهی، بەڵام تەنیا تۆزێ بەوە دڵخۆشم، کە خەڵکی ئەم شارە زۆربەیان پێیان چزاوە، بە پشکۆکانی ئەقڵو لۆژیکدا. ئێرە شاری شتە سەیرو سەمەرەکانە، زۆربەی خەڵکی ئەم شارە، گەیشتونەتە ئەو قەناعەتەی ئەقڵ ناتوانێ تەفسیری هەموو شتێ بکا. ئەوە ئەو تەنیا خاڵەیە منی زەرد کردووە بەم مەملەکەتەوە، ئیدی کە ئەقڵ هێندە زەلیلو زەبوون بێت، داوای ئەقڵو هۆشی چیم لێدەکەی؟

- حەزدەکەم تۆزێ زیاتر باسی گەڕەکی ساحیرەکانم بۆ بکەی.

بەڵام ئەی دۆستی مەی کاتێ ئەم داوایەم ئاڕاستەی شەوە کرد، مەبەستی سەرەکی من کەمتر باسکردنی سیحرو جادوبوو، بەڵکو دەمویست لە رێی نەغمەی دەنگیو بۆنی جەستەییو هاڵاوی قوڕگی برینداریییەوە، کەمێك تەسەللا بە رۆحم بگات، لەوەش زیاتر هەندێجار دەمویست بە ئەندازەی ئاشناییم بە نەغمەی قوڕگی، توند بیگوشم بە خۆمەوە، بەڵام ئەو هەمیشە لێم دەسڵەمییەوەو وەك پێویست نەیدەوێرا لێم نزیکبێتەوە. زۆر هەوڵمدا بۆ ساتێکیش بێت، بیکەمەوە بەو شەوەی دەیانجار لەسەر سینەم خەوی لێدەکەوت.





گەرچی زۆر دەشترسام لەوەی نەخۆشی کوشندەی "لەبیرچوونەوە" بۆ ساتێك بەرۆکی بەربداو ببێتەوە بەشەوەی جاران، چونکە دڵنیا بووم گڕکانی یادەوەری دەیکردە خۆڵەمێشو هەلا هەلای دەکرد. وای تالان بە رۆحم، وای تالان بە ماڵم، بۆ ئەم قەدەرەی من پێوەی گیرۆدەبووم، نەمدەزانی چیبکەم لەنێوان دووشەوەی جیاواز لە یەکتر، شەوەیەکی کەنەفتو فڕێدراوی قەراغ شۆستەی بەر دوکانێك، شەوەیەك زریانی لە بیرچوونەوە تەنیا چڵێك یادەوەریو رابوردوویان لە خەیاڵگەیدا نەیهێشتووە، شەوەیەك بە ئامانو زەمان یەك قسەی من قبوڵ ناکات، شەوەیەك دەڵێی پیاوی سەرزەمینێکی ترە، شەوەیەك، تا دوائەندازە لێم دەسڵەمێتەوەو بە بەڵای ناگەهانم دەزانێ. هەرچەند لێی ورد دەبوومەوە، چاوەکانی شەوە تارمایی ترسێك تێیدا دەهاتو دەچوو، رێك ئەو شەوانەم بیردەکەوتەوە کەپێی دەوتم:

- سێبەر گیان ئارامبەخشترینو دڵنیاترین جێگە لە دنیادا بۆ من باوەشی تۆیە، دەك خوا بمکات بە قوربانی باوەشی تۆ.

- ئەو چاوانەی ئێستا لە بەردەممدا پڕپڕە لە پیریو ترسو دڵەڕاوکێ، رۆژگارێ هەمان ئەم چاوانە دەشتێ بوو، لە دڵنیاییو تەسەللاو ئومێدو هیواو ئیرادە، هاوزەمان لە نێو تۆنی قسەکردنو نەغمەی دەنگو ئاوازی گفتوگۆکانیدا شەوەکەی جارانی خۆمم دەبینی، شۆڕەلاوەکەی جارانی خۆم. بەڵام ئەمجارە نایەتە سەر

سینەم بەڵکو لە ڕێی تۆنی قوڕگییەوە سەرتاپای ئەم تارماییەم پڕدەکات لە گریانو لە وردە شوشەی رابردوو.

دەردی بێدەرمانی لە بیرچوونەوە تەواوی جەستەو یادەوەریو خەیاڵدانی شەوەیان داگیرو تەفروتونا کردبوو.

- سەیرە ئەم پیاوە بەڕادەیەکی ترسناك ونبووە.

چ کافرانە تالآنکراوە...!

- زۆرجار کە سنو کوللە دەدەن بەسەر پەڵەیەك گەنمدا، لێرەو لەوێ دانە دانە گوڵە گەنم قوتار دەبن، بەڵام ئافاتی لە بیرچوونەوە تەنیا چڵێك لە رابردوو، چڵێك لە یادەوەرییان لە خەیاڵگەی شەوەدا نەهێشتبوو. ئەم ئافاتی بزربوونە کونو کەلەبەری شەوە گەڕاوەو هەرچی ویستووە کردویەتی، بەڵام زۆر سەیرە، ئافاتی لە بیرچوونەوە رێی نەکەوتۆتە قوڕگی شەوەوەو نەیتوانیوە زەفەر بەژێیەکانی قوڕگیو نەغمەی دەنگی بەرێت. دەنگی قسەکردنیو تۆنی قوڕگی، هەمان دەنگو تۆنی جاری جاران بوو. ئیدی من لە نێوان جەستەیەکی کەنەفتو تاخوا حەزکات نامۆو نەنناس بەخۆم، لەلایەکو دەنگو سەداو قوڕگێك، کە تاخوا حەزکات ئاشنایە پێم، لەلایەکی دی، نەمدەزانی چی بکەم؟! هێندە ئاشنابووم بە دەنگی لەگەڵ هەردەم جولآندنێکیا برینێك تیاما قوڵپی ئەدا.

کورە رەنگە خوا ئەوی خۆشویستبێ، بۆیە بەتەواوی هەموو شتێکی لە بیربردبۆوەو هیچ دەربەستی مێژوو رابردو نەبوو. منێکی





تارمایی قسەم لەگەڵ دوو شەوەدا دەکرد کە جیاوازی نێوانیان هێندەی جیاوازی مەودای ئاسمانو رێسمان بوو.

- چێژو ئەشکەنجەیەکی لێوانڕێژ ئەڵقاو ئەڵق دەوریان دابووم ئەشکەنجەیەك هەموو جارێ دەیکردمە خۆڵەمێش، کاتێ دەیوت:

- برۆ تۆ رێت هەڵە کردووە، چیتداوە لە منو چیت لێم دەوێ؟

- ئەڵماسی ئەم قسانە هەلا هەلایان دەکردمو خەڵتانی خوێنیان دەکردم، بەڵام دەمەکەی تری ئەم ئەڵماسە ژەهراوییە چێژێکی سەیریان تێدابوو، چونکە بە دەنگو تۆنێك دەردەبڕادران، هەمان دەنگو تۆنی شەوەی مەعشوقو شەوەی شەوانی ژوورە حەرامکراوەکەی خۆم بوو، دەنگی شەوەی خەولێکەوتووی سەرسنگم بوو. زۆر گوێم نەئەدا بەوەی چی ئەڵێ، چونکە لای من ئەوە گرنگ بوو، شەوە قسە بکات، تا بتوانم زۆرترین تەسەللا لەرێی دەنگییەوە، بەدەست بنێم. سەرلەبەری ژیانی خوشكو براییمانو تەواوی قۆناغی عاشقو مەعشوقیمان کورت ببۆوە، بۆ ئەوەی یەکلایەنەو تەنیا لە رێی دەنگو قوڕگیەوە بۆ چەند چرکەیەکی کەم بیکەمەوە، بەو شەوەیەی خۆم دەمویست، کە هەرگیز پێی نەگەیشتمەوە.

- بەڕاستی ناوێکی دڵگیرتری لێنام، ئەی تارمایی هەڵاتوو، هەڵاتوو لە دەست گشت شتێ، تەنانەت لەدەست خۆشت، پڕ بەپێستی خۆی بوو، کە بانگت کردم "دۆستی مەی".

لەنێو گێژەنی ئەم ڕووداوانەدا هەموو جەستەم ببوو بە گوێو چرکە چرکەی ئەم روداوە سەیروسەمەرانەی وەردەگرت، پێشتر بڕوام وابوو، عەرەق تەنیا شتێکە دەتوانێ بە کوچەو کۆلانی سەیر سەیدا بمبات. عەرەق خەیاڵی پەرواز دەکردم بۆ ئەو شوێنانەی کە پێش مەستبوون نەمدەتوانیو بگرە نەشمدەوێرا بیریلێبکەمەوە، بەلام ئێستا تێگەیشتم دوای چلو پێنج ساڵ تەمەن ئەمە یەکەمجارە مەست بم، من هەر لە منداڵییەوە مرۆڤێکی کەمدوو گۆشەنشین بووم. کەچی ئەوە تا دوای ئەو هەموو ساڵە لە تەنیایی، ئێستا بومەتە جدیترین گوێگر، گوێگری ئەم تارماییە کە لە ئەرزو ئاسمان رۆشنایی نەماوە جگە لەم ماڵو بەڵەکۆنە تاریکەی من نەبێت.

ئەوەتا قەراغی دیواری نزمی بەڵەکۆنەکە دڵۆپ دڵۆپ رەنگێکی قەترانی لێئەتکێ، تەمەز رەنگی شەوە، شەوگارێکی درەنگ وەخت. شەوگاری درێژو نەبڕاوەی ئەم ماڵە، مەگەر عەرەق بە لوتفو کەرەمی خۆی دەرەقەتی هاتبێ، کەچی ئەوەتا بێئەوەی یەك دڵۆپ عەرەقم خواردبێتەوە ئەم ڕووداوانە بەشێوەیەکی وەها مەستو مەخموریان کردبووم هەست ناکەم شەو لە ئەوجی درەنگیدایە. ئەوەتا شەپۆلی تاریکی هێندە بەرزبۆتەوە دنیای غەرقکردووە، بەشێوەیەك شەپۆلی تاریکی تا لێواری بەڵەکۆنەکەی منیش هاتووە.

- ئەی دۆستی مەی بۆقسەکانت پێبڕیمو دەستت بە قسان کرد؟

- بڕوات بێت تەنیا بۆ ئەوە قسەمکرد، تا پەراوەیەك بەزمانم بکەم، چونکە وام هەستدەکرد بەرامبەر بەو هەموو ڕووداوە سەیرو





سەمەرەیە زمانم شکاوە.ئێستا دڵنیام زمانم نەشکاوە، بۆم تە واو بکەو دەست پێبکەرەوە، تکات لێدەکەم خێراکەو دەست پێبکەرەوە.

- لەبەرئەوەی شەوە زۆری حەزدەکرد بچمە گەڕەکی ساحیرەکان، ئیدی هەر ئەو شەوە لەسەر تەکلیفی شەوە، چومە گەڕەکی ساحیرەکان. گەڕەکی چی خوا هاوارو خوا تۆبە، ئەو گەڕەکە چەند سەیر بوو...

رەنگە بڵێیت بۆچی چوی بۆ گەڕەکی ساحیرەکان؟ خۆتۆ ئیشت بەوێ نییە، راست ئەکەی من ئیشم بەو گەڕەکە نەبوو, بەلام بڕوات بێت هەرگیز حەزم نەکردووەو نەدەکرد، دڵی شەوە بشکێنم، گەرچی شەوە دەیوست لە کۆڵی خۆیم بکاتەوە بەجێی بهێڵم.

گەڕەکێك پڕ پڕ لە مۆمی دانەگیرساو. پیاوێکم بینی لە تەوقی سەریەوە، تا کەڵەموسی پێی سپی سپی بوو، لەنێو چڕستانی ریشو سمێڵیدا، بەحاڵ لێوی دیاربوو، سور وەك فسفۆڕ دەدرەوشایەوە، لەنێو قیامەتی چرچو لۆچی تەویڵیو رووەمەتیدا جوتێ چاوی رەش بریسکە بریسکیان دەهات، دەتوت هەرچی رەشاوی دنیایە تکێنراوەتە نێو پێڵوی ئەم پیرەمێردەوە، زۆر سەیر بوو ئەم پیرەمێردە مانگی لەسەر لەپی دەستی دانابوو پێی دەوت:

- بەبەرچاوتەوە سەرزەمینیان کردۆتە زبڵدان، کەچی تۆ لای سەروت لێگرتووینو هەر تەماشا دەکەیت. سەیری پیسبوونی ئەم هەموو مەخلوقە دەکەیت وەك ئەوەی نە —با—ت دیبێ نەبۆران،

نەتدەزانی ئەی مانگ رۆژێ لە رۆژان ئەکەوێتە خوارەوەو لە نێو لەپی دەستی مندا دەبێتە زەلیلترین کائین..؟

لەو لاترەوە رەوەیەك منداڵم بینی، سپی دەچوونەوە وەك کافور بە دوای یەکدا قەتارەیان بەستبوو، دوای ئەوەی سڵاوم لێکردنو وەڵامیان نەدامەوە، سەرنجمدان تۆپەڵ تۆپەڵ خۆڵو گڵو قوڕیان کۆدەکردەوەو کێلیان لێدروست دەکرد، هەتا چاوبڕی دەکرد هەر کێلت دەبینی... دەمبینی هەر منداڵێ دوای تەواوکردنی هەر کێلێ تریقە تریق پێدەکەنی، دەنگی قاقای هەر منداڵێ لەناو ئەو هەموو کێلەدا دەگەییە کەشکەڵانی فەلەك. لەولاترەوە لە هەرزەکارێکم پرسی، باشە ئەو هەموو مۆمەتان داناوە بۆچی دایناگیرسێنن...؟

- مۆمێك خودا داینەگیرسێنێو گەڕەکەکەمان رووناککاتەوە ئێمە دایگیرسێنین یان داینەگیرسێنین بەچی ئەچێ؟ لەبەرئەوە چاوەڕوانین خودا بەدەستی خۆی مۆمەکان داگیرسێنێ.

- لە هەمووی سەیرتر لەم گەڕەکی ساحیرانەدا قروسکە قروسکی ئەوسەگە بوو، کە لە گۆشەیەکی فەرامۆشکراوا هەڵتروشکابوو. ئەو سەگە خوڕەخوڕ ئاو بە چاویدا دەهاتە خوارەوە، بەجارێ سەرسامو حەیران ببووم بەرامبەر بە گریانی بەکوڵی ئەوسەگە، ئەوگریانە بەکوڵەی لە رۆحی ئەو سەگەوە دەهاتە دەر ئەو شەوەی بیردەخستمەوە، کە باوکم بردمیە ناو پەڵە قەرسیلەکەوەو بەقەمە بێکەسکوژی کردم.





- وا وردە وردە ئاسمان خەریکە دەبێتە کازیوەو شەبەقو تروسکایی تێدەکەوێ، بەردەوام بەو شتی زیاترم بۆ باس بکە.

- گێڕانەوەی هەموو ئەم شتانەو شتی تریش تەنیا دەتوانرێ لە تاریکیدا باس بکرێ. من نامەوێ ئەم رووداوو کارەساتانە، بەژەهری رووناکی دەرمانخوارد بکەم.

هەرچی رووناکی دنیا هەیە ناتوانێ تنۆکێ تاریکی داڵدە بداو بیشارێتەوە.

جوانییەکان لەشەودا لە دایك دەبنو لە شەویشدا گیان دەسپێرن، من تەنیا هاتوومەتەوە پێت بڵێم هیچم حاسڵ نەکردو لە هەموو شتێ نائومێد بووم. نەمتوانی بۆ یەك لەحزە شەوەی کۆتەرەو کەنەفت بکەمەوە بە شەوەکەی جاران، تەنانەت نەشمتوانی وای لێبکەم، تا پێم بڵێ رۆژێ لە رۆژان منو ئەو یەکمان ناسیوەو ناسراوی یەکتر بووین.

ئەی دۆستی مەی، ئەی دۆستی بێدۆستان، دەمەوێ ئێستە پێت بڵێم تەنیاترین تەنیام لە دنیادا، نەفرەتلێکراوترین موعجیزەم، من تارماییەکی سزادراوم من لەمەودوا هاوەڵی —با-مو لەگەڵیا دەڕۆم. حەزدەکەم لێت نەشارنەوە، گەڕەکی ساحیرەکان تا رادەیەك سوکناییو تەسەللایان پێبەخشیم ناشزانم بۆچی تەسەللایان پێبەخشیم.؟

ئێستاش تا رۆژ نەبۆتەوە دەمەوێ بەجێت بهێڵم، چونکە من —لە رۆژدا بوونم نییەو لە رووناکیشدا هیچ مانایەك نابەخشم، تەنانەت سەرابیش نیم. هەستدەکەم شەو دڵۆپێکی بەدەمەوە ماوە ئیزنت

لێدەخوازمو دەڕۆم. داخوا شەوێکیتر نسیبی مەنزڵم کوێ دەبێو درێژەی ئەم رووداوانەو رووداوی تریش لەکوێ باسدەکەمو بۆ کێی باسدەکەم..؟

دوا قسەم بۆتۆ ئەی دۆستی مەی ئەوەیە پێت بڵێم..؟

داوای لێبوردنت لێدەکەم ئەوەی کە پێکەکەم رشتی.

تکات لێدەکەم بمبەخشە.

***



## کتێبەکانی یانەی قەڵەم

| ناوی کتێب | بابەت | نوسەرو وەرگێڕ |
|---|---|---|
| ١ ـ فریوو خۆحەشاردان | چیرۆك | عەتا محەمەد |
| ٢ ـ ئایین (هزر سیاسەت) | سیاسی | یاسین عومەر |
| ٣ ــ بەیەکداکێشانی شارستانێتییەکان | سیاسی | ئاوات ئەحمەد |
| ٤ ــ سوەیلا | رۆمان | شارام قەوامی |
| ٥ ــ رۆژی هاتنەکەی عودەی | چیرۆك | ئاوات عەبدوڵڵا |
| ٦ ــ سیماکانی عەقڵانیەت و | سیاسی | ئاوات ئەحمەد |
| ٧ ــ وەنەوشەکەی چوارشەممان | چیرۆك | شیرین.ك |
| ٨ ــ نەبەهەشت لەسەر زەویدایە | سیاسی | ئومێد عوسمان |
| ٩ ــ فیمینیزم | فکری | عەبدوڵڵا تاهیر بەرزنجی |
| ١٠ ــ لە روانگەی | فکری | ئومێد عوسمان |
| ١١ ــ مندالّباز | رۆمان | فەرهاد پیربالّ |
| ١٢ ــ کیمیاگەرانی وشە | ئەدەبی | یاسین عومەر |
| ١٣ ــ گوزارشتی مۆسیقا | هونەری | حەمە کەریم عارف |
| ١٤ ــ خەمەکانی رۆشنگەری | فکری | ئاوات ئەحمەد |
| ١٥ ــ یەڵماز گۆنەی | هونەری | حەمە کەریم عارف |
| ١٦ ــ هەناسەی پێخەفە | چیرۆك | چنوور سەعیدی |
| ١٧ ــ سادقی هیدایەت | ئەدەبی | حەمە کەریم عارف |

١٨ ــ یادەوەرییەکانی کۆڵانێکی چیرۆك سیامەند هادی
١٩ ــ قالاو یانی قەفەسێکی شیعر کەمال ئەمینی
٢٠ ـ تیانووسی پاشای شیعر یاسین عومەر
٢١ ـ لەسێبەری پرسیاردا دیدار سەمەد ئەحمەد
٢٢ ـ زەمین وەك پرتەقاڵێك شینە شیعر فەرهاد پیربال
٢٣ ـ گێلاسی خوێن رۆمان عەتا محەمەد

نرخ(١٥٠٠) دینار